تیمێکی نوێی سەربازیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە هەولێر دەست بەکار دەبێت

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ژەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5915) سێ شەممە 21ی کانونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

لەدرێژەی هەماهەنگی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو هاوپەیمانان تیمێکی نوێی سەربازیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، لە هەولێر دەست بەکار دەبێت. بەپێی هەواڵێکی مافپەڕی فەرمیی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تیمە کۆن و نوێیەکەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەگەڵ لیوا دلێر میران، بەڕێوەبەری چاکسازیی وەزارەت کۆبوونەتەوە.

تیمە نوێیەکە لەلایەن دوو فەرماندەی ئەڵمانی و ئیتاڵییەوە سەرپەرشتی دەکرێ و ئەرکیان پەیوەندیی سەربازی دەبێ لەنێوان هاوپەیمانان و وەزارەتی پێشمەرگە. ئەو تیمەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ڕۆڵێی بەرچاویان هەبوو لە مەشقکردن بە پێشمەرگە و باشترکردنی کاروبارەکانی وەزارەتی پێشمەرگە.

بیرمەندێکی میسری: عێراق دەوڵەتی کورد و بابلییەکانە

بیرمەندێکی ناوداری میسر و عەرەب ڕایدەگەیەنێت، عێراق دەوڵەتی کورد و بابلییەکانە و ڕەخنە لە ڕێگریکردنی لە سەربەخۆیی کوردستان دەگرێت. سەید قیمنی، بیرمەندی ناسراوی میسری لە بەرنامەیەکی کەناڵێکی وڵاتەکەی، ئاماژەی بە دوورووییی عەرەب لەبارەی سەربەخۆیونی نەتەوە بندەستەکان، کردووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆک و سەرکۆمار و سەرۆکوەزیرانی زیاتر لە 50 دەوڵەت بەشداری لە لووتکەکەدا دەکەن

ئەمڕۆ 50ەمین کۆڕبەندی ئابووری جیهان لە داڤۆس دەست پێ دەکات



ئەمڕۆ سێشەممە 50ەمین کۆڕبەندی ئابووری جیهان لە شارۆچکەی داڤۆس لە سویسرا بە بەشداری سیاسەتمەدارە کاریگەرەکانی جیهان و خاوەنکارانی بەناوبانگ بە ناوی "لایەنەکانی جیهانێکی گونجاو و بەردەوام" دەست پێ دەکات.

50ەمین کۆڕبەندی ئەمساڵ لە 21 تا 24 ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت، بە بەشداری سێ هەزار خاوەنکار، سیاسەتمەدار، مامۆستای زانکۆ و نوێنەرای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی. لە میانی کۆڕبەندەکەدا تاوتوێی چەندین تەوەری جیاواز دەکرێت وەک پێشهاتەکانی جیهان، نایەکسانی داهات، جەمسەرگیری سیاسیی، کێشەی ژینگە و ئاووهەوا، ڕەوشی ئابووری جیهانی، سەرمایەداریی هاوپشکی، گەشەسەندنی بەردەوام، تەکنەلۆجیا، بازرگانی و چوارەمین شۆڕشی پیشەسازی.

لەو میانەیەدا نزیکەی 400 کۆبوونەوەی کراوە و داخراو ئەنجام دەدرێن.

شایانی باسە ئەمە یەکەمجار نییە کە بەڕێوەبەرانی بالای هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس دەکەن. ساڵی 2017 سەرۆک بارزانی بەشداریی لە کۆڕبەندی داڤۆس کرد و لە پانێلێک بەشداربوو؛ ساڵی 2018 نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بەشداریی لە کۆڕبەندی داڤۆس کرد و ئەمساڵ وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆڕبەندەکە دەکات.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

پەرلەمانی کوردستان یاسای چاکسازیی ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێم کرد

لەچوارچێوەی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆ و یاسابەرکارەکان، د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان یاسای چاکسازی لەخانەنشینی و مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تری ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێم کرد.

بەپێی یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2005ی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم (هەموارکراو)، ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند دەکرێن سەرۆکی هەرێم لەماوەی 10 ڕۆژدا لە ڕۆژی دانانییەوە دەریدەچوونێت و مافی ئەوەشی هەیە تانە لە کۆی یاساکە یان لە بەشێکی بدات و ڕەوانەی پەرلەمانی بکاتەوە تا چاوپێداخشاندنەوەی بۆ بکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش وەڵامی مەحموود سەنگاوی دەداتەوە:

جێگەی سەرسوڕمان نییە قاچاخچییەکی ناسراو بەرگری لە تۆڕی مافیا بکات و لەسەریان بێتە دەنگ

دوێنێ دووشەممە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش لە ڕاگەیەندراوێکدا بە تونديی وەڵامی مەحموود سەنگاوی دایەوە و ڕایگەیاندووە کە "چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا، مەحموود سەنگاوی بە شێوەیەکی ناڕەوا و بە ئاستێکی نزمی وەک خۆی پەلاماری هێزەکانی ئاسایشی دا و ناماقوڵی زۆری دەرهەق بە دڵسۆزان و ڕۆڵەکانی ئەم گەلە و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە". **(دەقی وەڵامەکەی ئاسایش- هەولێر لە ل2 بخوێنەوە)**

4 دەنگۆی سازکردنی کۆنگرەیەک بۆ دابەشکردنی عێراق بڵاو دەبێتەوە

عێراق.. هێزە ئەمنییەکان بە زەبری هێز بڵاوە بە خۆپیشاندەرانی بەغدا دەکەن

نەتەوە یەکگرتووەکان: سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان هەرگیز مایەی قبوڵکردن نییە و دەبێت ڕێگری لێ بکرێت

دوێنێ دووشەممە سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانی ناوەڕاستی بەغدا، دوو خۆپیشاندەر کوژراون و 60 خۆپیشاندەر و پێنج کارمەندی ئەمنی بریندار بوون.

سەرچاوەکە لە لێدوانێکدا گوتی: لە بەیانی دوێنێوە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا لە گۆڕەپانەکانی تەحریر، تەیەران، گەیلانی و پردی محەمەد قاسم ناوەڕاستی بەغدا ڕووەدات. بەگوتەی سەرچاوەکە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکانەوە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە، دوو خۆپیشاندەر کوژراون و60 خۆپیشاندەر و پێنج کارمەندی ئەمنی بریندار بوون.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)





بەفر بارین چەند ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە سپی پۆش کرد

چایخانەی مام خەلیل

یەکێک لە چایخانە هەرە دێرینەکانی هەولێر

چایخانەکە لەسەر ڕووبەڕێکی بچووک و بە شێوازێکی کۆن دراوستکراوە و تا ئێستا دوو جار نۆژەنکراوەتەوە، خاوەنەکەشی داوا لە دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان دەکات کە لە ڕێبەری گەشتیاراندا ئاماژە بە چایخانەی مام خەلیل بکەن وەک شوێنێکی کولتووریی و میژوویی. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



موقتەدا سەدر: نابێت حەشدی شەعبی تێکەڵ بە ڕووبەڕووبوونەوەکان بکرێت

سەرکردەی ڕەوتی سەدر لە عێراق، موقتەدا سەدر ڕایگەیاند کە نابێت حەشدی شەعبی تێکەڵ بە ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکرێت.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

تورکیا گرووپە چەکدارەکانی سووریای ناردۆتە لیبیا

سەرۆکی فەرەنسا ڕایدەگەیەنێت، کە چەکدارە سوورییەکان لە لیبیا سەرئێشە بۆ هەمووان دروست دەکەن.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



پەرلەمانی کوردستان

یاسای چاکسازیی ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێم کرد

لەچوارچێوەی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆ و یاسابەرکارەکان، د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان یاسای چاکسازی لەخانەنشینی و مووچەو دەرمالّەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تری ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێم کرد.

بەپێی یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2005ی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم (هەموارکراو)، ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند دەکرێن سەرۆکی هەرێم لەماوەی 10 ڕۆژدا لە ڕۆژی دانانییەوە دەربیدەچوونێت و مافی ئەوەشی هەیە تانە لە کۆی یاساکە یان لە بەشێکی بدات و ڕەوانەی پەرلەمانی بکاتەوە تا چاوپێداخشاندنەوەی بۆ بکات.

هەر لەو چوارچێوەیەدا بەپێی هەردوو مادەکانی 94 و95 لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هاتووە: دەبێت یاساو بڕیارەکان لە ماوەی پازدە ڕۆژدا لەڕێکەوتی پەسەندکردنیانەوە بنێردرێن بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم بەمەبەستی دەرچووانیان. ئەگەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەو پازدە ڕۆژەدا بەپێی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم ژمارە 1ی ساڵی 2005ی هەموارکراو یاسا یان بڕیارەکەی بەشێوەیەکی گشتی یان بەشێک ڕەتکردەوە، لەو کاتە دەبێ لیژنەی تایبەتمەند لەماوەی پازدە ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆی بنووسێت پاشان لە یەکەمین دانیشتن دوای تەواوکردنی ڕاپۆرتەکە دێتە ناو پەرلەمان و بڕیاری پەرلەمان لەوبارەیەوە یەکلاکەرەوە دەبێت یان ڕای سەرۆکی هەرێم وەردەگرێت و ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند تاووتوێ دەکرێت یان بە دەنگی زۆرینەی ئەندامان پێداگری لەسەر ڕای خۆی دەکات و ئەمجارەش ڕای پەرلەمان ڕەتناکرێتەوە.

جێی ئاماژەیە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرمالّە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر، لەدانیشتنی ژمارە 15ی ئاسایی خولی پایزە لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن ڕۆژی پێنجشەممە2020/1/16 بەدەنگی 89 ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا.

سەرۆک و سەرکۆمار و سەرۆکوەزیرانی زیاتر لە 50 دەوڵەت بەشداری لە لووتکەکەدا دەکەن

ئەمڕۆ 50ەمین کۆڕبەندی ئابووری جیهان لە داڤۆس دەستپێ دەکات

نزیکەی 400 کۆبوونەوەی کراوە و داخراو ئەنجام دەدرێن



ئەمڕۆ سێشەممە 50ەمین کۆڕبەندی ئابووری جیهان لە شارۆچکەی داڤۆس لە سویسرا بە بەشداری سیاسەتمەدارە کاریگەرەکانی جیهان و خاوەنکارانی بەناوبانگ بە ناوی "لایەنەکانی جیهانێکی گونجاو و بەردەوام" دەست پێ دەکات. 50ەمین کۆڕبەندی ئەمساڵ لە 21 تا 24 ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت، بە بەشداری سێ هەزار خاوەنکار، سیاسەتمەدار، مامۆستای زانکۆ و نوێنەرای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی. لە میانی کۆڕبەندەکەدا تاوتوێی چەندین تەوەری جیاواز دەکرێت وەک پێشهاتەکانی جیهان، نایەکسانی داهات، جەمسەرگیری سیاسیی، کێشەی ژینگە و ئاووهەوا، ڕەوشی ئابووری جیهانی، سەرمایەداریی هاوپشکی، گەشەسەندنی بەردەوام، تەکنەلۆجیا، بازرگانی و چوارەمین شۆڕشی پیشەسازی.

لەو میانەیەدا نزیکەی400 کۆبوونەوەی کراوە و داخراو ئەنجام دەدرێن.

زیاتر لە سەرۆک و سەرکۆمار و سەرۆکوەزیرانی 50 دەوڵەت بەشداری لە لووتکەکەدا دەکەن. دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و دامەزراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاستی باڵادا بەشداری لە لووتکەکەدا دەکەن لەنێویشیاندا دۆنالّد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا. هاوکات نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەشداری لە کۆڕبەندەکە دەکات و چەندین دیدار و کۆبوونەوە ئەنجامدەدات، لەنێویاندا لەگەڵ هەریەکە لە دۆنالّد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا و مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا.

هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری لە پانێلێک دەکات لەژێر ناونیشانی "ناجێگیری لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست"، سەرنجی پانێلّەکە لەسەر عێراق و گرژییەکانی ئەم دواییەی ناوچەکەیە، هاوکات باس لە قەیرانەکان و پرسی سەقامگیری و ئاشتی ئێستای عێراق دەکرێت.

شایانی باسە ئەمە یەکەمجار نییە کە بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس دەکەن. ساڵی 2017 سەرۆک بارزانی بەشداریی لە کۆڕبەندی داڤۆس کرد و لە پانێلێک بەشداربوو؛ ساڵی 2018 نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بەشداریی لە کۆڕبەندی داڤۆس کرد و ئەمساڵ وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆڕبەندەکە دەکات.

لە ماوەی 50 ساڵی دامەزراندنیدا کۆڕبەندی ئابووریی جیهان گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە؛ کۆڕبەندەکە لەو ماوەیەدا لە کۆبوونەوەی نێوان بەڕێوەبەری کۆمپانیا گەورەکانی جیهان گۆڕدراوە بۆ گەورەترین کۆبوونەوەی کەسایەتییە سیاسی و کاریگەرەکانی جیهان. دامەزرێنەری کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لەوبارەیەوە دەڵێ "هەستێکی نامۆیە، دەبینیت ئەو هەموو کەسایەتییە بەشداراە و بەردەوام هەوڵدەدەیت لەپێش ئەو شتانە بیت کە ڕوودەدەن. لەم ڕووەوە پێموایە ئەو50 ساڵە زۆر بە خێرایی تێپەڕیوە؛ کاتێکیش سەیری دواوە دەکەم هەست بەوە دەکەم کە لە ماوەی50 ساڵدا چەندە جیهان گۆڕانکاریی خێرای بەخۆوە بینیوە و چۆن خۆمان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە گونجاندووە".

کۆڕبەندی ئابووریی جیهان سەرەتا لەژێر ناوی "کۆڕبەندی بەڕێوەبردنی ئەوروپا" لە ساڵی1971 دامەزرا، پاشان لە ساڵی 1987 ناوەکەی گۆڕدرا بۆ "کۆڕبەندی ئابووریی جیهان". کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس لە50 ساڵی تەمەنیدا لە سەکرێیەکەوە بۆ دەوڵەمەندەکانی جیهان گۆڕدرا بۆ پلاتفۆرمێک بۆ دانووستاندنە گرینگەکانی نێوان وڵاتان.

بەشداریکردنی وەزیری دەرەوەی ئێران لە لووتکەی داڤۆس هەڵوەشێندرایەوە



بەشداریکردنی وەزیری دەرەوەی ئێران، محەممەد جەواد زەریف لە لووتکەی داڤۆس هەڵوەشێندرایەوە. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی ڕایگەیاند کە محەممەد جەواد زەریف بەشێوەیەکی فەرمی بانگهێشت کرابوو بۆ بەشداریکردن لە پەنجایەمین کۆڕبەندی ئابووری جیهانی کە لە 21 تاکو 24ی ئەم مانگە لە سویسرا بەڕێوەدەچێت، بەڵام لەمیانی ئامادەکارییەکاندا بەشداریکردنی ناوبراو هەڵوەشێندرایەوە.

موسەوی جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی بەهۆی هەنگاوەکانی وڵاتانی ئەندام لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەڵێنەکانی هەڵپەساردوون و گوتی: ئێران پلان دادەنێت بۆ هەنگاوی کۆتایی و بەهێزتر، ئەگەر پرۆسەکە بەمجۆرە بەردەوام بێت، ئەوا ئێران هەنگاوی بەهێزتر دەنێت.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران عەباس موسەوی ئاماژەی بەوەش دا کە بەر لە کردنەئامانجی بنکەی سەربازی ئەمەریکا لە عێراق، زانیاری دراوە بە حکوومەت و هێزە ئەمنییەکانی عێراق.

جێی باسە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆڕبەندەیە و بڕیارە لەگەڵ دۆنالّد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆ ببێتەوە.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش- هەولێر وەڵامی مەحمود سەنگاوی دەداتەوە:

هاوکاری و پاڵپشتی و دەستخۆشیی هاونیشتمانیانی دڵسۆز لای ئێمە سەنگی مەحەکە نەک خۆگیڤکردنەوەی شەریکەکانی تاوان و قاچاخچێتی

جێگەی سەرسوڕمان نییە قاچاخچییەکی ناسراو بەرگری لە تۆڕی مافیا بکات و لەسەریان بێتە دەنگ

دوێنێ دووشەممە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش لە ڕاگەیەندراوێکدا بە تونديی وەڵامی مەحمود سەنگاوی دایەوە و ڕایگەیاندووە کە "چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا، مەحمود سەنگاوی بە شێوەیەکی ناڕەوا و بە ئاستێکی نزمی وەک خۆی پەلامارى هێزەکانی ئاسایشی دا و ناماقوڵیی زۆری دەرهەق بە دڵسۆزان و ڕۆڵەکانی ئەم گەلە و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە. ئەو وتانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش ڕاشیگەیاندووە کە ئەوان تێگەیشتنیان بۆ سۆزی کەسوکار و لایەنگرانی ئەو کەسە هەیە کە تێوەگلاوە بە بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و دەرگایان بۆ هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەک کراوەیە کە گومانەکان بڕوێنێتەوە و لێکۆڵینەوەکانیش لەمبارەیەوە لەگەڵ لایەنە فەرمییە پەیوەندیدارەکان بەردەوامن. هەروەها جەختیش کراوەتەوە: دەزانین قاچاخچێتی لە ناو پەشێویدا چالاک دەبێت، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە قاچاخچییەکی ناسراوی مەرزەکانی ناوچەی گەرمیان، کە تێوەگلاوی بازرگانی ڕەش و ئەندامی تۆڕی مافیا بکات و لەسەریان بێتە دەنگ و وەرەقەکان تێکەڵی پەیوەندیی نێوان حزبەکان بکات.

ئەمەش دەقی وەڵامەکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش- هەولێرە:

وەڵامێکی پێویست بۆ (مەحمود سەنگاوی) لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش- هەولێرەوە..

چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا، مەحمود سەنگاوی بە شێوەیەکی ناڕەوا و بە ئاستێکی نزمی وەک خۆی پەلاماری هێزەکانی ئاسایشی دا و ناماقوڵیی زۆری دەرهەق بە دڵسۆزان و ڕۆڵەکانی ئەم گەلە و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە. ئەو وتانەی بەمەحمود سەنگاوی پەیوەندیدارە بە دۆسیەی تۆمەتبارێک کە لەسەر مامەڵەکردن بە شەست کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر دەستگیر کرابوو و لە بەندیخانە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو.

ئێمە تێگەیشتنمان هەیە بۆ هەست و سۆزی کەسوکار و لایەنگرانی ئەو کەسە کە تێوە گلاوە بە بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و دەرگامان کراوەتەوە بۆ هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەک کە گومانەکان بڕوێنێتەوە و لێکۆڵینەوەکان لەو بارەیەوە لەگەڵ لایەنە فەرمییە پەیوەندیدارەکان بەردەوامە.

ئاشکراکردنی ئەم گرووپە تاوانبارە دەستکەوتی گەورەیە بۆ پرۆسەی گەڕان و ئاشکراکردنی ئەو گرووپە مافیاییەی دەیانەوێت هەرێمی کوردستان بکەنە ناوەندی بازرگانیکردن و ئاڵوودەکردنی هاوواڵتیان بە ماددەی نەگریسی هۆشبەر. دەزانین قاچاخچێتی لە ناو پەشێویدا چالاک دەبێت، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە قاچاخچییەکی ناسراوی مەرزەکانی ناوچەی گەرمیان، کە تێوەگلاوی بازرگانیی ڕەش و ئەندامی تۆڕی مافیا بکات و لەسەریان بێتە دەنگ و وەرەقەکان تێکەڵی پەیوەندیی نێوان حیزبەکان بکات.

دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە لە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم گەلە و شەونخوونی و ماندووبوونی زۆر دەکێشن و هەزاران شەهید و بریندارمان داوە تا هاوواڵتیان لە ئارامی و ئاسایشدا بژین و هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت لە هەر جۆرە هەڕەشە و مەترسییەکی تیرۆریستان و مافیاکانی ماددەی هۆشبەر و هاوکاری و پاڵپشتی و دەستخۆشیی هاونیشتمانیانی دڵسۆز لای ئێمە سەنگی مەحەکە، نەک خۆگیڤکردنەوەی شەریکەکانی تاوان و قاچاخچێتی.

دەزگاکەمان بە مافی خۆی دەزانێت لە دژی هەر جۆرە تۆمەتێکی ناڕەوا و ناوزڕاندنێک، بەرامبەر دەزگا و هێزەکانمان، ڕێکاری یاسایی بگرێتە بەر.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش- هەولێر

2020/1/20

www.xebat.net
سێ شەممە 2020/1/21 ژمارە (5915)

دوو خۆپیشاندەر کوژران و 60 خۆپیشاندەر و پێنج کارمەندی ئەمنی بریندار بوون

عێراق.. هێزە ئەمنییەکان بە زەبری هێز بڵاوە بە خۆپیشاندەرانی بەغدا دەکەن

نەتەوە یەکگرتووەکان: سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان هەرگیز مایەی قبوڵکردن نییە و دەبێت ڕێگریی لێ بکرێت



خەبات: رووداوی ڕۆژ

دوێنێ دووشەمە سەرچاوەیەکی ئەمنی رایگەیاند کە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانی ناوەڕاستی بەغدا، دوو خۆپیشاندەر کوژراون و 60 خۆپیشاندەر و پێنج کارمەندی ئەمنی بریندار بوون. سەرچاوەکە لە لێدوانێکدا گوتی: لە بەیانی دوێنێ دووشەمەوە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا لە گۆڕەپانەکانی تەحریر، تەیەران، گەیلانی و پردی محەمەد قاسم ناوەڕاستی بەغدا ڕوودەدات. بەگوتەی سەرچاوەکە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکانەوە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە، دوو خۆپیشاندەر کوژراون و 60 خۆپیشاندەر و پێنج کارمەندی ئەمنی بریندار بوون.

هێزە ئەمنییەکان بڵاوە بە خۆپیشاندەران دەکەن

هەر دوێنێ سەرچاوەیەکی ئەمنی رایگەیاند کە هێزە ئەمنییەکان بە زەبری هێز بڵاوەیان بە خۆپیشاندەرانی نزیک پردی محەمەد قاسم ناوەڕاستی بەغدا کردووە. سەرچاوەکە ڕاشیگەیاندووە کە خۆپیشاندەران هەوڵیانداوە لە پردی محەمەد قاسم نزیک ببنەوە بۆ ئەوەی ڕێگەی پردەکە دابخەن، بەڵام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێکراوە. پردی محەمەد قاسم بە ڕێگەیەکی گرنگی ناوەڕاستی شاری بەغدا دادەندرێت بەو پێیەی شارەکە بە پارێزگاکانی باشوور دەبەستێتەوە. بەگوتەی سەرچاوەکە، هێزە ئەمنییەکان بە زەبری هێز و بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ بڵاوەیان بە خۆپیشاندەرانی نزیک پردی محەمەد قاسم کردووە کە بە هۆیەوە ژمارەیەک خۆپیشاندەر بریندار بوون. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەیشکرد کە دوای دوورخستنەوەیان لە نزیک پردی محەمەد قاسم لەلایەن هێزە ئەمنییەکان بە زەبری هێز بڵاوەیان بە خۆپیشاندەرانی نزیک پردی محەمەد قاسم ناوەڕاستی بەغدا کردووە. سەرچاوەکە ڕاشیگەیاندووە کە خۆپیشاندەران هەوڵیانداوە لە پردی محەمەد قاسم نزیک ببنەوە بۆ ئەوەی ڕێگەی پردەکە دابخەن، بەڵام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێکراوە. پردی محەمەد قاسم بە ڕێگەیەکی گرنگی ناوەڕاستی شاری بەغدا دادەندرێت بەو پێیەی شارەکە بە پارێزگاکانی باشوور دەبەستێتەوە. بەگوتەی سەرچاوەکە، هێزە ئەمنییەکان بە زەبری هێز و بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ بڵاوەیان بە خۆپیشاندەرانی نزیک پردی محەمەد قاسم کردووە کە بە هۆیەوە ژمارەیەک خۆپیشاندەر بریندار بوون. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەیشکرد کە دوای دەستکردنەوە بە چاکسازی دەکات لە عێراق و نیگەرانی خۆیشی سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتە دەردەبڕێت. جینین هێنیس پلاسخارت جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگیی هەنگاونان بەرەوپێشچوونی سیستەمی میلیشیاکانن. بەپێی ئاماری چالاکوانانیش، لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە، 80 بۆ 90 چالاکوان کوژراون، بەشێک لەوانەی کوژراون بە چەکی بێدەنگ و لە شەودا کوژراون. هەروەها سەلاح سوەیدی، چالاکوانی عێراقی دوای ڕزگاربوون لە هەوڵێکی کوشتن، سێ هەفتەیە عێراقی بەرەو تورکیا جێهێشتووە، ئەو هەڕەشە لەسەر خۆی و کەسوکاری هەیە، بۆیە بڕیاریداوە یەکجاری عێراق جێبهێڵێت، تاوەکو دۆخی سیاسی و سەربازی ئەو وڵاتەش نەگۆڕێت نەگەڕێتەوە. ئەم پێشهاتانەش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی یەکشەمە خۆپیشاندەرانی عێراق بەر لە کۆتاییهاتنی ئەو مۆڵەتەی کە بەئامانجی دەستنیشانکردنی کەسێکی سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت پێشکەش بە حکوومەتی کاربەڕێکەر و پارتە دەسەلاتدارەکانیان کردووە، ئاستی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیان دژبە حکوومەت فراوانتر کرد. خۆپیشاندەران دوێنێ دووشەمە مۆڵەتیان دابوو بە حکوومەتی کاربەڕێکەر و پارتە دەسەلاتدارەکان تا کەسێکی سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دەست نیشان بکەن، هەروەها بکوژانی چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان سزا بدەن.



جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپیشاندەرانی عێراق و ئاماژە بەوەیش دەکات، ڕاستە پرۆسەی هەستانەوە لەسەر ئاستی دەوڵەت و کۆمەڵگادا تا ڕادەیەک سەختە، بەڵام لەوپەڕی پێویستیش دایە.

نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، جینین هێنیس پلاسخارت ڕاگەیەندراوێکی لەسەر پێشهاتەکانی عێراق بە تایبەتیش خۆپیشاندانەکان بڵاوکردەوە و ڕایگەیاندووە: لەم مانگانەی دواییدا، سەدان هەزار عێراقی لە هەموو چین و تۆێژەکاندا ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی هیوا بۆ ئایندەیەکی باشتری بێ گەندەڵی و بەرژەوەندیی حزبی و دەستوەردانی بێگانە، لەلایەکی دیکەیشەوە کوشتن و بریندارکردنی خۆپیشاندەران و چەندان بەڵێنی جێبەجێ نەکراوی سالانی ڕابردوو بوونەتە مایەی سەرهەڵدانی قەیرانی متمانە. جینین هێنیس پلاسخارت ئەوەیشی ڕاگەیاندووە، ئەو هەنگاوانەی کە تا ئێستا نراون سەبارەت بە نیگەرانییەکانی خەڵک هەر بێ بایەخ دەمێننەوە ئەگەر تەواو نەکرێن، جگە لەوەیش پرۆسەی هەستانەوە، یەکێتیی و یەکڕیزیی ناوخۆیی پێویستی بە بڕیاری ژیرانەیە لەهەمبەر بەرژەوەندییە حزبییەکان و دەستوەردانی بێگانەدا یان لەبەرامبەر ئەو ئاژاوەگێڕانەی کە دەیانەوێت ئارامیی عێراق بشێوێنن، هەیە.

دەستگیرکردنی ژمارەیەک خۆپیشاندەر لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە

هەروەها وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند، ژمارەیەک کەس لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون کە هەوڵیانداوە ڕێگەی پردی محەمەد قاسم بەغدا دابخەن. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەیش خراوەتەڕوو کە هێزە ئەمنییەکان دوای گەیشتنیان بۆ ناوچەکە، دووبارە ڕێگەکەیان کردەوە و ئەو کەسانەشیان دەستگیرکردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، دەستگیرکراوەکان ڕەوانەی دادگا کراون بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی یاسایی لە بەرامبەریان بگیرێتەبەر.

داخستنی ڕێگەی دەروازەیەکی سنووری لەگەڵ ئێران

خۆپیشاندەرانی پارێزگای واست باشووری عێراق، ڕێگەی دەروازەیەکی سنووریان لەگەڵ ئێران داخست و لە لایەکی دیکەوە ڕاگەیەندرا کە هێزەکانی پۆلیسی بە زەبری هێز بڵاوەیان بە خۆپیشاندانەدرانی ناوەڕاستی بەسرە کردووە. لەوبارەوە ئەفسەر لە پۆلیسی واست، ملازم تەریف شەعلان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە دەیان خۆپیشاندەر ڕێگەی نێوان شاری کوت و قەزای بەدرە باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکەیان داخستووە. تەریف شەعلان ئاماژەی بەوەکرد، ئەو ڕێگایە کە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە داخراوە دەچێتە بۆ دەروازەی زرباتیە سنووری عێراق لەگەڵ ئێران کە بەهۆیەوە هاتوچۆکردنی ئۆتۆمبێل لە دەروازەکە وەستاوە. ناوبراو باسی لەوەیشکرد کە هاوکات خۆپیشاندەران ڕێگەی نێوان پارێزگای واست و بەغدایان داخستووە. سەرچاوەیەکیش لە پۆلیسی بەسرە بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاندووە کە هێزەکانیان بە زەبری هێز بڵاوەیان بە خۆپیشاندەرانی ناوەڕاستی بەسرە کردووە. سەرچاوەکە ئەوەشی گوتووە : خۆپیشاندەران لە بەردەم فەرماندەیی پۆلیسی بەسرە ناوەڕاستی شارەکە گردبوونەوە و داوایان کرد ئەو خۆپیشاندەرانە ئازاد بکرێن کە لەمیانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەستگیرکراون. بەگوتەی سەرچاوەکە هێزەکانی پۆلیس بە زەبری هێز و بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کردووە. هەر لە شاری بەسرە، سەرچاوە ئەمنییەکان باسیان لەوە کردووە کە لە میانەی خۆپیشاندانەکان، ئۆتۆمبێلێکی سیڤیل 2پۆلیسی کردووە بە ژێرەوە و کوشتوونی. ڕاشیانگەیاندووە کە شۆفێرەکە هەوڵی دابوو بە خێرایی لە شوێنی پێکدادانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان دوربکەوێتەوە.

چالاکوانان عێراق جێدەهێڵن

یەکێک لە ناسراوترین ئەو چالاکوانانەی کە بەشداریی کارای لە خۆپیشاندانەکانی عێراق هەبووە، ئێستا لە دووڕەوە سەیری ئاڵۆزییەکانی بەغدا و دۆخی خۆپیشاندەران دەکات، چونکە ترسی کوشتن ئەوی هێناوە بۆ هەولێر و بەغدای جێهێشتووە، عودەی زەیدی، چالاکوان دەڵێ: بەدڵنیاییەوە هەمووان دەزانن ئەو پەلامار و هێرشەی لە دژی خۆپیشاندەران و چالاکوانان و ڕۆژنامەڤانان هەیە، بە هێز سەرکوت دەکرێن، ئێستا زۆربەی چالاکوانان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەتایبەتی پارێزگای هەولێر. زۆربەیان لە پارێزگاکانی بەغدا و زیقار مالیان بەجێهێشتووە، کۆچکردنێکی بە کۆمەڵی چالاکوانان هەیە، ئەوانەشی مانەتەوە خێزانەکانیان ڕۆشتوون، لیستێکی 700 کەسی بڵاوبووەتەوە بۆ لەنێوبردنیان لەلایەن لایەنی سێیەم کە میلیشیاکانن.

پەرلەمانتارێکی پارتی پڕۆژەیاسایەک بۆ حکوومەتی کاربەڕێکەر دەداتە پەرلەمانی عێراق

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق پڕۆژەیاسایەک بۆ حکوومەتی کاربەڕێکەری عێراق، دەداتە پەرلەمان.

محەمەد شاکر، پەرلەمانتاری پارتی لە عێراق، بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەو پڕۆژەیەی ئامادە کردووە و داویەتییە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق.

محەمەد شاکر هۆکاری ئامادەکردنی ئەو پڕۆژەیاسایەی بۆ نەبوونی هیچ مادەدە و بڕگەیەکی دەستووری بۆ ئەگەری دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆک وەزیران و حکوومەتی کاربەڕێکەر لە دەستووری عێراق، گەڕاندەوە.

لە پڕۆژەیاساکەدا، ئەو پەرلەمانتارەی پارتی دەسەلات و ئەرکەکانی حکوومەتی کاربەڕێکەری دەستنیشان کردوون.

بڕیارە دوای تەواوبوونی پشووی پەرلەمان، پڕۆژەیاساکە لە خولی یاسادانانی داهاتوو بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

بیرمەندێکی میسری: عێراق دەوڵەتی کورد و بابلییەکانە



بیرمەندێکی ناوداری میسر و عەرەب پالێشتیی چیچان، بۆسنە، کشمیر و هەموو نەتەوەیەکی بندەستی مسوڵمانی جیهان دەکات بۆ سەربەخۆبوون، وەک ئەوەی ئەو نەتەوانە بەشێک بن لە نەتەوەی عەرەب.

ئەو بیرمەندە جەختی لە دووڕوویی ئەو عەرەبانە کردووەتەوە و ڕایگەیاندووە، لەو کاتەی پشتگیریی نەتەوەکانی دەڕەوەی نیشتمانی عەرەب دەکا بۆ سەربەخۆیی، دژی سەربەخۆبوونی گەلی کوردستانە و هەوڵی سەرپێچی سەربەخۆخوازانی دەدا.

سەید قیمنی پێیوایە عێراق دەوڵەتی کورد و عەرەبەکانی بابل و باشوورە، ئەمازیغییەکان خاوەنی جەزائیرن، قیبتییەکان خاوەنی میسرن و ئارامییەکان خاوەنی شام (سووریا، لوبنان، ئوردن و فەلەستین)ن.

گوتەبێژی دادگای ئیتیحادی بۆ خەبات: هێشتا هیچ بڕیارێکمان لەسەر دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق نەداوە

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

دادگای ئیتیحادی عێراق ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە هەندێ میدیا لەسەر زاری ئەوانەوە باسی بەیاسایی بوونی دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکای لە عێراق کردبوو و تەئکید دەکاتەوە کە هێشتا دادگای ناوبراو هیچ شتێکی لەوبارەوە نەگوتووە و هیچ بڕیارێکیشی نەداوە.

ئیاس سامۆک وتەبێژی دادگای ئیتیحادی عێراقی لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات تەئکیدی کردەوە کە دادگاکەیان هەتا ئێستا هیچ بڕیارێکی لەسەر دەرکردن یان. مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و هێزە بیانییەکانی تری لەناو خاکی عێراق نەداوە و ئەوەی لەسەر زاری دادگای ئیتیحادیەوە بڵاوکرایەوە و تێدا بەشێکیان باسی یاسایی بوونی بڕیارەکەی 5ی کانونی دووەمی ئەمساڵی جیاوازانە دێت کە لەسەر زاری هەندێ لە دادوەرەکانی دادگای ئیتیحادیەوە بڵاوکرایەوە و تێدا بەشێکیان باسی یاسایی بوونی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکەن و بەشێکی تریش دەڵێن بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە.

لەم بارەیەوە ئوسامە نوجێفی سەرۆکی بەرەی ئینقاز و گەشەکردن لە عێراق کە بەرەیەکی سوننەیە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیدا باسی لە مەسەلەی کشانەوەی هێزە ئەمەریکیەکان لەعێراق کردووە و دەڵێت مەسەلەی دەرکردن یان مانەوەی هێزە ئەمەریکیەکان لە عێراق پەیوەندی بە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە نییە و ئەو بڕیارەش کە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەرکراوە نایاساییە و حکوومەتی کاربەڕێکەریش مافی ئەوەی نییە بڕیارێکی ستراتیژیی لەم شێوەیە جێبەجێ بکات.



پەرلەمانتارێکی کورد بۆ «خەبات»: دوور نییە شەڕی ناوخۆیی لە عێراق سەرهەڵبدات

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق وئەندامی لێژنەی ئاسایش و بەرگری هۆشداریی لە دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لە عێراق دەدات. د.ناسر هەرکی، ئەندامی لێژنەی ئاسایش و بەرگریی لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند، خۆپیشاندەران و لایەنە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن سەرۆک وەزیرانێکی نوێ، کە بە ڕەزامەندیی ئەوان بێ، دیاری بکەن.

ناسر هەرکی بەبێ ئاماژەکردن بە ناوی موقتەدا سەدر، ڕایگەیاند، ئەوانەی لە دەسەڵاتن هەوڵ دەدەن خۆپیشاندانێکی ملیۆنی ساز بکەن و بسەلمێنن کە هێشتا ئەوان خاوەنی دەسەڵاتن.

ئەو پەرلەمانتارەی عێراق ئاماژەی بە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران کرد و ڕایگەیاند، ئێستا داواکارییەکانیان زۆر بووە، کە گرنگترییان بریتین لە؛

- دیاریکردنی جێگرەوەیەک بۆ عادل عەبدولمەهدی،کە بە ڕەزامەندیی خۆپیشاندەران دیاری نەکرێ، ئەوا دوورنییە شەڕی ناوخۆیی لە عێراق سەرهەڵبدات.

- لە ماوەی یەک ساڵدا سەرجەم داواکارییەکانیان جێبەجێ بکرێن.

- دوورخستنەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکان لە پێکهێنانی حکوومەت.

ناسر هەرکی پێیوایە ئەگەر سەرۆک وەزیرانێک بە ڕەزامەندیی خۆپیشاندەران دیاری نەکرێ، ئەوا دوورنییە شەڕی ناوخۆیی لە عێراق سەرهەڵبدات.

هەفتەی ڕابردوو، خۆپیشاندەرانی شاری ناسریەی سەنتەری پارێزگای زیقار مۆڵەتی یەک هەفتەیان بە حزب و لایەنە عێراقییەکان دا، کە تا سەرلەبەیانیی دووشەممە 2020/1/20 کەسێک بۆ سەرۆکایەتیی حکوومەتی وڵاتەکەیان دیاری بکەن، ئەگەرنا ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکان فراوانتر دەکەن و هەر دوێنێش لەبەغداو سەرجە شارەکانی باشووری عێراق خرنیشاندانی فراوان دەستپێکرد.

دەنگۆی سازکردنی کۆنگرەیەک بۆ دابەشکردنی عێراق بڵاو دەبێتەوە

دەنگۆی سازکردنی کۆنگرەیەک لە وڵاتێکی عەرەبی بۆ دابەشکردنی عێراق، بڵاو دەبێتەوە.

بەشێک لە میدیا عێراقییەکان باس لەوە دەکەن، کە کۆنگرەکە بە بەشداریی محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانیی هێزە عێراقییەکان (سوننە)، لە ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو بەڕێوە چووە.

هەروەک ئەو میدیایانە باسی دەکەن، کۆنگرەکە بە چاودێریی حکوومەتی ئیمارات لە ڕۆژانی 9 و 2020/1/10 لە ئەبوزەبیی پایتەختی ئەو وڵاتە، بەڕێوە چووە و چەندین کەسایەتی و خاوەنکاری سوننەی عێراقی بەشداربیان تێدا کردووە.

هاوپەیمانیی هێزە عێراقییەکان بە تەواوی ڕەتی دەکەنەوە کۆنگرەیەکی لەوشێوەیە ساز کرابێ و محەمەد حەلبوسیش بەشداری کردبێ، بەڵام عەبدولخالق ئەلعەزاوی، پەرلەمانتاری حزبی (مەشروع ئەلعەرەبی)، کە خەمیس خەنجەر سەرۆکایەتی دەکات وحزبێکی سوننەمەزهەبە، سازکرانی ئەو کۆنگرەیە پشتڕاست دەکاتەوە.

لەو کۆنگرەیەدا، کە میدیا عێراقییەکان ئاماژەی پێدەکەن، باس لە دروستکردنی هەرێمێک بۆ سوننەمەزهەبەکان لە عێراق کراوە، کە زۆرینەی لایەنە عێراقییە شیعەکان بەتوندی دروستکردنی ئەو هەرێمە ردت دەکەنەوە.

هەرچەندە دەستووری هەمیشەیی عێراق دروستکردنی هەرێم لە وڵات بە مافێکی خەڵکی پارێزگاکان دەزانێ، بەڵام زۆرینەی لایەنە عێراقییەکان ردتی دەکەنەوە و پێیان وایە هەوڵێکە بۆ دابەشکردنی عێراق.

بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیە دوای ئەوە دێ، کە کورد و سوننە بەشداریی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراقیان بۆ بڕیاردان لەبارەی دەرکردنی هێزە ئەمریکی و بیانییەکان لەسەر خاکی عێراق، نەکرد.

پەرلەمانی عێراق ڕۆژی یەکشەممە 2020/1/5 بەهۆی کۆڕانی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس، بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کورد و سوننە، بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکانی لە عێراق، پەسەند کرد. بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی 2020/1/3 سوپای ئەمریکا لەڕێی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە، کاروانێکی چەکداریی حەشدی شەعبی لە فڕۆکەخانەی بەغدا بۆردومان کرد. بەهۆی بۆردومانەکەوە، هەریەکە لە ئەبومەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران و نۆ بەرپرس و چەکداری دیکەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، کوژران.

موقتەدا سەدر: نابێت حەشدی شەعبی تێکەڵ بە ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکرێت

گرنگە کەسانی ئاشتیخواز لە کەسانی تێکدەر جیابکرێنەوە



سەرکردەی ڕەوتی سەدر لە عێراق، موقتەدا سەدر ڕایگەیاند کە نابێت حەشدی شەعبی تێکەڵ بە ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکرێت و هۆشداری دایە خۆپیشاندەران لەوەی وڵات پەلکێشی شەڕی ناخۆ نەکەن. موقتەدا سەدر سەبارەت بە پێشهاتی خۆپیشاندانەکان تویتێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوەی نووسیووە "ڕێز لە بڕیاری خۆپیشاندەران بۆ فراوانکردنی خۆپیشاندانەکانیان دەگرم، ئومێد دەکەم خۆپیشاندەران پابەند بن بە خۆپیشاندانیی ئاشتییانە و زیان بە گەل نەگەیەنن و وڵات پەلکێشی شەڕی ناوخۆ نەکەن".

سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر ئەوەشی نووسیووە "ڕێز لە بڕیاری حکوومەت دەگرم لە ڕووبەڕووبوونەوەی کەسانی تێکەڵ بە خۆپیشاندەرانەوە بە کوشتن و ڕفاندنی چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان تۆمەتبارکراوان. موقتەدا سەدر جەختی کردووتەوە لەسەر ئەوەی پەلە بکرێت لە کاندیدکردنی کەسێک کە جێگەی مشتومڕ نەبێت بۆ ئەوەی لە لایەن سەرکۆمارەوە ڕاسپێردرێت تا حکوومەتی نوێ پێکبهێنێت. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردووو خۆپیشاندەرانی عێراق بەر لە کۆتاییهاتنی ئەو مۆڵەتەی کە بەئامانجی دەستنیشانکردنی کەسێکی سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت پێشکەش بە حکوومەتی کاربەڕێکەر و پارتە دەسەڵاتدارەکانیان کردووە، ئاستی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیان دژ بە حکوومەت فراوانتر کرد.

بەغدا.. ناوچەی سەوز بەڕووی هاتوچۆدا کرایەوە

حکوومەتی عێراق بڕیاریدا ناوچەی سەوز ناوەڕاستی بەغدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەڕووی هاتوچۆدا بکاتەوە. ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە سکرتێری سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی کاربەڕێکەری عێراق، محەمەد بەیاتی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند، ڕۆژانە کاتژمێر شەشی بەیانی تاوەکو 10ی بەیانی و لە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆوە تاوەکو پێنجی ئێوارە بەڕووی هاتوچۆدا بکرێتەوە. بەیاتی گوتیشی: ئەم ڕێککارە بەردەوام دەبێت تاوەکو لە ئایندەیەکی نزیکدا بەتەواوی بەڕووی هاتوچۆدا دەکرێتەوە. جێی باسە ناوچەی سەوز لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەچڕیی پاسەوانی دەکرێت و ناوچەیەکی هەستیارە لە ناوەڕاستی بەغدا، بالەخانەکانی حکوومەت، پەرلەمان، مالی بەرپرسان و بالێزخانە بیانییەکان دەکەونە ئەم ناوچەیەوە. لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانیشەوە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا چەندینجار ئەم ناوچەیە بە مووشەک کراوەتە ئامانج.

ئێران: دوای سولەیمانی ناوچەکە بۆ ئەمەریکا ئارام نابێت

K24/ یاریدەدەری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران ڕایدەگەیەنێت، کە دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی، ناوچەکە بۆ ئەمەریکا ئارام نابێت. حوسێن ئەمیر عەبدولّلاهیان، یاریدەدەری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران ڕایگەیاند، ئێستا ئیسرائیل لە ناوچەکە ئابڵوقە دراوە و دوای کوشتنی قاسم سولەیمانیش، ناوچەکە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئارام نابێت.

عەبدولّلاهیان ئاماژەشی بەوەشداوە، کە ئەو ئەرکەی سولەیمانی بەدواداچوونی بۆ دەکرد سەرنەکەوتنی ستراتیژیەتی ئیسرائیل بووە لە دابەشکردنی وڵاتانی ناوچەکە.

یاریدەدەری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران ئەوەشی خستەڕوو، کە ئەمەریکییەکان پلانێکی سێ تەوەریان داناوە، یەکەمیان ئیسرائیل و ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیان، دووەم هەڵوەشاندنەوەی وڵاتانی ناوچەکە و سێیەمیشیان دروستکردنی ئاژاوە لە ناوچەکەدایە.



بەردەوامیی خۆپیشاندانەکانی لوبنان، کە چەندین ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان بەخۆیەوە بینی

راگەیەندراوی کۆتایی کۆنفرانسی بەرلین و بۆچوون و کاردانەوەی وڵاتان لەسەر ڕەوشی لیبیا

لاڤرۆڤ: هێشتا نەتواندراوە دیالۆگێکی جدی و پێداگیرانە لە نێوان لایەنەکانی لیبیا ئەنجام بدرێت

هەیکۆ ماس: کلیلی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی لیبیامان دۆزییەوە



رۆژی یەکشەممەی رابردوو لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کۆنفرانسێکی تایبەت بە پرسی لیبیا ڕێکخرا و لە کۆتایی کۆنفرانسەکەشدا ڕاگەیەندراوێک بۆ ڕای گشتی بڵاوکرایەوە، تیایدا داوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست، کۆتاییهێنان بە چالاکییە سەربازییەکان و پابەندبوون بە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرووەکان بۆ ئابڵوقە خستنە سەر بازرگانی چەک کرا. کۆی گشتی ڕاگەیەندراوەکەش لە55 بەند پێکهاتبوو. لە ڕاگەیەندراوەکەدا جارێکی دیکە پاراستنی سەروەری، سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی لیبیا دووپاتکرایەوە.

ئەوەش خرایەڕوو کە تەنها قۆناغێکی سیاسی بە ڕابەری خودی لیبییەکان دەتوانێت بەشێوەیەکی هەمیشەیی کۆتایی بە پێکدادانەکان بهێنێت. ئاماژە بەوەش دراوە کە بەردەوامی پێکدادان و ناسەقامگیرییەکانی لیبیا و دەستوەردانە دەرەکییەکان، زەمینە بۆ بڵاوبوونەوەی چەک، ئابووری بەتاڵانبەر، بازرگانیکردن بە مرۆڤ و چالاکی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان خۆشدەکەن و بەمشێوەیەش هەڕەشەکان بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان دریژەیان دەبێت.

هەروەها لە بەندی تایبەت بە "پرسی چەک" و تیایدا داوا لە سەرجەم وڵات و لایەنە نێودەوڵەتییەکان کراوە بەتەواوی پابەندبن بە بڕیارەکانی ساڵی 2011ی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە پرسی ئابڵوقە خستنە سەر بازرگانی چەک لە لیبیا و خۆیان بەدوور بگرن لە هەر جۆرە چالاکییەک کە دژبە ئاگربەست بێت.

هەروەها لە بەندێکی دیکە ڕاگەیەندراوەکە تایبەت بوو بە "پرسی گەڕانەوە بۆ قۆناغی سیاسی" و تیایدا داوا کراوە ئەنجوومەنێکی چالاکی سەرۆکایەتی و حکوومەتێکی یەکگرتووی بەهێزی دانپێدانراو لەلایەن پەرلەمانی لیبیاوە پێکبهێندرێت. بانگەوازی پابەندبوون و پاراستنی ئەم قۆناغە ئاراستەی لایەنەکان کراوە تا بتواندرێت هەڵبژاردنێکی ئازاد و داپەڕوەرانە بۆ پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە ئەنجامبدرێت.

لە بەندی تایبەت بە "چاکسازی ئابووری و دارایی"یشدا تیشک خراوەتە سەر گرنگی پاراستنی تەواوی دامەزراوە گەورەکانی وڵات کە دیارترینیان بانکی ناوەندی، دەسەڵاتی وەبەرهێنانی لیبیا و کۆمپانیای نەوتی نیشتمانین. جەخت لەوەیشکراوەتەوە کە بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی تاکە کۆمپانیای سەربەخۆی ڕێپێدراوی فرۆشتنی نەوتە لە لیبیا و پاراستنی ئەرکی سەر شانی تەواوی لایەنە لیبییەکانە.

پێویستە دەستوەردانی دەرەکی نەکرێت

وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سێرگی لاڤرۆڤ ڕایگەیاند هەرچەند کۆنفرانسی بەرلین لە بارەی لیبیا زۆر سوودبەخشیش بێت، هێشتا نەتواندراوە دیالۆگێکی جدی و پێداگیرانە لە نێوان لایەنەکانی لیبیا ئەنجام بدرێت. دوای کۆنفرانسی بەرلین، لاڤرۆڤ بە میدیاکارانی وڵاتەکەی ڕاگەیاند کە دەمێکە ئامادەکاری دەکرێت بۆ کۆنفرانسەکە و بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی لیبیا لە ئەنجامی کۆنفرانسەکەدا گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک لە سەر بەڵگەیەک کە پێشنیارەکان بە وردەکاری زۆرەوە دەخاتە ڕوو. لاڤرۆڤ ئاماژەی بەوە دا کە وڵاتەکەی هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە بۆ کارێکی لەمجۆرە و بانگەشەی ئەوەیشی کرد کە بە پێداگیری ئەوان خەلیفە حەفتەر و فائیز سەراج بانگهێشت کراون بۆ کۆنفرانسەکە. لاڤرۆڤ باسی لەوەیش کرد کە بە پێداگیری ئەوان ئەو ماددەیە خراوەتە ناو ڕاگەیاندراوی کۆنفرانسی بەرلین کە تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لیبیا پێویستە دەستوەردانی دەرەکی نەکرێت و کێشەکان بە پەنابردنە بەر بژاردەی سەربازی چارەسەر نەکرێن.

کلیلی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، هەیکۆ ماس بە ئاماژەدان بەوەی لە میانی کۆنفرانسی بەرلین بەمەبەستی دەستکردن بە چارەسەری سیاسیی و ئاگربەستی یەکجارەکی لە لیبیا گەیشتوونەتە ئامانجەکانی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی، گوتی: کلیلی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی لیبیامان دۆزییەوە. ئێستا ئەو کلیلە بەکاردەهێنین و دەیسوڕێنین. لە دوای کۆنفرانسەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا ماس تیشکی خستە سەر ئەوەی کە واژووکردنەکە وەک پێویست نییە و داوا دەکەن لێژنەی چاودێری بۆ چاودێریکردنی ئەو بڕیارانە دابندرێت کە دراون. ماس تیشکی ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو وڵاتانەی بەشداریشیان لە کۆنفرانسەکە نەکردووە دەتوانن لە بواری سەربازی، سیاسیی، ئابووری و مرۆیی خزمەت بە لیبیا بکەن و گوتی: ڕێگایەکی سەختمان لە پێشە. کارکردنی ڕاستەقینە لە ئێستاوە دەست پێدەکات. بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و چارەسەری سیاسیی بۆ جەنگی ناوخۆ پێویستە سەرکەوتن بەدەست بهێندرێت لە کۆکردنەوەی لایەنەکان.

ئیمانوێڵ ماکرۆن لە ناردنی چەکدارە سووریییەکان بۆ لیبیا نیگەرانە



سەرۆکی فەرەنسا ڕایدەگەیەنێت، کە چەکدارە سووریییەکان لە لیبیا سەرئێشە بۆ هەمووان دروست دەکەن. ئیمانوێڵ ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا لە کۆنگرەی بەرلین بۆ ئاشتەوایی لەلیبیا ڕایگەیاندووە، نیگەرانە لەبارەی ناردنی چەکدارە سووریییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانیی لیبیا.

ئیمانوێڵ ماکرۆن بەیێ ناوهێنانی تورکیا، داوای کردووە ناردنی ئەو چەکدارە سووریییانە ڕابگیرێت، چونکە "ئەوانەی وادەزانن بە ناردنی ئەو چەکدارانە دەستکەوتێک بەدەست دەهێنن، نازانن چ مەترسییەک بۆ خۆیان و هەمووان دروست دەکەن. ڕۆژی پێنجشەمەی 2020/1/2 پەرلەمانی تورکیا ڕەامەندیی لەسەر داوای ناردنی هێزی سەربازیی تورکیا بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی ویفاقی لیبیا، دا، کەڕەجەب تەییب ئەردۆغانی سەرکۆماری تورکیا داواکەی لە پەرلەمان کردبوو. بەپێی زانیارییەکان، تورکیا گرووپە چەکدارییە تورکمانەکانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی سووریای بۆ پاڵپشتیکردنی حکوومەتی لیبیا، ناردووەتە تەرابلوس. تورکیا، کە ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆکایەتی دەکات و لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) بەڕێوە دەبرێت، کە پارتێکی سەر بە ڕەوتی ئیخوان موسلیمینە، بە ناردنی چەک و چەکدار و واژۆکردنی گرێبەستی ئابووریی و ئەمنی، هاوکاریی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانیی لیبیا دەکات، کە ئەو حکوومەتەی لیبیا لەلایەن سەرکردەکانی ئیخوان موسلیمین پێکهێناوە و لەگەڵ سوپای نیشتمانیی وڵاتەکەی تووشی شەڕی ناوخۆیی بووە. وڵاتانی سعودیە، ئیمارات، میسر و بەحرێن، کە ئیخوان موسلیمینیان خستووەتە ناو لیستی تیرۆرەوە، پاڵپشتیی سوپای نیشتمانیی لیبیا دەکەن.

ئەو کۆچبەرانەی بۆ گەیشتن بە ئەمەریکا کەوتبوونە ڕێ گەیشتنە سنووری مەکسیک



سەدان کۆچبەر کە لە وڵاتانی سەڵڤادۆر، هۆندوراس و گواتیمالاوە بەڕێکەوتبوون بۆ گەیشتن بە ئەمەریکا، گەیشتنە سنووری مەکسیک. کۆچی نزیکەی دوو هەزار کۆچبەری وڵاتانی ئەمەریکای لاتین کە لەدەست تووندوتیژی، بێ کاری و گەندەڵی وڵاتەکانیان جێهێشتووە و دەیانەوێت بۆ ژیانێکی باشتر بگەنە ئەمەریکا، بەردەوامە. بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لە میدیای مەکسیکدا بڵاوکراوەتەوە، کۆچبەران گەیشتوونەتە شاری تیجون ئومان لە گواتیمالا لەسەر سنووری مەکسیک و لە دەروازەی سنووری هیدالگۆ کە هێزە ئەمنییەکانی مەکسیک دایانخستووە ڕاوەستاون. دوای ئەوەی بەرپرسانی ئیدارەی کۆچبەران ڕایگەیاند کە تەنها ڕێگە بەوانە دەدرێت بچنە ناوەوە کە بەڵگەیان پێیە، بۆ ماوەیەکی کورت پشێوی دروست بوو.

دوای ئەوەی کێشەکە چارەسەرکرا، ڕێگە بە تێپەڕبوونی کۆچبەران درا لەسەر شێوەی گرووپی بچووک. ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەران لە وڵاتانی ئەمەریکای ناوەڕاستەوە بەڕێکەوتوون و دەیانەوێت لە ڕێگەی گواتیمالا و مەکسیکەوە بگەنە ئەمەریکا. دوای ئەوەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ دەسەڵاتی گرتە دەست بڕیاریدا ئەو کۆچبەرانەی لە ئەمەریکای ناوەڕاست و باشوورەوە دێن لە سنووری مەکسیک ڕاوەستێنرێن. لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی "لە مەکسیک بمێنەرەوە" لە نێوان ئەمەریکا و مەکسیکدا، پێشنیازکراوە هاووڵاتیانی وڵاتی سێیەم کە لە ڕێگەی مەکسیکەوە داوای کۆچ دەکەن بۆ ئەمەریکا تا بە ئەنجام گەیشتنی کەیسەکەی لە شاری سنووری تیخوانا بمێنێتەوە.

شەنگە هاوار کاکەیی*



ئەگەر خۆشەویستیی وڵات تاوان بێ ئەوە گەورەترین تاوانبارم

یەکێک لە وتە بە نرخەکانی بارزانیی نەمری باوک فەرمووەی تاوانی خۆشەویستی وڵاتە کە دەرخەری خەسڵەت و ویژدانێکی زیندووی ئەو ڕێبەرە نەتەوایەتییەیە کەوا بە دریژایی میژووی خەباتی سازشی لەسەر پرسی نەتەوەیی نەکردو بوو بە سیمبولی نەتەوەیی کەم وێنە کە بەهیچ شێوەیەک و لەژێر هەرەشەی هیچ هێزێکی ڕووخێنەر خۆی نەچەماندەوەو سڵی نەکردەوە لە دریژەپێدانی ڕەوتی کاروانی خەباتی چینی چەوساوەدا، بگرە بە گوڕ و تین و حەماسەتەوە کۆڕی خەباتی وەرچەرخاند لە نەبەردایەتی و مەردایەتی کە ئەمە مەدرەسەمانە.

بۆیە گوزەرشتەی ڕاستییە کە بڵێین بارزانیی کوڕ بە هەمان ڕێچکەو بەهەمان حەماسەت هەڵوێستی باو باپیرانی سەرۆک کەفی خوێنی بە قارەمانێتی گرتووە، بۆیە لە مەیدانی سیاسەت و دیبلۆماسیەتدا هەنگاوە ئەرێنییەکانی هەمیشە بەرز نرخێندراوە. لە کاتی ڕووداوی ناکۆکییەکان لە بەرەی عێراقیدا هەمیشە سەرۆک بارزانی ڕایەخی ئاشتەوایی و تەبایی بۆ لایەنە ناکۆکەکان بۆ هەردوو جەمسەر ڕاخستووە. ئەم هەڵسانگاندنانە لەجێگای خۆی! وەکو وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارانەی کەوا دەوڵەتانی ئیقلیمی تووشی شاگەشکەیی کردووە وەکو پرێزێندێک و پێشەوایەک لە کێڵگەکانی خەبات، بۆیە نەیارانی وەکو (حەسەن نەسروالڵای لوبنانی کە هەمو وتارە حەماسییەکانی لە ژێرزەمین و عەمباری خیانەت تۆمار دەکا دژی سەرکردەی نەتەوەیەک هیچ واتایەک ناگەیەنێ، چونکە چاوەکانی بە خۆری ئازادی هەڵنایەو هەمیشە لە پووچی و قەوقەعەتی وەهما لە گوزەرە، بۆیە کە سێبەرە گەورەکەی خۆی لە ژێر زەمینەکانەوە دەبینێ کە سەرکردەی پارتێکە بەناو ئیسلامی ئەم تەخت و تیراجە وەهمیانە وای لە غروری خۆی کرد دووچاری هەڵەی میژوویی ببێ.

ئەو سێبەرە دەستکردەی کە بە گلۆب و بلاجیکتۆر هەڵگیرسایە، وایکردووە خۆی بە زەبەلاحی بێتە بەرچاو چوونکە وا خۆی نیشان دا کەوا حەشدی شیعی نە کەرکووکیان داگیرکردووە نە هاووڵاتی ئەو شارەشیان شاربەدەر کردووە، نە سەرۆک بارزانیش لە بەرەکانی شەڕە بۆ گەڕانەوەی کەرکووک و ڕەوتی سەربەخۆیی. ئەم بێ ئاگاییە ڕاگەیەندراوە خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئیفلیجی سیاسیی بەرەی شیعەگەراییە لەگۆڕەپانەکە و لەمەڕ پرسی کورد، لەرەنگدانەوە گرنگەکانی شەقامی کوردیدا تۆمارببوونی دەنگی ناڕەزایەتییەکان بوو کە سەرجەم کوردستانیانی هەژاند و بەیەک دەنگ و یەکهەڵوێست کەوا ئەمڕۆ نواندیان، چونکە دڵنیابوون کلپەی خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری لە دڵ و دەروونی سەرۆکی نەتەوایەتی خامۆش نابێتەوە، بگرە بەگوڕ و تینتر نەزەتی شۆڕشگێڕی و قوربانیدان لە کاروانی بەرخۆدانە.

ئەم تەحەدییاتە ئیقلیمیانەی کە لەبەرەی بەرهەڵستکاری نەیارانی گەلی کورد کەوتوونەتە بەر ڕشتنی قین و بوغزی نەپچڕاوی خۆیان بۆ سەرۆکی نەتەوایەتی گەلی کورد بەروونی دیارە ئەم گلۆپەی ئاگرینیەو ئەم دژە هەڵوێستە کردارییانە بەڵگەیەکی تازەی ئیرەییانە و بچووکبینینی خۆیانە بنکۆڵی دەکەن کە چەندین ساڵە بە شاراوەیی لە دەفتەری سیاسەت بۆ کورد تۆماریان کردووەو بە تایبەتیش سەرکردە کوردەکان و دیاریشە ڕەنگنەدانەوەی قیژەو هۆرە و دەنگە لەرزۆکەکەی هەڵگری هیچ واتایەک نییەو گەیەنەری پەیامی بچووکبوونەی خۆیانە کە لە کەسایەتییەکی سایکۆپات و نەخۆش بەدەرکەوتووە، کە دووچاری پەتای خۆبەزلزانین و گرێی ئیرەیی بووە.

ئەوەی ماوە بیڵێین ڕاگەیاندنی بچووک بینینیان، بە گەورەیی سەرۆک بارزانی دەگۆڕدرێتەوە و ئەو مەودابینینەشیان بە حیکمەتی سەرکردەیەکی نەتەوەیی لەئاڵۆێردان و ئەم لاپەڕە غوبنەش دەخرێتە سەر لاپەڕەکانی میژوو بۆ خوێندنەوەی مەغبوونیەتی کوردان، هەمیشە بە ئومێدی کوردستانێکی بەهێز و ئایندەی گەش گولۆڕێژ دەکرێ نیشتمان.

هەولێر... جەخت لە پەیوەندی و برایەتی و هەماهەنگی پارتی و تەواوی لایەنەکانی پێکهاتەی تورکمان دەکاتەوە




بۆ هەوال پرسین لە ڕەوشی تەندروستی، دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی بە یاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانییەکان و ئەندامانی مەکتەب، سەردانی حیسام حەسەرت ئەندامی مەکتەبی سیاسی یانەی وجاغی تورکمان و شاعیرێکی دیاری پێکهاتەی تورکمان لەمالەکەی کرد. لەم سەردانەدا هەریەک لە عەبدلکریم و جەوهەر یاسین ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یانەی وجاغی تورکمان ئامادەبون، عەلی حسێن لەنزیکەوە لەڕەوشی تەندروستی و بەرێزیانی پرسی و هیوای سەلامەتی و زووچاک بونەوەی بۆ خواست، هەرلەو دیدارە پەیوەندی و برایەتی هەماهەنگی پارتی و یانەی ئۆجاغی تورکمان و تەواوی لایەنەکانی پێکهاتەی تورکمان لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کورستان تەئکیدی لەسەر کرایەوە.

سەردانتان، ئەوە شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمە کە سەردانتانکردین، ئێوە بەدرێژایی میژوو برای ئێمە بوونە و هەمیشە لەپەیوەندییەکی باشدابووینە لەگەڵ یەکتر، هەروەها وتی، من سێ ساڵە وەک کونسلی گشتی شانشینی ئوردن لەهەولێر کاردەم هیچ کات هەستم بەوە نەکردووە کە لە وڵاتی خۆم نیم، هەمیشە هەولێر بۆ من و تەواوی ئوردنییەکان ماڵی خۆمان بووە، دووبارە بەخێربێن و زۆر سوپاس بۆ هاتنتان. لەلایەن خۆیەوە پارێزگاری هەولێر، وێڕای سوپاسی بۆ کونسلی گشتی وڵاتی ئوردن، هیوای سەرکەوتنی لەکارەکانیان بۆ خواستن و ئاماژەی بەوەدا ئێوە لەماڵی خۆتانن، وەک پارێزگای هەولێریش ئامادەیی هەر هاوکاری و هەماهەنگییەکین لەگەڵتان و ئەوەش بەئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین. پاشان باس لە پەیوەندییەکانی هەردوولاکرا و تیشک خرایە سەر بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی و لەلایەن هەردوولاشەوە تەئکید لەسەر پەرەپێدانی زیاتر و پتەوکردنی پەیوەندییەکان کرایەوە.



هەولێر... پارێزگاری هەولێر سەردانی کونسوڵخانەی ئوردنی کرد

دوێنێ د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بەیاوەری هێمن قادر و تاهیر عەبدوڵا جێگرانی پارێزگار، سەردانی کونسلخانەی ئوردنی لەشاری هەولێر کرد و لەلایەن هەیسم سالح ئەلفول کونسلی گشتی وڵاتی ئوردن و هاوکارانی بەگەرمی پێشوازی لێکرا.
سەرەتا کونسلی گشتی ئوردن دوای بەگەرمی بەخێرهاتنی پارێزگاری هەولێر و شاندی یاوەری ڕایگەیاند، بەناوی خۆم و هاوکارانم لە کونسلخانەی ئوردن زۆر خۆشحاڵ و سەرفرازین بە بەشداربوونی سەردانتان، ئەوە شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمە کە سەردانتانکردین، ئێوە بەدرێژایی میژوو بۆ ئێمە بوونە و هەمیشە سەردانەدا هەریەک لە مەکتەب، سەردانی حیسام حەسەرت ئەندامی مەکتەبی سیاسی یانەی وجاغی تورکمان و شاعیرێکی دیاری پێکهاتەی تورکمان لەماڵەکەی کرد. لەم سەردانەدا هەریەک لە عەبدلکریم و جەوهەر یاسین ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یانەی وجاغی تورکمان ئامادەبون، عەلی حسێن لەنزیکەوە لەڕەوشی تەندروستی و بەرێزیانی پرسی و هیوای سەلامەتی و زووچاک بونەوەی بۆ خواست، هەرلەو دیدارە پەیوەندی و برایەتی هەماهەنگی پارتی و یانەی ئۆجاغی تورکمان و تەواوی لایەنەکانی پێکهاتەی تورکمان لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کورستان تەئکیدی لەسەر کرایەوە.



پێداچوونەوە بە نەخۆشخانە ئەهلییەکان دا دەکرێت



خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی: لە ڕێگە 60 پێوەری جیاجیاوە وەزارەتی تەندروستی، ڕێکخستنەوە بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات. لێژنەیەکی باڵا کە هەریەکە لە وەزارەتی تەندروستی، سەندیکاکانی پزیشکان و بەڕێوبەرایەتی پشکنین و دڵنیایی جۆری و سەرجەم بەڕێوبەرەکانی تەندروستی لە شارەکانی کوردستان ئەندامن تێیدا، هەوڵدەدەن ڕێکخستنەوە بۆ جۆری خزمەتگوزارییەکان بکەن. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیش ڕایدەگەیەنێت، ئامانج لە ڕێکخستنەوەی نەخۆشخانە تایبەتەکان پشتگیری کردنیانە تا خزمەتێکی باشتر پێشکەش بەو کەسانە بکەن کە بۆ وەرگرتنی چارەسەر سەردانیان دەکەن. بەڕێوبەری گشتی پشکنین و دڵنیایی جۆری سەر بە وەزارەتی تەندروستی باس لە مەرجەکانی چۆنێتی پلەبەندی نەخۆشخانە تایبەتەکان دەکات و ئاماژە بەوەدەکات، ئەو پلانەی داندراوە لەسەر چەند مەرجێک ئەستێرە ئەدرێت بە نەخۆشخانە تایبەتەکان نرخی دەرمان و نەشتەرگەری و سەرجەم چارەسەرەکانیش دیاری دەکرێت. لەو مەرجانەی کە لێژنە بالاکە دایان ناوە بۆ هەڵسەنگاندنی نەخۆشخانە ئەهلییەکان، پێکهاتووە لە دیزاین و شوێنی نەخۆشخانەکان و خزمەتگوزارییەکانی نەخۆش و گونجانی هۆڵەکانی نەشتەرگەری، هەروەها گونجاوی نرخی خزمەتگوزارییەکان بە گوێرەی پێوەرە جیهانییەکان، لە سەر بنەمای پێوەرە جیهانییەکان ئەم هەڵسەنگاندنە دەکرێت بە ڕەچاوکردنی بار و گوزەرانی تاک لە هەرێمی کوردستان.

ڕۆشنبیری تاک... خولی ڕۆشنبیری بۆ گەنجان و لاوان و قوتابیان

لەژێر چاودێری هیوا ئەحمد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەهەماهەنگی لەنێوان ناوەندی چالاکی پێگەیاندنی لاوانی باسرمە و ڕێکخراوی زەرتکان و سەنتەری ڕۆشنبیری باسرمە ،خولێکی ڕۆشنبیری بۆ گەنجان و لاوان و قوتابیان لەژێرناوی ڕۆشنبیری تاک بەهاوکاری ناوەندی بالای سەفین کردەوە. لەدەستپێکی کردنەوەی خولەکە بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی دیموکراتی کوردستان، بابەتێکی بۆ ئامادەبوانی خولەکە پێشکەشکرد لەژێر ناوی دانوستاندن و بەتێر وتەسەلی شرۆڤەی ئەم باسەی کرد. جێی ئاماژە پێدانە ئەم خولە ماوەی چوار ڕۆژ درێژەی دەبێت و بەمیواندارێکردنی مامۆستایانی پسپۆر لە بوارەجیاجیاکاندا.

بەرپرسی لقی 16: لاوانی کوردستان سەلماندوویانە کە لەکاری ڕێکخراوەییدا شورای پۆلایینن



16ئاماژەی بەرۆڵی گرنگ و پر بایەخی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کرد کە وەک بارزانی نەمر فەرمووبەتی لاوان شورای بەرپوەبەری کارەبای هەولێر ڕایگەیاند، تا ئێستا شەش هەزار و 244 هاوواڵتی کە کارەبایان بە سەرپێچی ڕاکێشابوو یاخود کارەبایان نەبووە و ڕایان کێشاوە، سەردانی فەرمانگەکانی کارەبایان کردووە و بوونەتە هاوبەشی ڕاستەقینە. دەشڵێ: دوایین مۆڵەت بۆ ئەوانەی کارەبایان بە سەرپێچی ڕاکێشاوە، سەرەتای مانگی داهاتووە، کە دواتر هەڵمەتێکی فراوان بۆ بڕینی کارەبای سەرپێچی دەست پێدەکەین و خاوەنەکانیشیان سزا دەدەین. حوسێن حەمەد، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، دوای ئەوەی مۆڵەتی مانگێک درا بە هاوواڵتیان بۆ ئەوەی هەر کەسێک کارەبای بە شێوەی سەرپێچی ڕاکێشاوە سەردانی بەتایبەتی و لەلایەن هەردوولاشەوە تەئکید لەسەر پەرەپێدانی زیاتر و پتەوکردنی پەیوەندییەکان کرایەوە.

هەولێر... هەڵمەتێکی فراوان بۆ بڕینی کارەبای سەرپێچی دەست پێدەکات



بەئامانجی گرنگیدانی زیاتر بەتوێژی لاوان و کارئاسانی بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان لەپێناو خزمەتکردنی لاوان بەتایبەتی و خەڵکی سنوورەکە بەگشتی، بە ئامادەبوونی بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و دکتۆر شالاو مەلا ئەمین خۆشناو کارگێڕی لق و دکتۆر ناسر هەرکی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و بەرپرسی لێژنە ناوچەی خانزاد و ژمارەیەکی زۆر لەلاوان و خەڵکی سنوورەکە لەمەراسیمێکی تایبەتدا ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی خانزاد کرایەوە.
لەدوای مەراسیمی کردنەوەی ناوەندەکەدا بەرپرسی لقی پۆلایین بەکردەوەش سەلماندوویانە کە هەمیشە هەم لەپرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا وهەمیش لەبواری ڕێکخراوەییدا توانیویانە زۆرترین خزمەت بەنیشتمان و نەتەوەکەمان بگەیەنن کە ئەمەش نیشانەی زیندوویی ئەو ڕێکخراوەیەو هەر ئەمەش وایکردووە لەتەمەنی دوور و درێژ و پڕ سەروەری خۆیدا تا ئێستا لەپێشەنگدا بێت و زۆرترین خزمەت بە میللەتەکەمان بکات. لە بەشێکی دیکەی مەراسیمەکەدا لەلایەن لاوانی بەشداربووی سنوورەکەوە چەندین پرسیارو داواکاری ئاراستەی بەرپرسی لقی16 کران و لەلایەن خۆیشیەوە بڵند ئیسماعیل وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی دانەوەو ئامادەیی خۆیشی دەربڕی بۆ هەر جۆرە هاوکارییەک کە لەڕێگەیەوە خزمەت بەتوێژی لاوان و تەواوی خەڵکی سنوورەکە بکات.

ل پارێزگەها دهۆکێ پتر ژ 620 هزار پەنابەر و ئاوارەیان ل ناڤ و دەرقەی کەمپا دژین

خەبات/دهۆک: ل دوڤ ژێدەرێن بوردێ کاروبارێن مروڤایەتی ل پارێزگەها دهۆکێ وژبەر ئوپەراسیونا لەشکرێ ترکی بو سەر ڕوژئاڤایێ کوردستانێ هەتا نوکە پتر ژ 20 هزار کەسان وەکو پەنابەرێن ڕوژئاڤا قەستا هەرێما کوردستانێ کرینە ونوکەژی ڕوژانە 30-40 کەسا ژ ڕوژئاڤا قەستا کەمپێن پەنابەران ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ دکەن ول هەردوو کەمپێن گەویلان و بەردەرەش دهێنە ئاکنجیکرن و بوردێ کاروبارێن مروڤایەتی ب هەڤکاریا دەزگایێ خێرخازی یێ بارزانی و ڕێکخراوێن مروڤایەتی هەموو پێدڤییێن ژیانێ بو دابینکرینە. هەروەسا وی ژێدەری دیارکر کو ڕێکخراوا کاریتاس یا ئەڵمانی کومبار و پێدڤییێن ناڤ ماليێ ل سەر وان پەنابەران ل ناڤ کەمپان بەلاڤکرینە تایبەت پێدڤییێن زڤستانێ. ل دوڤ ئامارێن فەرمی یێن بوردێ کاروبارێن مروڤایەتی 620 هزار پەنابەر وئاوارە ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ هەنە هندەک ل ناڤ کەمپا دژین وژمارا کەمپان 22 کەمپن و هندەکێن دی ژیانا خو ژدەرڤەی کەمپان ئانکو لناڤا باژێر وگوندێن دەڤەرێ ژیانا خو دەربازکەن وئەڤ سالە بوردێ کاروبارێن مروڤایەتی گازا سپی ل سەر هەمو ئاوارێن لناڤا کەمپان بەلافکریە هەروسا ڕێکخراوا UNHCR کوژمێ 480هزار دینارا ل سەر هەر خێزانەکا پەنابەر ل ناڤ کەمپان بەلافکرینە بو وێ یەکێ پێدڤییێن زڤستانێ بو خو دابینکەن.

گەرمیان... ساڵی پار 9 هەزار نەشتەرگەری بۆ هاوڵاتیان ئەنجامدراوە

خەبات/ سەبریە یوسف: بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان ڕایگەیاند، لە ساڵی 2019دا خەواندنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکاندا کەمی کردوەو زیاتر لە 439 هەزار پشکنینی بێبەرانبەر بۆ هاوڵاتیان ئەنجامدراوە. بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە خەبات ئامادەی بوو، ئاماری چالاکییە تەندروستییەکانی سنورەکەی باڵاکردەوە و وتی: ساڵی ڕابردوو 222 هەزار کەس سەردانی مەڵبەندەکانی تەندروستیان لە گەرمیان کردوە کە بەراورد بە ساڵی پێشوتر کەمیکردوە. ئاماژەی بەوەشکردوە، ساڵی 2019 لەسەرجەم نەخۆشخانەکانی سنورەکەدا نۆ هەزار نەشتەرگەری بۆ هاوڵاتیان کراوە و بە بەهای نیو ملیار دیناریش ئامێر و کەلوپەلی تەندروستی بۆ بنکەکانی تەندروستی سنورەکە دابینکراوە. هەروەها ڕاشیگەیاند: هەر لە ماوەیەدا 106هەزار منداڵ لە چوارچێوەی هەڵمەتی کوتاندا خزمەتگوزاری تەندروستیان پێگەیەنراوەو لیژنەکانی تەندروستیش زیاتر لە 53 تەن خۆراک و مادەی بەسەرچویان لەناوبردوە.

زاخو... تەرمێ دوو برایان ب کوشتی د ئومبێلەکێ هاتنە دیتن

خەبات / زاخو: ژیدەرەکێ ڕێڤەبەریا پولیسێن دهوک ڕاگەهاند تەرمی دوو کەسێن برایێن ئێک ب کوشتی دئوتومبێلەکێ دا ل زاخو هاتنە دیتن، وشوینا گوللەیان ل سەر لاشێن وان هەبو ، و تەرمێن وان بو پزیشکی یا داد هاتنە ڤەگوهاستن و دەزگایێن ئەمنی ژی دەست ب ڤەکولینا ڕوویدانێ کرن.

هاونیشتمانیان داوای ڕێکخستنەوەی ڕۆژانی پشوو دەکەن

مامۆستایەکی زانکۆ: ڕۆژانی پشوو جوولەی بازاڕ زیاد دەکات



ڕاپۆرت: پەریها عومەر

ساڵانە پشوویەکی زۆر هەیە لە داموودەزگاکانی حکوومەت کە هەموو فەرمانبەر و مامۆستا و قوتابیان دەگرێتەوە، ئایا ڕۆژانی پشوو کاریگەری ڕۆژانی پشوو لەسەر جوولەی بازاڕ و ئابووری ولات دەبێت؟ ڕێکخستنەوەی ڕۆژانی پشوو بە پێویست دەزانن؟ کاریگەری و لێکەوتەکانی ڕۆژانی پشوو لەسەر ژیانی تاک و چۆنیەتی بەسەربردنی ئەو ڕۆژانە و بەرنامە و پلانی تاک لە کۆمەڵگەی ئێمە، تەوەری سەرەکی ئەو ڕاپۆرتە دەبێت کە چەند کەسێک وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە:

سۆما خالید ڕۆژنامەنوس و میدیاکار لەبارەیەوە دەڵێت: هەموو تاکێک لە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی بە پلاندانان هەیە و دەبێت ڕۆژانی پشوو دیاری بکات، چونکە ئەمەش گرنگییەکی خۆی هەیە، بەڵام دەبێت بزانرێت کە ئەو ڕۆژە بۆچی تەرخان دەکات؟ ڕۆژانی پشوو لە لای من چێژی تایبەتی خۆی هەیەو جیاوازە، لەگەڵ ڕۆژانی تر، چونکە لەو ڕۆژەدا گرینگی بە حەسانەوەی مێشکم دەدەم و ئەو ڕۆژە تەرخان دەکەم بە دانیشتن لەگەڵ خێزانەکەم و دایک و باوک، هەروەها سەردانی کردن و بازار کردن و ڕۆشتنە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێیانم و ئەو شوێنانەی کە حەزم لێیە، یان سەیر کردنی فیلم لە سینەما ئەگەر بگۆنجێ.

سۆما گوتیشی: بەدڵنیاییەوە ڕۆژانی پشوو کاریگەری لەسەر جوولەی بازاڕ دروست دەکات و کاتێکی گونجاوە بۆ بازاڕ کردن و دەرفەتی زیاترت هەیە بۆ کڕینی پێداویستییەکان، بێگومان هەروەک چۆن باسم کرد کە پشوو لای هەر یەکێک لە ئێمە پێویستە و دەبێت بزانین چۆن ڕێکی دەخەین، پشوودان وزەی زیاترت پێدەبەخشی و ماندووبوونەتی ڕۆژانی پێشووت و پاڵەپەستۆت ناهێڵێت، جەستە و میشکیش بە بەردەوامی پێویستی بە ئیسراحەت هەیە و وات لێدەکات هەمیشە بە ئەرێنی بیر بکەیتەوە.

ئازاد عەبدولعەزیز مامۆستای زانکۆیەو بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەڵێت: پشوو لەوانەیە لە کەسێکەوە بۆ یەکی دیکە جیاوازبێتن، خەڵک هەیە بۆ سەفەر کاتەکانی پشوو بپاتە سەر، خەڵکیش هەیە بە خۆ تەرخانکردن بە خوێندنەوەو نووسین بەسەردەبات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستان بۆ کاتبەسەربردن و چوونەدەرەوەو سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات دەبنەسەر. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت، کەدەبێ خەڵک سەفەر نەکات، یان تەواوی کاتەکانی بۆ خوێندنەوە تەرخان بکات، بە ڕای من هەردووکیان پێویستن بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگەی کوردی.







هەروەها مامۆستا ئازاد گوتی: بێگومان کاریگەریی هەیە، بەڵام بەو شێوەیە نییە کە کاریگەری نیگەتیڤی هەبێ بەڕای من ڕێژییە، هەندێ جاریش دەبینی بەپێچەوانەیە لەکاتی پشووەکان بازاڕ لە جوولانەوەیە.

لە وڵاتی ئێمەدا ئەم هەموو پشووە کە هەیە کار و ئیشی خەڵک دوادەکەوێت بە تایبەتی لە فەرمانگە حکومییەکان، لە دواکەوتنی خوێندن لە زانکۆ و قوتابخانەکان، ئەمەش بە زیان بۆ بەرەپێشچوونی کۆمەڵگەمان بەکۆتا دێتن، بۆیە ڕێکخستنەوەی تەواوی پشووەکان ئەرکی حکوومەتە و پێویستە پێداچوونەوەیەکی جدی بکات. نیشتمان عەلی تۆیژەری دەروونی دەڵێت: ڕۆژانی پشوو بۆ هەر تاکێکی کومەڵگا کاریگەری و گرنگی خۆی هەیە، دەتوانین لە ڕۆژانی پشوو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان بەهێز بکەینەوە، بەتایبەت بۆ خێزان زۆر گرنگە بتوانن ڕۆژانی پشوو قەرەبووی ئەو کاتانە بکەنەوە کە نەیانتوانیووە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەسەری بەن، دواتر کاتێک بۆ دەتوانین سەردانی شوێنێک بکەین سەردانی هاوڕێکانمان بکەین بۆ ئەوەی جەستەو دەروونیشمان ئارام بێتەوە لەو جەنجاڵیەی ژیان کەمێک دووربکەوینەوە.

هەروەها نیشتیمان گوتی: بێگومان پشووەکان کاریگەری دەبێت لەسەری جولەی بازاڕ زۆربەی پشووەکانمان بە بۆنەیەکە کە لەو بۆنانەدا هەرتاکێک پێویستی بەکۆمەڵێک پێداویستی هەیە بەتایبەت بازاڕکردن بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران، لە ڕۆژانی دەوام قورسە.

دارا ئەنوەر زۆراب پسپۆرلە بواری کۆمەڵناسی لەمبارەیەوە گوتی: بە گشتی لە ڕۆژانی پشوو، بۆ ئارامی جەستە، خەوتن، وەرزش کردن، خوێندنەوەو ڕێکخستنی کتێبخانە، پیاسەکردن و سەیرکردنی فیلم و چوون بۆ سینەماو سەردانی شوێنەوارو سەیرانگاکان و پیادەکردن. بێگومان کاریگەری دەبێت ، بەپێی جۆری کۆمەڵگەو کەلتووری کۆمەڵگەکان و پەروەردەی تاکەکانی دەگۆڕێت هەندێک کات ئەرێنی دەبێت و هەندێک کات نەرێنی دەبێت گرنگە پشووەکان ڕێک بخرێت، لە هەمان کاتدا زیاد بکرێت، لە هەفتەیەک دا دووڕۆژ پشوو هەبێت، ڕۆژانی پشوو یارمەتیدەرە بۆ جێبەجێکردن و ڕاپەراندنی هەرشتێک کە خۆت خواست و خولیات بۆی هەیە، پشوو ڕێک بخرێت و زیاد بکرێت، بەرهەمی مادەی و مەعنەوی کاری مرۆڤەکان لە بواره جیاجیاکاندا زیاد دەبێت.

چایخانەی مام خەلیل یەکێک لە چایخانە هەرە دێرینەکانی هەولێر

محەمەد خەلیل چایچی:

باوکم لە ساڵی 1952 ئەو چایخانەی دروستکرد، پێشتریش بۆ خۆی لە چایخانەی عەبۆ قاوەچی شاگردبوو

خەبات – هەولێر

چایخانەکە لەسەر ڕووبەرێکی بچووک و بە شێوازێکی کۆن دراوستکراوە و تا ئێستا دوو جار نۆژەنکراوەتەوە، خاوەنەکەشی داوا لە دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان دەکات کە لە ڕێبەری گەشتیاراندا ئاماژە بە چایخانەی مام خەلیل بکەن وەک شوێنێکی کولتووریی و مێژوویی.



شاری هەولێر ژمارەیەک چایخانەی کۆن لەخۆدەگرێت کە مێژوویەکەیان بۆ زیاتر لە نیو سەدە دەگەڕێتەوە و تا ئێستاش وەکو چایخانە ماونەتەوە و خەڵکێکی زۆر ڕۆژانە سەردانی دەکەن و بووەتە شوێنی کۆڕ و کۆبوونەوەی چین و تۆیژەکانی کۆمەڵگا تەنانەت زۆربەی گەشتیارانیش سەردانی ئەو چایخانانە دەکەن و وێنەی یادگاری لێ دەگرن.

یەکێک لەو چایخانانە، دەکەوێتە ناو بازاڕی قەیسەری شاری هەولێر، چایخانەی مام خەلیل-ی چایچی-یە کە لە ساڵی 1952 کراوەتەوە و ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن و بووەتە شوێنێک بۆ کۆکردنەوەی ئەرشیفی وێنەی کۆن و سەدان وێنەی جیاجیا بەسەر دیواری چایخانەکەوە دەبیندرێن.

چایخانەکە لەسەر ڕووبەرێکی بچووک و بە شێوازێکی کۆن دراوستکراوە و تا ئێستا دوو جار نۆژەنکراوەتەوە، خاوەنەکەشی داوا لە دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان دەکات کە لە ڕێبەری گەشتیاراندا ئاماژە بە چایخانەی مام خەلیل بکەن وەک شوێنێکی کولتووریی و مێژوویی.

محەمەد خەلیل سالح کۆڕی مام خەلیل-ی چایچی-یە و دوای کۆچی دوایکردنی باوکی، ئەو سەرپەرشتی چایخانەکە دەکات و ڕۆژانە بە جلوبەرگێکی کوردییەوە دەچێتە چایخانەکە و زۆرجاریش لەگەڵ میوانەکان و گەشتیاران دادەنیشێت تا مێژووی چایخانەکە بۆ گەشتیاران باس بکات.

محەمەد خەلیل چایچی گوتی: "باوکم لە ساڵی 1939 لە گەڕەکی عارەبان-ی شاری هەولێر لە دایکبووە و تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندبوو، دواتریش دەستی بەوکارە کردووە و پیشەکەی نەگۆڕیووە تا دوا ساتەکانی ژیانی".

محەمەد خەلیل چایچی گوتیشی: "سەرەتا باوکم لە ساڵی 1952 ئەو چایخانەی دروستکرد، بەڵام پێشتریش بۆخۆی لە چایخانەی عەبۆ قاوەچی شاگردبوو، ئەوکات تەمەنی 13 ساڵان بوو، لەوکاتە بەدواوە بەردەوام بوو، هەموو ژیانی لەم چایخانە بەسەربرد تا ساڵی 2015 کە کۆچی دوایی کرد".

محەمەد خەلیل چایچی باس لە قۆناغەکانی مێژووی چایخانەکە دەکات و دەڵێت: "سەرەتا چەند چایخانەیەکی کەم هەبوون لە هەولێر، چایخانەی مام خەلیل بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکە کە کەوتووەتە ناو بازاڕی قەیسەری هاوکات قەسابەکان لە نزیک چایخانەکەوە کاری کڕین و فرۆشتنییان دەکرد بۆیە چایخانەکە هەمیشە جمەی کاسبکارانی لێ دەهات و دواتریش لە ساڵانی هەشتاکان، کاتێک خەڵک لە گوندەوە دەهاتنە هەولێر، ئەوا دەبوو سەرێک لە چایخانەی مام خەلیل بدەن و چای بخۆنەوە".

لە چایخانەکەدا ژمارەیەکی زۆر وێنە لەسەر دیوارەکان دەبیندرێن و لەبارەی وێنەکانیشەوە، محەمەد خەلیل چایچی گوتی: "باوکم حەزی بە وێنە بوو بۆیەش تەواوی چایخانەکەی بە وێنە پڕکردووەتەوە و وێنەی کەسایەتی زۆری تیادایە، ئەوانەی سەردانی ئێرە دەکەن جگە لە هاووڵاتییەکان ئەوا کۆنسولەکان و سیاسییەکانن، هەروەها گەشتیارانی ناوەڕاست و خواروو عێراق و گەشتیاری بیانیش زۆر سەردانمان دەکەن و زانیاریی مێژوویی لەسەر چایخانەکە وەردەگرن".

خەلیل ساڵح حەویز لە2015 کۆچی دوایی کرد و دوای ئەوەیش محەمەد خەلیل شوێنی باوکی دەگرێتەوە و وەک خۆی دەڵێت "دوای نەمانی باوکم، من هاتمە ئێرە و سەرپەرشتی چایخانەکەم کرد و توانیم پەرەی پێبدەم و بۆ ئەوەی کولتوور و مێژووی چایخانەکە بپارێزین بۆیە کورەکەشم جێگای خۆم دەگرێتەوە".

ناوبراو داوا دەکات کە چایخانەکەیان بۆ گەورە بکرێت، هاوکات لە ڕێبەریی گەشتیاریدا ئاماژە بە چایخانەی مام خەلیل بکرێت و لەمبارەیەوە گوتی: "داوا دەکەین دوکانەکەمان بۆ گەورە بکەن و لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم دەکەین کە لە ڕێبەری گەشتیاریدا ئاماژە بە چایخانەی مام خەلیل بکرێت بۆ ئەوەی زۆرترین گەشتیار سەردانمان بکەن و ئەمەیش بۆ پاراستن و کولتووری نەتەوەیەکە".



سوورە مەرکەبی

کۆبانێی بارزانی و غەززەی عەرەب و موسڵمانان

حوسێن عوبەیدی ئیمام و وتارخوێنی مزگەوتی (زەیتوونە)ی تونس کە بە ناوبانگترین مزگەوتی وڵاتی تونسە دەڵێ: بە (24) وڵاتی عەرەبی و (50) وڵاتی ئیسلامی ناتوانن خواردەمەنی بگەیەنن غەززەی عەرەب و موسڵمان نشێن، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمێکە و بەناو وڵاتی دوژمنێکیدا هێزی گەیاندە کۆبانێ و نەیهێشت کۆبانێی کورد بکەوێ، بۆیە من وەک عەرەبێکی موسڵمان شانازی بە سەرۆک بارزانی دەکەم و لەو باوەڕەدام بە هەزار سالّی تر سەرۆکێکی هاوشێوەی بارزانی لەناو عەرەب و ئیسلامدا هەڵناکەون.

ئەو گوتن و بەراوردەی حوسێن عوبەیدی ئیمام و وتارخوێن لە نێوان سەرۆک بارزانی و (24) وڵاتی عەرەبی و (50)وڵاتی ئیسلامی زۆر هەڵدەگرێ و جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە، هەر ئەوەش نا، لە کاتی هێرش و پەلامارەکەی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەناو هەموو وڵاتان و دەزگاکانی خێرخوازیدا یەکەم دەزگای خێرخوازی بوو خواردەمەنی و پێداویستی پزیشکی گەیاندە کوردانی ئاوارەبووی رۆژئاوا، جگە لەوەش هەر بە فەرمانی سەرۆک بارزانی محەمەدی جەستە هەڵقرچاو بە چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی دەرباز کرا و بە فڕۆکەی تایبەتی گەیەنرایە وڵاتی فەرەنسا.

خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ حوسێن عوبەیدی ئیمام و وتارخوێنی تونسی لەو بەراوردەیدا راستەوخۆ بە سەرۆک و بڕیار بەدەستانی ئەو (24) وڵاتە عەرەبی و (50) وڵاتەی ئیسلامییە دەڵێ: ئێوە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ و هێز و سوپا و جبەخانەی جەنگێن، کەچی بە هەموتان مەسعود بارزانییەکتان لێ دڕووست نابێ و ناتوانن خواردەمەنی بگەیەنن غەززەی عەرەبی و موسڵمان نشێن.

مەسعود بارزانیش خاوەنی وڵاتێکی داگیرکراو و بەش بەش کراوە و چوار داگیرکاری وڵاتەکەشی بە هێز و سوپا بەردەوام بۆی لە بۆسەدان و پیلان لە دەوای پیلانی لە دژ دەگێڕن، کەچی لە هەر شوێنێک کورد لێی بقەومێ سنوورە دەستکردەکانی وڵاتەکەی دەبڕێ و بە هانایانەوە دەچێ، بە واتایەکی تر پێیان دەڵێ غەززە بێکەسە و ئەگەر خاوەنی مەسعود بارزانییەک بووایە، ئاوا بێ پشت و پەنا نەدەکەوت و لانیکەم خواردەمەنی دەگەیاندە منداڵە برسییەکانی.

لە پەراوێزی ئەو وەڵامانەی بۆ بێڕێزییەکانی حەسەن نەسروڵڵا نووسران



فاخر عەلی عارف

بیرمەند و ئەدیبی گەورەی کورد (ئەحمەدی خانی) بۆ گەیاندنی پەیامی مافخوازی و نەتەوەیی و نیشتمانی کورد بە جیهان و هەڵکردنی ئالای ئەدەب و وێژە و ڕۆحی لێبوردەیی و جوانی پێکەوەژیانی کلتوری کوردی لە بانی گەردوون، تەنیا دەبەستێتەوە بەهەبوونی لێژەگەڕێکی حەکیم، دانا، لێهاتوو و دادپەروەر بە ناوی (خودان). تەنانەت ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کورد و یەکدەنگی و ئیتیفاق و قەدرزانینی زانست و هۆنەر و ڕۆناکبیری، بە حەسرەت و ئارەزووی بوونی هەمان "خودانێتی" بۆ نەوەکانی داهاتووی ئەم نەتەوەیە بە میرات هێشتۆتەوە.

چەمکی خودانی کردن و خودانێتی لای ئەحمەدی خانی بڕیتییە لە هاوسەنگیی نێوان تێڕوانینی ئایدیالی و تێگەیشتنی ماتڕیالی و سروشتی، بە بونیاتنانی پردێکی بەهێزی ئەدەبی لە نێوان عەشقی مەجازی و عەشقی حەقیقیدا. لە لایەکی تردەوە خەبات و بزاڤی نەتەوەیی و کومەڵایەتی بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیەکی بەشخوراو، هەروەها سەرکەوتن بەسەر تەواوی بەربەست و ئاستەنگی ئەنجامی داگیرکاری و ستەمکاری دوژمنانی ئەم نەتەوەیە، بە بوونی خودانێکی کەرەمدار و دادپەروەر و دانا، مەرجدار دەکات، وەکو دەفەرموێ:

گەر دێ هەبووا مە ژی خودانەک
عالی کەرەمەک لەتیفەدانەک
علم و هونەر و کەمال و ئزعان
شعر و غەزل و کتاب و دیوان
ئەڤ جنس بها ل با وی مەعمول
ئەڤ نەقد بها ل نک وی مەقبول
من دێ عەلەما کەلامێ مەوزوون
عالی بکرا ل بانێ گەردوون

دیارە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد، لە ڕووی پێکهاتەی سەرکردایەتی بەرخودان و خەباتی نەتەوەییدا، لە قۆناغی جیاجیادا ئەم بیرۆکەیەی خانی بە هەند وەرگرتووە، تەنانەت لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە چوارچێوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بە ناوی بزووتنەوەی بارزان، نەزەریەی خانی لە مەیدانی پراکتیکدا بە هێزێکی تایبەتی مەعریفەی عیرفانی و نیشتمانی کەوتە واری جێبەجێ کردنەوە بۆ هەمان مەبەستی یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی کورد و کوردستانی، لە پێناو چارەسەرییەکی مەدەنیانەی کێشەی نەتەوەی کورد.

هەر بە پێی ئەم پرینسیپە بە درێژایی مێژووی خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی سەرباری تەواوی کۆسپ و پیلانی میژوویی، بزووتنەوەی کورد لەم پارچەی باشووری کوردستان پێشڕەچوون و دەسکەوتی مێژوویی بەدەست هێناوە، وەکو ڕۆڵی ئێستای هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسی و نێودەوڵەتی و هەرێمیدا، بەتایبەت دەوری خۆڕاگری و بەرەنگار بوونەوەی پێشمەرگەی کوردستان بە رابەری سەرۆک مەسعود بارزانی لە بەرامبەر بیر و هێڕشی تۆندکاری داعش، کە لە سایەی هەڵگری کلتوری لێبوردەیی و پێکەوەژیاندا، کورد ئیعتبارێکی جیهانی بەدەست خست و ئەنجامەکەشی سەرکەوتنی ریفراندۆمی کوردستان لەسەرووی هەموویانەوەیە. چەکی کلتوری لێبوردەیی و پێکەوەژیان، لە گرینگترین ئەو چەکانەیە کە کۆمەڵگای کوردی هەڵگریەتی و دروست بوونی ئەم جۆرە کلتورەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ بونیاتی هزر و بیری خودانیەتی کردنی ئەم گەلە ستەم لێکراوە، ئەمەش بۆتە گرینگترین چارەسەری ئەو کێشەیەی لە بەرامبەر بیری تۆندڕەوی کە جیهان تێیکەوتووە. چونکە بەشداری لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش چەندە خۆی لە چەندایەتیدا دەبینێتەوە دوو ئەوەندەی لە چۆنایەتیدا خۆی دەبینێتەوە. ئەویش بە هۆی هەڵگری کلتوری بیری تۆندڕەوی هەندێ لایەنی وەکو هێزەکانی میلیشیای شیعەی تۆندڕەو هەربەو ئەندازەی کە بیری تۆندڕەوی داعش بۆتە مەترسی بەسەر ئاشتی جیهانی، دوو ئەوەندە بیری تۆندڕەوی هەندێ میلیشیای شیعە ئێستا بوونەتە هەمان مەترسی بەسەرئاشتی جیهانییەوە بەڵکو مەترسیدارتریش.

ڕابەرایەتی کاریزمای کەسایەتی سەرۆک بارزانی لە خودانیەتی کردنی کلتور و فەلسەفەی ناتوندوتیژی بۆتە مایەی سەرنجی جیهانی، هەروەها بە هۆی ئەزموونی دەوڵەمەندی ڕابەرایەتی لە سایەی خودانیەتێکی مەیدانی بە ڕەهەندی کومەڵایەتی و ڕۆحی و نەتەوەیی لە چوارچێوەی تەمەنێکی پڕبەها لە خەبات و تێکۆشانی نیشتمانی و نەتەوایەتیدا، بۆتە هیوای سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و عێراقی بۆ ڕزگارکردنی وڵات لەو قەیران و گێژاوە سیاسییەی بە هۆی عەقڵییەتی تۆندڕەوی هەندێ لە میلیشیای شیعی و مەترسیی کلتوری تۆندڕەوی داعش کە ئێستا تێکەوتووە. هەربۆیە نوێنەرانی ڕاستەقینەی بیری تۆندڕەوی بە بوونی بیری ئاشتەوایی و ناتوندوتیژی و کلتوری پێکەوەژیانی پێشمەرگەی کوردستان بە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان و بە خودانیەتی جەنابی مەسعود بارزانی، هەست بە مەترسی و سەرلێشێواوی زۆر دەکەن لە ئایندەی گێچەڵخوازیی خۆیان لەوانە حەسەن لە نەسرلادای لوبنان.

هۆکار و ئامانجی حەسەن نەسروڵا لە دەربڕینە لەرزۆکەکانی لەوەدا دەردەکەوێ کە تۆڵەی قاسمی سولەیمانی لە کاتی ناشتنی تەرمەکەیدا، بە دەنگی زەینەب خانمی کچی سولەیمانی ئاوێزانی ملی میلیشیا شیعەکانی 6 وڵاتی سوریا، لوبنان، عێراق، یەمەن، غەزە و ئەفغانستان کرا، کە لە نێویاندا حەسەن نەسرولاّی بە مامەی خۆی ناوبرد، دیارە ئەم مجاملەیە ئەرکی سەرشانی مەلا حەسەنی قوستر کردووە، کاتێ ئەم داخوازییەی زەینەب خانم بە هۆی گیرخواردنی لە قۆراوی دۆخی سیاسیی لوبنان بۆی مومکین نیە، لە لایەکی ترەوە مەلا حەسەن ئامانجیەتی لەسەر حسابی دۆخی سیاسی و ئەمنی عێراق خواستی برازا شۆخەکەی بەجێ بهێنێ، بەڵام لە هەرلایەکەوە ڕووبەڕووی ڕۆڵی ئاشتەوایی و کاریگەریی هەرێمی کوردستان بە ڕابەرایەتی جەنابی مەسعود بارزانی دەبێتەوە و لە هەوڵەکانیدا تووشی بێ ئومێدی و سەرلێشێواوی ئەخلاقی بووە، کە لە دەربڕینە ناماقوڵەکانیدا بەرجەستە دەبوون.

بێڕێزییەکەی حەسەن لە نەسرلادا چەند وەڵامێکی فەرمی لە لایەن دامەزراوەکانی بالای هەرێمی کوردستان وەکو سەرۆکی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمان بە دوای خۆدا هێنا، ئەگەرچی ئەم وەڵامانە لە ڕاست بێ ئەدەبییەکەی کابرادا زۆر بەجێ و ڕێ بوون، بەڵام لە ڕاست کەسایەتی کاریزمایی و ڕۆڵی مێژوویی ڕابەرایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد جەنابی مەسعود بارزانی کوتایی ناهێ، چونکە ئەم وەڵامانە لە ئاست مافی بەهای خوێنی شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد پێویست بە بەردەوامی دەکات، بەڵکو تەنیا وەڵامی کە ڕۆحی شەهیدان و قوربانییەکانی خەباتی گەلی کورد زیاتر پێ شاد بێتەوە، هەمان لە دەست نەدانی دەرفەتی ڕاگەیاندنی دامەزراوەی بالای خودانێتی کوردستانییە بە پێشەوایەتی جەنابی مەسعود بارزانی.

لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی و نیشتمانی و هەروەها ئەرکی ئەخلاقی و کوردایەتی وا پێویست دەکات، لە زەمینەیەکی ڕەخساوی سیاسی هەنووکەییدا دەرفەت و فورسەت حەرام نەکرێن و بە شێوەیەکی کەتواربینانە لە پێناو ڕاگەیاندنی خەون و ڕێگە چارەی کوتایی کە بیرمەندی مەزنی کورد ئەحمەدی خانی هیوای بۆ خواستوو، بە میکانیزم و ئالییەتی شەرعی وەکو پەرلەمانی کوردستان، لەبەر تیشکی خوێندنەوەی زانستی و ئاکادیمیانەی نەزەریەی خانی لە لایەن ناوەندی دیراسات و لێکۆڵینەوەی ئیستراتیژی لە چوارچێوەی پانێل و لێکدانەوەی ئاکادیمی، کار بۆ دامەزراوەی پێشەوایی و ڕابەری جەنابی سەرۆک بکرێ. چونکە ئەم دۆخە ئالۆزەی کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهان تێیکەوتووە، پێگەی ئاشتیخوازانەی هەرێمی کوردستان زۆر بە هێزەوە لای کومەڵگای دەولی حسابی بۆ دەکرێ. بە گوێرەی پێشهات و ڕووداوەکانی تایبەت بە پەیوەندییە ئالۆزەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا و ئەوروپا چاوەڕان وا مەزەندە دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی هەر دۆخێکی نەخوازراوی پەیوەست بە ئاسایشی ناوچەکە، هەرێمی کوردستان بە گرینگترین پەناگای تەنا و هێمن لای کومەڵگای نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێ. هەربۆیە حەسەن لە نەسرلاداکان لە نیشانە گرتنی گەوهەری بونیاتنەری ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوررستان، لەرز و تایان گرتووە.

ئەوەیە کە لە پەراوێزی وەڵامەکانی دامەزراوەی بالای هەرێمی کوردستان و یەک هەڵوێستی و هاوئاهەنگی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی، دەرفەتێکی زێڕین دەخاتە پێش، بە مەبەستی کارکردنێکی هەمەلایەنە بۆ گونجاوترین وەڵامی مێژوویی لە پێناو بەجێ هێنانی خەون و مەرجی ئەحمەدی خانی بۆ بەرزکردنەوەی ئالای پیرۆزی ئامانجە بالاکانی نەتەوەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان، واتە بانی گەردوون.







کورد بوون و سیمبولە نەتەوەییەکان



هەورامان عەلی تۆفیق

باس و خواستی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی لە دونیادا قسەوباسی زۆری لەسەرە، چۆن لەپاڵ ئەمەشدا دیموکراتییەت و دادپەروەری و مرۆڤایەتی و یاسا لە نێو گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆدا کەوتوونەتە ژێر پرسیار و بەدواداچوونی جدییەوە.

وڵاتانی ڕۆژئاوا پێش هەموو نەتەوەکانی دونیا ناسیۆنالیستی نەتەوەیبان بەچەند قۆناغێک تێپەڕاند و دونیای ژیان بەئاراستەی خۆشگوزەرانی و دیموکراتییەت و یاسا و دادپەروەری کرایەوە، بەڵام هێندەی نەبرد گۆڕانکارییەکان لە زیادبوونی بەرژەوەندییەکان و تەشەنەکردنی هێزی سەرمایەداری و جەنگی ئابووری وڵاتان و سەرهەڵدانی گرووپەتیرۆرستییەکان تەواوی ئەو ڕێڕەوە سیاسییەی گۆڕی، پارتە سیاسییە ناسیۆنالیستەکان ڕوویان لەبووژانەوە نا و لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپا بەرێژەیەکی دیار و بەرچاو هاتنە نێو پەرلەمانی وڵاتەکانیان، بەجۆرێک سیاسییەکان ناسیۆنالیستی نەتەوەیی بە ژەهری نێو ئایدۆلۆژیا پێناسە بکەن، یان نەتەوەبوون بە خیانەتی نیشتمانی لێک بدرێتەوە، ئەمانەش وتەی سەرۆکی وڵاتانی زلهێزی ئەوروپا بوون .

بەم ئاراستەیە دەکرێ نەتەوەیەکی مەدەنی لەگەڵ ناسیۆنالیستێکی نەتەوەیی تۆندڕەو جیاوازی هەبێت، دەکرێ لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەن دەوڵەت و کیانی سەربەخۆن کاری لەسەربکرێت، لەهەمانکاتدا ئەم نەتەوانە بەجیاوازی ئایدۆلۆژیا و ناکۆکییە سیاسییەکان نەتەوەیی بوونی خۆیان پاراستووە .

ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەک لە تەواوی ماف نەتەوەییەکانمان لە چوارچێوەی بوونی دەوڵەت بێبەش بووین، لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کورد بەسەریاندا دابەش بووە ویستومانە لە نێو ماف دەستووری و ماف یاساییەکاندا وەک هاوواڵتی ئەو وڵاتانە ماف‌کانمان پارێزراو بن و ئازادانە بژین، بەڵام لەوەشدا ڕێگامان لێگیراوە و پێیان ڕەوا نەبینیوین. لە عێراقی ئەمڕۆدا کارگەیشتە ئەوەی کێ دژی کورد بووبێت ئەوە دەبووە براوەی هەڵبژاردنەکان، لەسااڵنی دوایی پاڵەپەستۆکان لەسەر کورد هێندە زۆربوون کوردیان ناچارکرد بیر لەڕێگاچارەی دی بکاتەوە، ئەوە بوو سەرۆک بارزانی ڕابەرایەتی پرۆسەی ڕیفراندۆمی دەست پێکرد.

ئەوەی لێردا من زیاتر مەبەستمە ئەوەیە هەندێک کوردبوونی خۆیان وابەستەی ئایدۆلۆژیا کردووە و گرێدراوی ناکۆکییە سیاسییەکان و هەندێ ڕق و کینەی تایبەت و لەڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە لە پرسە چارەنووسسازەکاندا دەنگی نەشاز و حاشاکردن لە کوردبوونی خۆیان دەکەنە دەنگی نارەزایی لە ژێر پاساوی دژ بەگەندەڵی، لەکاتێکدا دەبینین نەتەوەکانی دی خاوەن دەوڵەوت و کیانی سیاسی و پێگە و ڕێگەی ئابووری خۆیانن و کێشەی زیاتریان لە ئێمەی کورد هەیە، بەڵام هاوواڵتیان زیاتر شانازی بەنەتەوەکانی خۆیان و ئااڵ و سەرکردە نەتەوەییەکانی خۆیانەوە دەکەن، هەندێک ئێمەی کوردیش؟! بەپێچەوانەوە لە پیرۆزییەکانی خۆمان دەدەین و نەفرەت لە کوردبوون و ئااڵ و نەتەوایەتی خۆمان دەکەین؟!، ئەمەش پێویستی بەهەنگاوی جدییە بۆ زیاتر تەشەنە نەکردنی، چونکە ئەمڕۆ ڕێژەکەی کەمە و ئاسان چارەسەر دەبێت لەوەی سبەی بەرفراوان بێت و ببێتە کێشەیەکی نەتەوەیی گەورە و لەدەست دەربچێت .

دەبێ بەزاندنی هێڵە سوورە نەتەوەییەکان بەیاسا دیاری بکرێن و سوکایەتی پێکردنیان بەسزا بەرەنگاری بینەوە، بەجۆرێک لایەنە سیاسییەکان لەڕێگای پەرلەمانەوە پابەندبوونی خۆیان نیشان بدەن، تا ئەم هەنگاوە ڕێگا لە خیانەتی نیشتمانی و نەتەوەیی بگرێت، گەر توانرا لەم چوارچێوە نەتەوەییەدا خۆمان کۆبکەینەوە و لەڕێرسایەیدا دەکرێ زۆر ئاستەنگ و کێشە تێپەڕێنین، دواتر کێشە سیاسی و ئیدارییەکان چەند بن کاریگەری و مەترسی بۆ سەر پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی نابێت و کوردبوون و سیمبولە نەتەوەییەکانمان پارێزراو دەبن.



وەیسی سەعید وەیسی

لەپەراوێزی پەسندکردنی یاساکەیدا

ماددە هۆشبەرەکان ئافاتێکی مەترسیدارە

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە بەهۆی کۆمەڵە هەلومەرجێکەوە بەتایبەتیش هاوسنووربوونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەند وڵاتێک، هەست بەهەبوون و تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان دەکرێت، کە ئەمەش بەیەکێک لەگەورەترین ئافاتی مەترسیدار دادەندرێت کە هەرەشە لەمرۆڤایەتی دەکات کەبەپێی ئاماژە فەرمییەکان لەسەرتاسەری جیهاندا (183)ملیۆن کەس ئااڵوودەی ماددەهۆشبەرەکان بوونەتەوە، بۆیەش هەمیشە دوژمنانی گەلەکەمان دەیانەوێت بەمەبەستی ڕووخاندنی تاک و تێکچوونی شیرازەی خێزان، کارلەسەر تاکی کورد بکەن بەمەبەستی ئااڵوودەکردنیان کە ئەمەش یەکێکی ترە لەو پیلانانەی کە دەیگزنەبەر بۆ دوورخستنەوەی تاکی کورد لە ڕاستەڕێی ڕەسەنی خۆی و بێ هێزکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی، کە دەتوانین ئەمەش بەتەواوکەری پیلانەکانی تری دوژمنان دابنێین بۆ لەناوبردنی خەڵکی کوردستان کە دەبێ هەموو لایەک هەوڵ و کۆشەش بکەن بۆ نەهێشتن و بنبرکردنی ئەم ئافاتە، چونکە بەکارهێنانی ئەم مادەیە جگە لەوەی پێچەوانەی پرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلامە، لەڕووی تەندروستیشەوە زەرەر و زیانێکی گەورەی هەیە، چەندین کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و تەنانەت خێزانیشی دروست کردووە.

کاتی هاتووە هەست بەمەترسییەکانی بکەین و ڕووبەڕووی ببینەوە، نەخاسمە کە لەماوەی ڕابردوودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێکاری توند و سزای قورستر، پرۆژە یاسایێکی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کرد کە دوای گفتوگۆیێکی تێروتەسەل سەرەنجام لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا لەبەرواری 2020/1/12 پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران یاساکەی پەسند کرد کە لێرەوە بەدوا بەپێی ئەم یاسایە مامەڵە لەگەڵ ئەم ئافاتە مەترسیدارە دەکرێت لەهەرێمی کوردستان، کە لە یاساکەدا جگە لە پێکهێنانی لیژنەیێکی باڵا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لەهەمانکاتدا قورسترین سزا بۆ سەر بازرگانانی ماددەی هۆشبەر دانداوە لەگەڵ کردنەوەی سەنتەرێکی چارەسەرکردن کە بەدڵنیاییەوە هەموو ئەمانەش دەبنە هۆکارێکی سەرەکی بۆڕێگری کردن لەوکارەمەترسیدارە.

لەم دەرفەتەدا پێویستە بەگرنگییەوە ئاماژە بە ڕۆڵی دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان بدرێت کە بە بەردەوامی لەهەوڵی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکاندا بوونە تا هەرچۆنێک بێت ڕێگری لەم ئافاتە مەترسیدارە بکەن.

لەپەراوێزی پەسندکردنی ئەم پرۆژە یاسایەدا هیوا و ئومێدمان وایە هەموو لایەک هاوکار و پاڵپشت بن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان تا هەمیشە کوردستان هەر بە پاکی بمێنێتەوە لەم جۆرە ماددە مەترسیدارانە کە بە پیلانی دوژمنان ئاودیوی ناو خاکی پیرۆزی کوردستان دەکرێن.

بەرەو کۆنگرەی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان



یونس حەمەد/ ئۆسلۆ

دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی کەوا پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە سەرجەم هەڵبژاردە گشتی و ناوخۆییەکاندا بەدەستیهێنا، لەوەتەی حوکمڕانی کوردی لە ساڵی 1992 جەماوەر و گەل متمانەی بەپارتی بووە، لەهەر هەنگاوێکدا پارتی هاوێشتبێت ئەوە بە دەنگی خەڵک سەرکەوتوو بووە.

پارتی بە هۆی سیاسەتی حەکیمانەی کە لەسەرۆ ڕێگا و ڕێبازی بارزانی نەمر وەک پرێنسیپ پەیڕەوی دەکات تووانیویەتی سەرکردایەتی گەلی کوردستان بکات بە هەمو چین و تۆێژانییەوە، جالێردا پێوویستە پارتی دێمۆکراتی کوردستان بەردەوام بێت لە پێشڕەوی کردنی گەل و نیشتیمان، لە ساڵی 1946 بەڕابەرایەتی باوکی ڕووحی نەتەوەیی کورد مستەفا بارزانی پارتی لە باروودۆخێکی هەستیاردا دامەزرا، هەستیارەکە لەوەدابوو کە هێشتا کاریگەری و ئاسەوارەکانی جەنگی جیهانی دووەم لە پێش چاوان مابوو، جیهان دابەشبووە سەر دوو جەمسەری سەرمایەداری و سۆسیالیستی، بەمەش ئەستەمە بتووانرێت سیاسەتێک پەیڕەو بکرێت نەخاسمە بۆ گەلێکی بێ دەوڵەت وەک گەلی کوردی ماف خوارووو دابەشکراو، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە گەل و میلەت پشتیانگرت پارتی تووانی زاڵبێت بەسەر کۆسپەکان، ئەوەبوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژدا جەماوەر لەسەرجەم چین و تۆێژەکاندا لە زاخۆ تاوەکو خانەقین ڕوویان لەپارتی کرد، دووبارە ئوومێد وهیوا بۆ گەل گەڕایەوە کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات دووچاری بێ ئومێدی ببوو ،جەماوەری پارتی سنووری باشووری بەزاند لە بەشەکانی دیکەشدا چینی ڕۆشنبیری و نەتەوە خوازەکان بۆ وەرگرتنی شەرەفی پارتایەتی ڕوویان لە باشوور کرد، یان ئەوەتا لە بەشەکانی دیکە پارتی دێمۆکراتی کوردستان دامەزرا لەسەرهەمان پەیڕەو ڕێبازی بارزانی .. لەم میانەدا ئەوەی گرینگە هەڵوەستەی لەسەردا بکەین کۆنگرەیە کە پارتی بە پێی هەل ومەرجی سیاسی جیهانی ونا‌وچەیی کۆنگرەکانی بەسەرکەوتوویی ئەنجامداوە، دوای ڕاپەڕینە مەزنە کەی بەهاری 1991 کە تیایدا بەشێکی زۆر لە خاکی باشوور ڕزگاری بوو، لێردا پارتی پشکی شێری سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەی بەرکەوت ،سێ کۆنگرەی گرێدا کۆنگرەی یازدەی یەکگرتن 1993، کۆنگرەی 1999ی دوای کۆتاهێنانی شەڕی نەگریسی ناوخۆ ، لە ساڵی 2010دوا کۆنگرەی بەست کە مافی چارەنووسی کردە پرەنسیپ ئەوە بوو لە 2017/9/25 بە کردەوە لە ڕێگای ڕیفراندۆمێکی سەرکەوتوو مافی چارەنووسی جێ بە جێکرد دەنگ و سەدای ریفراندۆم هەموو سنووردکانی بەزاند ، بۆ یەکەم جار لە مێژووی دێرین و هاوچەرخدا کورد تووانی لە تەواوی باشووری کوردستان بە کەرکووک و خانەقین و شەنگال دەنگی خەڵک بکاتە مەحەک لەمەدا ریفراندۆم سەرکەوتنی تۆمارکرد بێگوومان ئەو بڕیارە بڕیارێکی مێژوویی بوو بە ڕابەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی ، لە دوای ئەمانەشدا بە هۆی خیانەتەوە لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ڕاستە دۆخی کوردستان هەندێک نالەبار بوو، بەڵام هەر زوو دووبارە لەئەنجامی داستانەکانی پردێ و سحێلا و مەحمودییە پارتی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستان شەرەفی پاراستنی کورستانیان بەرکەوت و میللەتی کوردیش متمانەی تەواویان بە پارتی و ڕێبازی بارزانی هێنا و خەڵکی کوردستان بەهەموو توانایەکییەوە پاڵپشتی پارتییان کرد،لەئەنجامدا پارتی لە دوو هەڵبژاردندا توانی پلەی یەکەمی زۆرینە بەدەستبێنێت .. پارتی ئێستا لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی یەکجار گرینگدایە ، کۆنگرەی 14 کە لەم ساڵەدا دەبەستریت بۆ ئەوەی دووبارە ڕێکخستن و جەماوەری پارتی بە بەرگ و شێوازێکی سەردەمیانە و بەخوێنێکی نوێ بڕێتەتە نێو خەباتی کوردایەتی ڕاستەقینە کە ڕێبازی بارزانی پێشڕەوایەتی دەکات ،چونکە مێژووی دوێنێ و ئەمڕۆ سەلماندوویتی هەر کات پارتی بەهێزبێ لە بەرانبەردا کوردستان سەرکەوتوو و بە هێزدەبێت ، جابۆیە ئەنجامدانی کۆنگرە دووبارە پارتی و کوردستان بە هێزتر دێنە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەبینین پارتی دێموکراتی کوردستان بریتیە لە سەرجەم چین و تۆێژەکانی کوردستان بە کورد و هەموو نەتەوە ئین و ئاینزاکانی کەلە کوردستان دەژین هەروەها هەموو چین و تۆێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە کاسبکار یاخوود پزیشک و پارتێکی بیر تەسک نیە ، بەڵکو بڕوای تەواوی بە ئازادیی بنچینەکان و بیروڕای ئازاد هەیە ، بەڵگەش بۆ ئەمانە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە ناڕەوایی پارتی دووچاری چەندین هێرشی بێویژدان و لێبڕالی میانەڕە و پێشکەوتووخواز، هەروەها لە ڕووی ئەتەکێتی سیاسیەوە پارتێکی بیر تەسک نیە ، بەڵکو بڕوای تەواوی بە ئازادیی بنچینەکان و بیروڕای ئازاد هەیە ، بەڵگەش بۆ ئەمانە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە ناڕەوایی پارتی دووچاری چەندین هێرشی بێویژدان و ناڕەوا ببووە، بەڵام هەردەم پارتی بەبیرێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و سنگێکی فراوان و بڕوابەخۆبوون بڕوا بە متمانەی میللەت قەبوڵی دەکرد، ڕەسەنایەتی پارتی لە کاتی دەمەزراندنیەوە تاوەکو ئێستا وەک خۆی ماوەتەوە و ڕۆژدوای ڕۆژ ڕەگ و ڕیشەی لە نێو ناخی خەڵکی کوردستان بەڵاوە دەکات،هەروەها لە نێو کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان پارتی بۆتە هیواو ئاواتی ئازادی و ڕزگاری، ڕوانگەی گەلی کورد بۆ شۆڕشەیەک لەدوایینەکانی پارتی سەلماندی کە پارتی لە جەنگ و ئاشتیدا میللەت متمانەی پێدەکات.

وون بوون

ناسنامەی پەیانگای تەکنەلوجی هەولێر بەشی نەوت/ تەکنەلوجی پترول بەناوی صلاح الدین دلشاد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠١٢٨٠١٢ بەرواری ٢٠١٩/٩/١٩ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی محسن حمدامین قادر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة الاحوال الشخصية في العمادية

العدد/ ٣ /ش/ ٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/١/١٩

اعلام

الى المدعى عليها (پاميلا دايفيد لازار)

اقام المدعي (رشيد علي حسن) الدعوى الشرعية المرقمة (٣/ش/٢٠٢٠) عليك امام هذه المحكمة والذي يطلب فيها (بتصديق الطلاق الخارجي الذي اوقعه زوجك المدعي عليك بتاريخ ٢٠١٩/١١/١٠ وتحميلك كافة الرسوم والمصاريف) عليه ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار قضاء العمادية بتاريخ ٢٠٢٠/١/١٤ المرفق بكتاب مركز شرطة العمادية بالعدد ٦٢ في ٢٠٢٠/١/١٤ عليه قررت هذه المحكمة تبليغك عن طريق النشر في صحيفتين محليتين يوميتين للحضور في يوم المرافعة المصادف يوم ٢٠٢٠/١/٢٦ وعند عدم حضورك او ارسال من ينوب عنك سوف تجري المرافعة بحقك غيابيا حسب الاصول

القاضي / طارق رمضان صالح

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ٧١ / ٢٠٢٠

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٩

پێراگەهاندن

بۆ / قەردار (سلمان یارد مجی)

ژبەر نەزانین نەیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥/پازدە) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لرێقەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرێ (الاجراءات التنفيذيه) وبەرۆڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونية الجبرية) بین

ژڤان عزيز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)

***

ئیدارەی ڕاپەرین/ کاروباری هونەری

بەڕێوەبەرایەتی گڕێبەستە گشتییەکان

بەشی چاودێری و ڕاهێنان

ژمارە: ٤٠

کۆدی پڕۆژە: (MI-RA-١-٢٠٢٠)

کەمکردنەوەی نهێنی/ کەمگیری کراوە

بۆ پڕۆژە: (ئامادەکردنی خواردنی سێ ژمەی ڕاگیراوانی بەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی ڕاپەڕین) بەپێی نوسراوی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٣) وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ ب/دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، کە لەسەر بودجەی ئاسایی وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێ دەکرێت. ئیدارەی ڕاپەرین بانگهێشتی سەرجەم کۆمپانیاکان دەکات کە تارەزووی بەشداریکردنیان هەیە، با سەردانی ئیدارەی ڕاپەرین/ کاروباری هونەری/ بەڕێوەبەرایەتی گڕێبەستە گشتییەکان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا، وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١- وەرگرتنی تەندەر لەڕۆژی سێ شەممە بەروارى (٢٠٢٠/١/٢١) دەستپێدەکات تا ڕۆژی پێنج شەممە بەروارى (٢٠٢٠/٢/٦) لە کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا کاتژمێر (١١:٣٠)ی پێش نیوەڕۆ.

٢- دوا ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی یەك شەممە بەروارى (٢٠٢٠/٢/٩) تا کاتژمێر (١١:٠٠) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٣- ڕۆژی کردنەوە و ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی یەك شەممە بەروارى (٢٠٢٠/٢/٩) کاتژمێر (١١:٠٠) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤- ئەگەر ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر بوو بە پشوی فەرمی بەهەر هۆیەکەوە بێت ئەوا یەکەم ڕۆژی دوای پشوەکە دەبێتە دواڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر و کردنەوەی تەندەر.

٥- ماوەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بریتییە لە (٣٦٥) ڕۆژ.

٦- ڕۆژانی (٢٠٢٠/٢/٨-٧)ماوەی وەستانی فرۆشتنی تەندەرە و کۆمپانیاکان مافی خوێندنەوە و سەیرکردنی تەندەریان هەیە پێش کرینی تەندەر.

٧- ماوەی کارکردنی تەندەرەکان (٩٠) نەوەد ڕۆژە لەدوای بەروارى کردنەوەی تەندەر دەست پێدەکات.

مەرجەکانی بەشداری کردن:-

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن تایبەتمەند بن بە بواری دابینکردنی خواردن، وە پێناسی وەزارەتی پلاندانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان) پێبێت وە بە سەرنە چو بێت.

٢- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشداری دەکەن پێویستە ئۆفیسی بەناوی کۆمپانیاوە هەبێت لە هەرێمی کوردستان، وەلەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان تۆمارکرابێت، وە پشتگیری بکرێن بەمەرجێك پشتگیریەکە ماوەی بەسەرنە چو بێت.

٣- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەروارى پڕۆسەی کردنەوەی تەندەر بەبەردەوامی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گڕێبەستە گشتییەکان لە ئیدارەی ڕاپەرین بکەن، بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پڕۆژەکە.

٤- ئەو کۆمپانیایانەی بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەرین بکەن.

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی نوێی ساڵی (٢٠٢٠)ز بهێنن.

٦- پێویستە لەسەر کۆمپانیا (بەڵێن نامەی نوسراو بۆ دەستەبەری تەندەر) (التعهد الخطی للضامن العطاء) پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیان بکات.

٧- پێویستە لەسەر کۆمپانیاکان نوسراوی تەندەر (کتاب العطاء) پێشکەش بە ئیدارەمان بکەن بەنووسراوی فەرمی کۆمپانیا بەپێی نمونەی هاتوو لەناو تەندەر/ بەشی چوارەم – (نماذج العطاء) (کتاب العطاء).

٨- ئیدارەی ڕاپەرین پابەند نییە بە کەمترین نرخ لەسەر هەژماری لایەنی هونەری و مەرجەکانی تەندەر.

ئەندازیار/ دلاور قباد احمد

ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەرین

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ١٧٩٠/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٦

ئاگادارى

بۆ تۆمەتبارى ڕاکردوو/ مازن احمد صالح مغيمش ناوى دايکى/ شفيقه احمد

لەبەر ئەوەى ئامادەنەبويت لەڕۆژى دادگايى بکرێيت بەپێى مادەى ١/٢١ لەياساى هاتووچۆ لەو کێشەيەى کە تايبەتە بە (بنکەى پۆلیسى بازيان) لەبەر ئەوەى جێگەى دياريکراوت نييە بريارماندا لە (٢) دوو ڕۆژنامەى ناوخۆيدا ئاگادارت بکەينەوە کە ڕۆژى ٢٠٢٠/٤/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبيت يان خۆت بگەينيتە نزيکترين بنکەى پۆليس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگايى دەکرێيت بەبێ ئامادەبونت بەپێى ياسا.

دادوەر/ کامل توفيق سعيد

***

دادگای کەتن لە هەڵەبجە

ژمارە: ٤٥٣/چ/٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/١/٥

بۆ/ تۆمەتبارى هەڵهاتوو (هۆگر عباس قادر)

لەبەر ئەوەى شوێنى نيشتەجێ بوونت نادياوە بەپێى ئيشعارى ئەنجوومەنى هەڵبژێراوى هەڵەبجە بۆيە ئاگادارتان دەکەينەوە کە پێويستە لەسەرتان لەبەردەم ئەم دادگايە ئامادەبن لەڕۆژى ٢٠٢٠/٢/١٢ بەمەبەستى دادگايى کردنى بە گوێرەى ماددەى ٢٣٠ لەياساى سزاکانى عيراقى وە بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادەنەبيت دادگايى دەکرێيت بەپاشملەيى و خۆت بەرپرسيار دەبێت، پاڵپشت بەئەحکامى ماددەى ١٤٣/ج لەياسايى بنچينە دادگاييە سزاييەکان.

دادوەر/ محمد شفيق حمه

***

دادگای کەتن لە هەڵەبجە

ژمارە: ٥٥٠/چ/٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/١/٥

بۆ/ تۆمەتبارى هەڵهاتوو (ئوميد فتاح ڕەحيم)

لەبەر ئەوەى شوێنى نيشتەجێ بوونت نادياوە بەپێى ئيشعارى ئەنجوومەنى هەڵبژێراوى هەڵەبجە بۆيە ئاگادارتان دەکەينەوە کە پێويستە لەسەرتان لەبەردەم ئەم دادگايە ئامادەبن لەڕۆژى ٢٠٢٠/٢/٢٣ بەمەبەستى دادگايى کردنى بە گوێرەى ماددەى ٦٣ لەياساى (شوێنەوار) بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادەنەبيت دادگايى دەکرێيت بەپاشملەيى و خۆت بەرپرسيار دەبێت، پاڵپشت بەئەحکامى ماددەى ١٤٣/ج لەياسايى بنچينە دادگاييە سزاييەکان.

دادوەر/ محمد شفيق حمه

***

دادگای کەتن لە هەڵەبجە

ژمارە: ٣٨٧/چ/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١٢/١٨

بۆ/ تۆمەتبارانى هەڵهاتوو (نگين محمود فتح الله و سميره حيدر برزو)

لەبەر ئەوەى شوێنى نيشتەجێ بوونت نادياوە بەپێى ئيشعارى ئەنجوومەنى هەڵبژێراوى هەڵەبجە بۆيە ئاگادارتان دەکەينەوە کە پێويستە لەسەرتان لەبەردەم ئەم دادگايە ئامادەبن لەڕۆژى ٢٠٢٠/٢/١٢ بەمەبەستى دادگايى کردنى بە گوێرەى ماددەى ٣٨٧ لەياساى سزادان بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادەنەبيت دادگايى دەکرێيت بەپاشملەيى و خۆت بەرپرسيار دەبێت، پاڵپشت بەئەحکامى ماددەى ١٤٣/ج لەياسايى بنچينە دادگاييە سزاييەکان.

دادوەر/ محمد شفيق حمه

***

دادگای کەتن لە هەڵەبجە

ژمارە: ٣٦٤/چ/٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/١/٥

بۆ/ تۆمەتبارى هەڵهاتوو (محمد نصرالدين عبدالله)

لەبەر ئەوەى شوێنى نيشتەجێ بوونت نادياوە بەپێى ئيشعارى ئەنجوومەنى هەڵبژێراوى هەڵەبجە بۆيە ئاگادارتان دەکەينەوە کە پێويستە لەسەرتان لەبەردەم ئەم دادگايە ئامادەبن لەڕۆژى ٢٠٢٠/٢/٢٣ بەمەبەستى دادگايى کردنى بە گوێرەى ماددەى ١/٢٣ لەياساى هاتووچۆ وە بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادەنەبيت دادگايى دەکرێيت بەپاشملەيى و خۆت بەرپرسيار دەبێت، پاڵپشت بەئەحکامى ماددەى ١٤٣/ج لەياسايى بنچينە دادگاييە سزاييەکان.

دادوەر/ محمد شفيق حمه

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ٥٧٣/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١٢/٢٤

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ورده جابر ناصر حمزه

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) سزادانی عراقی) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (تازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / سەروەر علی جعفر

***

فەرمانگەی دادنوسی سلێمانی/٢

ژمارە: ٩٥

بەروار: ٢٠٢٠/١/١٩

ئاگاداری

بەپێی ئەو داواىەی کە لەلایەن (هاوکار جمال محمد علی + فرمان جمال محمد علی) پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کراوە خاوەنی کارگەی (هاوکار جمال محمد علی – بۆ کاری ئەلەمنیۆم و پلاستیکی/ پڕۆژەی بچووك) لەبەرواری (٢٠٢٠/١/١٣) داوای تۆمارکردنی ئەو ئامێرانەی کردووە لە (کانی کورەد) دانراون کە ئامێرەکانیان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسایی دادنووسانی ژمارە (٣٣) ساڵی (١٩٩٨) بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیداریان خاوەنی هەریەك لەو ئامێرانە دادەنێ لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارە وە تۆماری دەکەین و بڕوانامەی تۆماری ئامێرەکانی پێ ئەدرێت.

دادنووس/ سروه عمر علی

ئامێرەکان-

١- ئامێری بڕین – تورکی – YILMAZ - کارەبایی- دەرچووی/ ٢٠١٦ - ٢٣٠ ڤۆلت - ژ- ٠١٢٢٤١٦٠٠١٠.

٢- ئامێری تشریحی T – تورکی – YILMAZ - کارەبایی – دەرچووی/ ٢٠١٦ – ٢٣٠ ڤۆلت -ژ- ٠٥٣٧٥١٦٠٠٠٧.

٣- ئامێری دروستکردنی کیلۆن – تورکی – YILMAZ – کارەبایی ٢٣٠ ڤۆلت دەرچووی/ ٢٠١٧ – ژ - ٠٦١٧٥١٧٠٠١٦.

٤- ئامێری پرێس- تورکی – YILMAZ- کارەبایی – دەرچووی/ ٢٠١٦ – ٢٣٠ ڤۆلت – مۆدێل/ KP١٢٠ – ژ- ٠٩٠٠٥١٦٠٠٠١.

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ٣٦٤ / ب / ٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٩

جاڕدان

بۆ داوالێکراو/ نینوی نوئیل داڤید

شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (رافی جان سلیمان) داوای ژمارە ٣٦٤ / ب / ٢٠١٨ لەسەرت تۆمارکردبوو تێیدا داوای قەرزی خۆی دەکات ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١١/٤ بریاری کۆتایی بەپاشملە دەرکردووە بە (الزام کردنی داوالێکراو بەدانی (١٥٦٠٠٠٠٠) پانزە ملیون و شەش سەد هەزار دینار)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی مارعودا بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت بەبپارەکە بۆ دەربچێت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆت هەیە خۆت یان بریکارادارت لەماوەی یاسایيدا نارازیبوونی خۆت یان تێبەلچوونەوە یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

***

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان

بەڕێوبەرایەتی گڕێبەستەکان

ژمارە: ١٤١٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٩

ئاگاداری ژمارە (١)ی ٢٠٢٠

کەمکردنەوەی نهێنی

وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوبەرایەتی گڕێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پڕۆژەی (Red Traffic cam) بۆ تارفیك لایتی گۆڕەپانەکانی ناو شاری سلێمانی (چواریيان + سێ ڕیيان + دوو ڕیيان) دەکات هەر بەلێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەت.

٣- ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان لەهەر پلەیەکی پۆلێنکردن دا بێت وە پسپۆر بێت و شارەزایی هەبێت لە بواری دیزاین و دروستکردنی بینایەی بە بەڵگەنامەی فەرمی پسپۆریان بسەلمێنن وە پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرایەتی کوردستان) یان پێ بێت.

٤- ماوەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە (٩٠) نەوەد ڕۆژی تەقویمیە.

٥- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە بەپێی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (٨٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ ڕێنمایی جێبەجێکردنی گڕێبەستە حکومیەکان دیاری دەکرێت.

٦- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەگەڵ زانکۆکەمان.

٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوبەرایەتی گشتی بازرگانیەوە)

٨- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن هەڵسن بە ئامادەکردنی (CV) Curriculum vitae ی کۆمپانیاکە کە تیایدا ناوی کۆمپانیا و ژمارەی ئەو پڕۆژانەی کە ئەنجامی داوە و ئەو شوێنەی کە پڕۆژەکەی تێدا ئەنجامدراوە.

٩- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نییە بەکەمترین نرخ.

١٠- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرچوونی نووسراوی سپاردنی کارەکە.

١١- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژی تەقویمیە لەبەرواری داخستنی تەندەر.

١٢- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

١٣- گەڕاندنەوەی تەندەر لە بەڕێوبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناوی مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کە مگر یە کە .

ب. کاروباری یاسایی

***

زانکۆی هەولێر پزیشکی

بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی

ئاگاداری کەمکردنەوە

ژمارە (٢)

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی (کرینی کورسی ددان و ئامێری لیزەر بۆ کۆلێژی پزیشکی ددان) ی سەر بە زانکۆکەمان کە نرخی کرینی تەندەر (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقیە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.

* دواکات بۆ گەراندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.

٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەت.

٣- دەبێت کۆمپانیا تایبەتمەندبێت بە بواری ئامێر و کەل و پەلی پزیشکی.

٤- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەگەڵ زانکۆکەمان.

٥- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە بەپێی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (٨٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ ڕێنمایی جێبەجێکردنی گڕێبەستە حکومیەکان دیاری دەکرێت.

٦- ماوەی پڕۆژە (٩٠) نەوەد ڕۆژی تقویمیە.

٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوبەرایەتی گشتی بازرگانیەوە)

٨- بەڵگەنامەی کاری هاوشێوەی پێشکەش بکات.

٩- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نییە بەکەمترین نرخ.

١٠- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرچوونی نووسراوی سپاردنی کارەکە.

١١- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژی تەقویمیە لەبەرواری داخستنی تەندەر.

١٢- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

١٣- گەڕاندنەوەی تەندەر لە بەڕێوبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناوی مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کە مگر یە کە .

ب. کاروباری یاسایی

***

زانکۆی هەولێر پزیشکی

بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی

ئاگاداری کەمکردنەوە

ژمارە (٣)

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی (نۆژەنکردنەوەی چەند ژوورێك و یەکەیەك لەناو ڕاگرایەتی کۆلێژی پزیشکی)ی سەر بە زانکۆکەمان کە نرخی کرینی تەندەر (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقیە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.

* دواکات بۆ گەراندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.

٢- پێشکەش کردنی پاکانەی

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٣٨٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٩
بریاری داخستنی لقی کۆمپانیای (بیانی)
دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای Swedish Trade Council Business Support Office A.B للمساعدة الشركات السويدية خارج البلاد فيى الانشاءات و الاعمال التجارية و المواضيع الاخرى ذات صلة/ المحدودة (سويدى) وە پالپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٩
من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە: داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/١/١٩
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٣٧٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٩
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (پێستە) بۆ (بەرهەم هێنانی پێستە و خوری/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٤٠١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٠
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (BIG بیگ) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

دادگەها تاوانێن دهوکێ/۱
ژمارە: ۹۸/ج/۲۰۲۰
ڕێکەفتی: ۲۰۲۰/۱/۱۲
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێن ڕەفی/ ئایدن دزمهور - ارمین بیتر وسیان
دەمێ هوون یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ۹۸/ج/۲۰۲۰ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها سەختەکاری ب هزمار ۲۰۱۷/۱۵۹ ل سەر مادەە (۲۹۵ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان هون بهێنە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبن بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ۲۰۲۰/٤/۲ بو دادگەهکرنا تە و بەرۆفاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێن.
دادەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/۱
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ٤٥/کەتن/۲۰۲۰
ڕێکەفتی: ۲۰۲۰/۱/۱٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەفی/ لقمان اسماعیل سعید
دەمێ تو یێ تومەتبار د کێشا ژمارە ۷۱/اساس/۲۰۱۹ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها سێمێل یا نەهێلانا گونەهباریا لدیڤ بەندێ (٤٥٦) ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیێ نەدیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ۲۰۲۰/٤/۱ بەرۆفاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە (غیابی) لدیڤ یاسایی.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێل
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ٥۰/کەتن/۲۰۲۰
ڕێکەفتی: ۲۰۲۰/۱/۱٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەفی/ الان بدران قجو
دەمێ تو یێ تومەتبار د کێشا ژمارە ۳/اساس/۲۰۱۹ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها سێمێل یا نەهێلانا گونەهباریا لدیڤ بەندێ (٤٥۳) ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیێ نەدیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ۲۰۲۰/٤/٥ بەرۆفاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە (غیابی) لدیڤ یاسایی.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێل
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە: ٤۱/کەتن/۲۰۲۰
ڕێکەفتی: ۲۰۲۰/۱/۱٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەفی/ سامان حمید امین
دەمێ تو یێ تومەتبار د کێشا ژمارە ۲٤۱/اساس/۲۰۱۸ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پۆلیسێن سێمێل لدیڤ بەندێ (۲ ژ یاسا ژمارە ٦ یا سالا ۲۰۰۸) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ نەدیارە بریار هاتە دان هون بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبن بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ۲۰۲۰/۳/۲۹ بەرۆفاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە (غیابی) لدیڤ یاسایی.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێل
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ٤۳/کەتن/۲۰۲۰
ڕێکەفتی: ۲۰۲۰/۱/۱٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەفی/ فرهاد عبدالرحمن بابانی
دەمێ تو یێ تومەتبار د کێشا ژمارە ۵۰۷/اساس/۲۰۱۸ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پۆلیسێن سێمێل لدیڤ بەندێ (٤٥٦) ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیێ نەدیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ۲۰۲۰/۳/۳۰ بەرۆفاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە (غیابی) لدیڤ یاسایی.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێل
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ۱۲٦
ڕێکەفت: ۲۰۲۰/۱/۱۹
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی ڕادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیک کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (دەرێخستنا (۸) فیدەرێن (۱۱ KV دگەل (۲) فیدەرێن (۳۳KV) ژ وێستگەها زوزان و دهوکا ڕوژ ئاڤا قوناغا ئێکێ تورا سەرعەرد (۲۰۱۹/۰۹۵/DDG) (۱) CODE بهایێ تەندەری ۱۰۰,۰۰۰ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند د بواری کارەبێ دا. ئەڤ سەرئێک کیم کرنە لدیف ڕێنماییێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە (۲) یا سالا (۲۰۱٦) ب شێوەی ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو هەمی کومپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکدارێ بکەت بلا سەردانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیناهیک ژڤان بو فروتنا تەندەران ۲۰۲۰/۲/۲.
بو زانین سەرئێک کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- ڕوژ (سێ شەمبی)
- ڕێکەفتی (۲۰۲۰/۲/٤)
- دەم ژمێر (۱۲ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگارێ دهوکێ
***
دادگای باری کەسینەی شەقلاوە
ژمارە: ۱۳۷/ش/۲۰۱۹
ڕێکەوت: ۲۰۲۰/۱/٦
جارِدان
بۆ داوالێکراو: یوسف ابراهیم خضر
داواکار (نصریه فیصل خلیل) داوای شەرعی ژمارە ۰۱۳۷/ش/۲۰۱۹ لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە کە تیایدا داوای (نفقة) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی ئاگادارت دەکەینەوە بەم بڕیارەبە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە بۆت هەیە تانەلەم بڕیارە بدەی بە ڕێگای ناوەڕزایی و تێهەڵچوونەوەو پێداچوونەوە لەماوەی یاسایی کە (۱۰) ڕۆژە وە بەپێچەوانە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/کەنار طاهر قادر
***
دادگای باری کەسی/٤
ژمارە: ۵۸۸۵/ش٤/۲۰۱۹
بەروار: ۲۰۲۰/۱/۲۰
جارِدان
بۆ داوالێکراو: فاطمه محمد شاکر/ شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (یوسف مسعود سلطان) داوای ژمارە (۵۸۸۵/ش٤/۲۰۱۹)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للنشوز) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت ندیارە بەپێی نیشەعری موختاری (شاری زێڕین) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی (۲۰۲۰/۲/۱۹) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەر/صباح حسن رشید
***
دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە:۲۸/ش/۲۰۲۰
ڕێکەوت/ ۲۰۲۰/۱/۱۵
جارِدان
بۆ/ داوالێکرا (محمود احمد دیری)
ئامازە بە داوای ژمارە (۲۸/ش/۲۰۲۰) کە تایبەتە بە داواکار (ایةولید العمر) کەجۆری داواکەی بریتییە لە (اثبات زواج) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەدەلالەتی داواکار بڕیە ئەم دادگا بڕیاریدا لەبەروای (۲۰۲۰/۱/۱۵) بە پێڕاگەیاندنت بەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت بریکاردارت لەجیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لەڕۆژی دادگایی ڕێکەوتی (۲۰۲۰/۲/٦) کات ژمێر (۹) ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادگایی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ مسعود سعید صدیق
***
دادگای بەرایی هەولێر
جاردان
ژمارە: ۲۲۲۹/ب/۲۰۱۹
ڕێکەوت: ۲۰۲۰/۱/۱۹
داواکار: مروان ریاض فاضل – ب.پ سامی کمال البزاز
داوالێکراو: نجیه کاکل حمد
شوێنی مولک: هەولێر – گەرەکی سعدوناوه
ژمارە مولک: ٤/۱٤۱ کەرتی تعجیل اسلام
پێکهاتووەکان: خانووەکە پێک هاتووە لە ۲ خانووی لێک جیاکەرەوە بەشێوەی نافەرمی خانووی یەکەم پێک هاتووە لە ۲ ژوور و نادین و حمام و تواليت و خانووی دووەم پێک هاتووە لە یەک ژوورو نادین و حمام و تواليت و خزمەت گوزاری کارەبای تێدایە و خانووەکە کۆنەو بەخشت سوور و سەریش بەچاتی و شلمان گیراوە.
ڕووبەر: ۱۲۸م۲
نیشتەجێ: قانعه محمد قادر – کرێ نادات لەکاتی فرۆشتن دەڕئەچێ.
نرخی خەملاندن: ۸٤,٤۸۰,۷۰۰ دینار نرخی زەوی
٦,۰۰۰,۰۰۰ دینار نرخی پێکهاتەکان
۹۰,٤۸۰,۰۰۰ دینار کۆی گشتی زەوی و پێک هاتەکان
لەسەر بریار ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ۲۲۲۹/ب/۲۰۱۹ ازالە الشیوع/ نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ۳۰ سی ڕۆژ دوای بلاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش بێت یان هاوبەش نەبێت سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دادبینی کردنی ڕێژەی یاسایی ۱۰٪ لە خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (۱۲)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێک دوای (۵) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادەرەی یەکەم/مجید سعید برادۆستی
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٤۱/ش/ ۲۰۲۰
ڕێکەوتی / ۲۰/ ۱/ ۲۰۲۰
ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراو : هوار یوسف محمد
ل دیف داخوازیا داواکار(بریشان احمد حسین) وکێشا ژمارە (٤۱/ش/۲۰۲۰) تێدا داخوازا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) ل (۱٤/ ۱/ ۲۰۲۰) دنافبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ول دیف نڤیسارا بنگەهی پولیسین (دەلال) یا ژمارە (۲۱۲) ل (۲۰۲۰/۱/۱٦) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (بەدرخان) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (۲۰۲۰/۱/۲٦) ل دەمژمێر ۹ سپێدێ یان بڕێکارەکێ ژ پێش خو قە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٤۰/ش/ ۲۰۲۰
ڕێکەوتی / ۲۰/ ۱/ ۲۰۲۰
ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراو : سیوار منیر علی
ل دیف داخوازیا داواکاری (سکفان سمی یوسف) ول کێشا ژمارە (٤۰/ش/۲۰۲۰) تێدا دا داخوازا هەلوەشاندا مارەبرینا ژمارە (۲۰۱٤/٦۵۵) یادەرچویی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (۲۰۱٤/۳/۲٤) و پەسەندا مارەبرینا دەرەکی یا ل ناف بەرا تە و داواکاری دا ل ڕوژا (۲۰۰۸/۳/۱۵) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (سیالکا) یا ژمارە (۱۵۰) ل (۲۰۲۰/۱/۱٦) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (سیالکا) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕوژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (۲۰۲۰/۱/۲٦) ل دەمژمێر ۹ سپێدێ یان بڕێکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن.
دادەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگای بەرایی سلێمانی / ۲
ژمارە : ۲۸۵۳ / ب / ۲۰۱۷
ڕێکەوت : ۱۹ / ۱ / ۲۰۲۰
ئاگادارى
داوالەسەرکراو : دڵسۆز محمود طاهر
شوێنی نیشتەجێبوونی تێستات نادیارە لەسەر داوای داواکار : (ارتورماریک فەرەیدون رفیق) ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی (۲۰۱۹/۱۱/۲۷) بریاری دا لە داوای ژمارە ژمارە (۲۸۵۳ / ب / ۲۰۱۷) کە لەسەرت تۆمارکرابوو تایبەت بە لابردنی فرەبەشی لەسەر یەکەی نیشتەجێ بوون شوقە دروست کراو لەسەر مولکی ژمارە ٤۳/۲٦۲ کەرتی کانێسکان، تێچووی بڕی داواکە و کرێی ماندووبونی بریکارانی داواکار بە بڕی ۷۵۰,۰۰۰ حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار بەیەکسانی بەسەریاندا دابەش دەبێت، کە لەلایەن داواکار (ارتورماریک فەرەیدون رفیق) ئەم داوایە لەسەرتان تۆمارکرابوو، لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت لەم کاتەدا نادیارە وەک لە ڕوونکردنەوە و ئاگادارکەرەوەی داوەری لەبەر ئەوە بریاردرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کەلەماوەی یاسایی دا مافی (اعتراض و تێهەڵچوونەوە و پێچوونەوەی) هەیە لەماوەی یاساییدا بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا .
دادەر / کمال رضا احمد
***
دادگای بەرایی سلێمانی / ۲
ژمارە : ۲۸۵۳ / ب / ۲۰۱۷
ڕێکەوت : ۱۹ / ۱ / ۲۰۲۰
ئاگادارى
داوالەسەرکراو : دڵسۆز محمود طاهر
شوێنی نیشتەجێبوونی تێستات نادیارە لەسەر داوای داواکار : (ارتورماریک فەرەیدون رفیق) ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی (۲۰۱۹/۱۱/۲۷) بریاری دا لە داوای ژمارە ژمارە (۲۸۵۳ / ب / ۲۰۱۷) کە لەسەرت تۆمارکرابوو تایبەت بە لابردنی فرەبەشی لەسەر یەکەی نیشتەجێ بوون شوقە دروست کراو لەسەر مولکی ژمارە ٤۳/۲٦۲ کەرتی کانێسکان، تێچووی بڕی داواکە و کرێی ماندووبونی بریکارانی داواکار بە بڕی ۷۵۰,۰۰۰ حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار بەیەکسانی بەسەریاندا دابەش دەبێت، کە لەلایەن داواکار (ارتورماریک فەرەیدون رفیق) ئەم داوایە لەسەرتان تۆمارکرابوو، لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت لەم کاتەدا نادیارە وەک لە ڕوونکردنەوە و ئاگادارکەرەوەی داوەری لەبەر ئەوە بریاردرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کەلەماوەی یاسایی دا مافی (اعتراض و تێهەڵچوونەوە و پێچوونەوەی) هەیە لەماوەی یاساییدا بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا .
دادەر / کمال رضا احمد
***
دادگای باری کەسێتی / ۱
ژمارە : ۲۱۳۷/ ش / ۲۰۱۹
بەروار : ۲۰ / ۱ / ۲۰۲۰
ئاگادارى
داواکار : خەندە محمد حسن : ناونیشان : سلێمانی
داوالەسەرکراو : ڕەنجدەر شوان کریم : ناونیشان : نادیارە
داواکار (خەندە محمد حسن) داوایەکی بە ژمارە (۲۱۳۷/ ش / ۲۰۱۹) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وە ئەم دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (۲۰۱۹/۹/۱۵) بڕیاریدا بە (جیابونەوە) ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە وە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا هەڵنەستیت بە تانە لێدانی پیاچوونەوەی بریارەکە ئەو بریارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا ..
دادەرەی یەکەم / د. سردار علی عزیز
***
(اعتراض و تێهەڵچوونەوە و پێچوونەوەی) هەیە لەماوەی یاساییدا بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا .
دادەر / کمال رضا احمد
***
دادگای بەرایی سلێمانی / ۲
ژمارە : ۲۱۳۷/ ش / ۲۰۱۹
بەروار : ۲۰ / ۱ / ۲۰۲۰
ئاگادارى
داواکار : خەندە محمد حسن : ناونیشان : سلێمانی
داوالەسەرکراو : ڕەنجدەر شوان کریم : ناونیشان : نادیارە
داواکار (خەندە محمد حسن) داوایەکی بە ژمارە (۲۱۳۷/ ش / ۲۰۱۹) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وە ئەم دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (۲۰۱۹/۹/۱۵) بڕیاریدا بە (جیابونەوە) ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە وە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا هەڵنەستیت بە تانە لێدانی پیاچوونەوەی بریارەکە ئەو بریارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا ..
دادەرەی یەکەم / د. سردار علی عزیز
***

RELIEF INTERNATIONAL

طلب تقديم عروض / دعوة للمناقصة

تعلن هيئة الإغاثة الدولية عن طرحها للمناقصات التالية:

- مناقصة شراء **مستهلكات طبية** رقم **RI/JOR/WOS/2019/076 لعقد اتفاقية مفتوحة ثابتة السعر لمدة سنة واحدة.**
- اخر موعد لتسليم المناقصات هو **6 فبراير 2020** لغاية نهاية اليوم.
- على الراغبين بالمشاركة الرجاء ارسال تاكيد مشاركة عن طريق طلب اوراق المناقصة مجانا من خلال الموقع الالكتروني (riwos.tenders@ri.org) او عن طريق مكتب هيئة الاغاثة الدولية الكائن في **عنكاوة- محلة قصر روستم- خلف غسيل عنكاوة للسيارات. رقم الدار 520/8/240**
- الرجاء ارسال المناقصات و العروض داخل مغلف مغلق و مختوم الى مكتب هيئة الاغاثة الدولية او عن طريق خدمات التوصيل المعتمدة و ذلك ليس بعد يوم الاغلاق، سوف لا ينظر في اي مناقصة غير متقيدة مع المعايير المذكوره
- يجب ان ترفق المناقضات و العروض بنسخ عن شهادات تسجيل الشركة و رخصة مهن سارية المفعول تفيد بان الشركة مخولة ببيع و تداول السلع الطبية.
- عند استلام نسخ العطاء يجب التاكد من تسجيل اسم الشركة و الشخص المستلم في سجل خاص في مكاتب هيئة الاغاثة الدولية و سيتم اعتماد المراسلات الالكتروني كسجل اذا تم طلب نسخ العطاء عن طريق البريد الالكتروني.
- لمزيد من المعلومات يرجى الإتصال على هاتف رقم (009647504308348) من الساعة العاشرة صباحا و لغاية الساعة الخامسة مساء باستثناء يومي السبت والجمعة او الارسال الاستفسار الى: riwos.tenders@ri.org

Request for Proposal / Invitation to BID

Relief International– WOS office is soliciting bids from suppliers who are duly registered / licensed by the government of ERBIL for the below Tenders :

- **Medical Consumables** Invitation to Tender # **RI/JOR/WOS/2019/076, for contracting one year fixed priced blanket Agreement.**
- The last day for submitting quotations is **06 February 2020** by end of the day.
- Those who are interested in participating, please confirm your participation by requesting the tender dossier free of charge by email to the email address (riwos.tenders@ri.org) or can be collected from RI office located in **Ankawa - Qaseer Rostam-behind Ankawa car wash- House # 240\8\520.**
- Bids must be delivered in **SEALED ENVELOPE** to RI office on the address above or through courier service not later than the closing deadline. No bid will be considered for further evaluation process if that doesn't meet the stated criteria. Mark Tender reference number on the envelope as indicated above.
- Bids must include copies of company registration certificates, a valid work permit, and relevant company operational certificates. Provide the certificate of authorization to sell and deal in medical commodities.
- It is mandatory to register your company on a provided logbook kept in RI office at the time of collecting tender dossier and submission of bid. For those who request tender dossier by email we use the email exchange for registration purpose same for bids delivered and received through courier.
- For more information, please contact us at (009647504308348) from 10 am to 5 pm. Except Fridays and Saturdays or send your inquiry to: riwos.tenders@ri.org

وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر
گرێبەستە گشتیەکان

ژمارە: ۱٦۸۳
ڕێکەوت: ۲۰۲۰/۱/۱٦

بانگهێشتی گشتی
تەندەری ژمارە (۱) یەکی ساڵی (۲۰۲۰)
ئاگاداری سەرجەم کۆمپانیاکان و نووسینگە و پێشانگاکان دەکەنەوە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر پێویستی بە دابینکردنی کەل و پەلی (موبیلیاتی ئۆفیس) و (کەل و پەلی کارەبای و ئەلیکترۆنی) وە (گەرم کەرەوە و ساردکەرەوە) (التکیف والتبرید) هەیە کە پێک هاتووە لە سێ کۆمەڵە بۆ ئەم مەبەستە کەم کردنەوەیەکی نهێنی رادەگەیەنێت بۆ دابینکردنی ئەو کەل و پەلانە بە پێی خشتە و دەرخستەی (أ.ب.ج) هاوپێچکراوە لەگەڵ تەندەر بەرزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری ب.گ.خەرجییەکان بە ژمارەی (۱۵۱۹۰ لە ۲۰۱۹/۱۲/٤) هەروەها نووسراوی وەزارەتی پەروەردە بە ژمارە (۲٤۲۰ لە ۲۰۱۹/۱۲/۵) بۆ ئەم مەبەستە هەر کۆمپانیایەک یان نووسینگەیەک توانای دابینکردنی هەیە دەتوانێ سەردانمان بکات بە مەبەستی کرینی تەندەر بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی لە ڕۆژی (دوو شەممە) لە ڕێکەوتی (۲۰۲۰/۱/۲۰) تاوەکو (۲۰۲۰/۲/۲) بەردەوامە دەبێت , دوا کات بۆ گەراندنەوەی تەندەرەکان ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی (۲۰۲۰/۲/۵) کاتژمێر (۱۲)ی نیوەڕۆ وە لە هەمان ڕۆژ تەندەرەکان دەکرێنەوە لە لایەن لێژنەی کردنەوەی تەندەر لە کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ .
• نرخی هەر تەندەرێک (۱۰۰,۰۰۰) سەد هەزار دیناری عێراقیە وە ئەم بڕە پارەیەش گەرانەوەی نییە بۆ خاوەنەکەی .
• تەندەرەکان لە کاتی پشووی فەرمی دوا دەخرێ بۆ ڕۆژی دواتر.
مەرجەکان :-
۱- لە نێو تەندەرە پێشکەش کراوەکان باشترین کۆمەڵەی پێشکەش کراو هەڵدەبژێردرێت لە لایەن لێژنەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن واتە مەرج نیە هەرسێ کۆمەڵە هەڵبژێردرێن لە نێو یەک تەندەر وە بە پێچەوانەوە .
۲- کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لایەنەی کە کەمکردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
۳- بارمتەی سەرەتایی بە چەکێکی پەسندکراو (مصدق) یان گرێنتینامە (خطاب ضمان) بە پێی ئەو بڕەی کە لە کۆمەڵەکان کوژمەی دیاریکراو لە نێو تەندەر وەک بارمتەی سەرەتایی کە پێویستە لە کاتی گەراندنەوەی تەندەر هاوپێچ بکرێت وە بە پێچەوانەوە پشتگوێ دەخرێت .
٤- ماوە تەندەرەکە (نفاذ العطاءات) (۵۰) پەنجا ڕۆژە .
۵- پێویستە کۆمپانیای بەشدار بوو ئەستۆ پاکی نوێ باجی دەرامەت بۆ ساڵی (۲۰۲۰) پێشکەش بکات لە کاتی گەراندنەوەی تەندەر بە پێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت .
٦ - پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو ئەستۆ پاکی نوێی باجی دەرامەت بۆ ساڵی (۲۰۲۰) پێشکەش بکات لە کاتی گەراندنەوەی تەندەر بە پێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت .
۷ - دەسەڵاتی گرێبەستکردن مافی ئەوەی هەیە سەرجەم تەندەرەکان ڕەتبکاتەوە بە پێی ماددەی (۱٤) برگەی (۱-۲-۳-٤) ڕێنمایی ژمارە ۲ی ساڵی ۲۰۱٦ گرێبەستە حکومیەکان .
۸ - دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە تاکلایەنە گرێبەست هەڵبوەشێنێتەوە هەر کاتێک لە بەرژەوەندی گشتی بوو.

بەشدار عبدالخالق خضر
بەڕێوەبەری گشتی

پەرەسەندنی هاوپەیمانییەتی نوێی ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵات



خۆشەوی مەلا برایم

دوای ئەوەی، کە ڕووسیا ڕووبەڕووی ئابلۆقەی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بووەتەوە کێشەی هاوسەنگی و دابینکردنی پێداویستییەکانی بۆ هاتووەتە پێش، لە ڕووی سیاسییەوە ڕووسیا بە شێوەیەکی کراوەتر ڕووی لە هاوپەیمانی لەگەڵ چین و چەندان وڵاتی دیکەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایی کردووە لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا پێوەندییەکان بە شێوەیەکی جۆراوجۆر بوون، بەڵام پرسیار ئەوەیە، کە ئێستە بارودۆخی هاوسەنگی ڕووسیا لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا لە ڕووی ئابووری، تواناکانی پێوەندییە سیاسی و هەرێمی گۆڕاون و ئەو وڵاتانە بەهێزێکی دیکە و مەبەستێکی جیاوازترەوە دێنە پێشەوە، لە لایەکی دیکەوە ئابووری چین گەیشتووەتە ئاستێک، کە پێویستی بە پەرەسەندن و هاوپەیمانی نوێتر هەیە هەر لەو چەند ساڵەی دوایدا چەندان هاوپەیمانی جۆراوجۆری لەگەڵ وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئاسیای ناوەڕاست و ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی ئۆقیانووسی ئارام و ئەفریقا چێ کردووە.



ڕووسیایی لە هەمبەر دراوەکانی دیکەی جیهان دەگەڕێتەوە، ئاڵوگۆڕی لە ستراکچەری هاوردەی چینیشدا کراوە، چونکە لەکاتێکدا لە 70% هەناردەی ڕووسیا بۆ ئەو وڵاتە بریتییە لە کەرەستەکانی خاو و وزەی وەکو گاز و نەوت، بەڵام چین لە ڕووی پێداویستیی بە وزە توانیویەتی، کە بە نرخێکی هەرزانتر لە وزەی ڕووسیایی لە تورکەمەنستان و کازاخستان بکرێت.

•تا ئێستە بە ڕێژەیەکی بەردەوام ڕووسیا توانیویەتی، کە چەک بفرۆشێتە چین، بەڵام لەهەمان کاتدا لەناو بازاڕی چەکی چین دا کێبەرکێیەکی زۆر لە لایەن چەندان وڵاتی هەناردەکار بەتایبەتی کەنەدا دەبیندرێت، کە ئەوەش بەربەستێکە لە هەمبەر زیادکردنی هەناردەی ڕووسیا.

•چین بە ڕێگەی دروستکردنی پرۆژەی (یەک ڕێگە و یەک کەمەربەند) بۆ ئەوروپا دەیەوێت، کە تێچوونی هەناردەکردنی کەمبکاتەوە، لەهەمانکاتدا وڵاتانی بەشداریش لەسەر ئەو ڕێگەیەدا بکەونە ژێر کاریگەری کالا هەرزانەکانی چین، ئەو وڵاتە دەیەوێت، کە دراوی یەن بەکار بهێنێت، ڕووسیاش دەیەوێت، کە ڕۆبڵ بەکار بهێنێت، بەڵام توانای ئاڵوگۆڕی و پتەوی یەن لە ڕۆبڵ بەهێزترە.


•لە بەرئەنجامی ململانێیەکانی هەرێمیدا هەڵوێست و پێگەی ئەمریکا لە باشووری ئاسیا بەهێز کەوتووە، چینیش پێویستی بە هاوکارێکی نێزیکی هاوبالانس هەیە، بۆیە خۆی لە ڕووسیا نێزیک دەکاتەوە، بەڵام ئەو نێزیکبوونەوەیە واتای هاوپەیمانی سوپایی لە هەموو ڕوویەکەوە ناگەیەنێت و خۆلێکنێزیکردنەوەی زیاتر وەکو تاکتیکێک بەکار دەهێندرێت.

•بۆ ئەوەی ڕووسیا بە تەواوەتی نەکەوێتە ژێر باری چین لە ڕووی ئابووری - سیاسی و نێودەوڵەتیدا ناچارە، کە جۆرە هاوپەیمانییەتی لەگەڵ وڵاتانی ناحەزی چین وەکو ئەندونیزیا، ڤێتنام، مالیزیا و تایلەند چێ بکات هەر لە ئێستەوە ڤێتنام وەکو ئەندام لە بازاڕی ئازادی هاوپەیمانی ڕێکخراوی ئەوروئاسیا وەرگیراوە.


•چین دەیەوێت، کە لە سپتامبەری ئەو ساڵەدا ڕێتوردسمی هاوشێوەی ڕووسیا بە بۆنەی 70 ساڵەی سەرکەوتن بەسەر فاشیستدا بەرپا بکات و دەیەوێت سەرۆکانی جیهانی بانگێشت بکات و نیشانی بدات، کە بەشداری سەرەکیی دووەمین جەنگی جیهانی چین بووە، نەک ڕووسیا و ئەورووپا، لە چینیش لە (مینچژوری) شەڕ کۆتایی پێهاتووە و لایەنی سەرەکیی هەڕەشەکەریش ژاپۆن بووە.

•لە کۆتاییدا: چین زۆر بە ژیرانە و لەسەرخۆ ڕەچاوی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ئابووریيەکانی دەکات و بەپێی ئەو بەرژەوەندییانە هەنگاو هەڵدەنێت.

•لە ڕۆژی 5ی ئۆگۆستی 2015دا کۆبوونەوەی وڵاتانی ڕێکخراوی لەگەڵ وڵاتانی ژاپۆن، ئوستراليا، ڕووسیا، هیندستان، ئەمریکا و نیوزلاندی لە مالیزیا بەڕێوە چوو، مەبەستی سەرەکیی چارەسەری کردەوەکانی داگیرکەرانەی چین و کێشەی سنووری دەریایی لە باشووری دەریای چین بوون. بەپێی وتەی پسپۆران لە هەواڵنێری روسبالتدا لە 2015-5-12دا ڕووسیا توانای کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەو کێشەیەدا نییە و کۆمپانیای گازپرۆم نەوت لە کەنارەکانی ڤێتنام بەرهەم دەهێنێت، لە لایەکی دیکەیشەوە چینیش پێویستی بە وزەی ڕووسیا هەیە، بەڵام ئەو پێویستییە بە ڕادەیەک نییە، کە ڕووسیا بتوانێت ڕێگری لە چین بکات لە دەستدرێژی بۆ سەر دوورگەی دەستکردی ڕاگرتووە، ئەمریکاش هەوڵدەدات، کە بەرەیەکی فرەوان بەدژی چین چێ بکات. لەم ساڵانەدا ڤێتنام و ئەندونیزیا خاوەنی گەورەترین تێکڕای گەشەی ئابوورین و وا چاوەڕوان دەکرێت، کە بااڵنسەکە بەالی ئەو وڵاتانەدا بشکێتەوە.



سالی 1793:
شۆڕشگێڕانی فەرەنسا شا لویسی 16یان لە سێدارە دا .



سالی 1917:
بومەلەرزەیەکی بەهێز لە مەغریب ڕوویدا و 15000 کەسی کوشت .



سالی 1976:
فڕۆکەی کۆنکۆرد یەکەم گەشتی لە نێوان پاریس و ریۆدی جانیرۆ ئەنجام دا .



سالی 2014:
تەقینەوەیەک لە ناوچەی زاحیەی بەیروتی پایتەختی لوبنان ڕوویدا .




سالی 2016:
لە هیند ،لە ئەنجامی ڕووداوێکی شەمەندەفەر ، 41 کەس گیانیان لەدەست دا .



سالی 2019:
لە شاری مەیدان شەهری ئەفغانستان ، چەکدارانی تاڵیبان دەیان کەسی سەر بە هێزەکانی حکومەتیان کوشت.

ئاماژەکانی گۆڕانی سیاسەتی ڕووسیا بەرامبەر بەشار ئەسەد



ئا: خالید گەردی

بەم دواییە دیبلۆماساتکارێکی نزیک لە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لێدوانەکانی دژ بە بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا توند تر کردووە، بەوە ناوی بردووە کە ئەو لەدەرەوەی واقیعدا دەژیێت.ئەمە جاری یەکەم نییە ڕامی شاعیری نووسەرو دیبلۆماتکار ڕەخنە لە سەرۆکی سووریا بگرێت، بەڵام ئەمجارەیان لێدوانەکەی لە جاران زۆر تووندترببووە کە بەم دواییە زنجیرەیەک وتاری لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ڕووسیا بااڵوکردۆتەوە تیایاندا داوا لە ڕژێمی سووریا دەکات چاو بە لێدوانەکانی بخشێنێتەوە.لەم بارەوە ئیبراهیم ئەلجەباوی ئەندامی دەستەی دانوستاندنی سووریا دەڵێ؛ شاعیر وتارەکانی لە زادی خەیاڵی خۆی نەنووسیوە، بەڵکو ئاراستەکراوە، ڕووسیا مەبەستیەتی لەسەر زمانی شاعیر سەرکۆنەی لێدوانەکانی بەشار ئەسەد بکات، ڕەنگە بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕووسیا چووبێتە ژێرباری گوشارە دەرەکییەکان، ئێمە لەگەڵ گۆڕانکاری لە سیاسەتی ڕووسیا لێ ڕاهاتووین.

لە بارەی وەاڵمی پرسیاری ئایا بەڵگەی دیکە لەسەر گۆڕانکاری سیاسەتی ڕووسیا بەرامبەر بەشار ئەسەد، یا کاریگەری گوشارە دەرەکییەکان لەسەر سیاسەتی ڕووسیا بوونی هەیە؟ جەباوی گوتوویەتی. ڕووسیا بەدوای سەرکەوتنێکی سیاسییەوەیە هەتا ئەگەر تەنها سیمایش بێت، دەرکردنی یاسای قەیسەر ئەگەر دەرچێت ئەوا ڕووسیا ئیحراج دەکات، لەبەر ئەوەی گروپی بچوککراوەی وڵاتان ڕێگا نادەن ڕووسیا کێشەی سووریا لە ڕێگای سەربازییەوە یەکلایی بکاتەوە.هەر لەو بارەوە دکتۆر یەحیا عەریسی وتەبێژی فەرمی دەستەی دانوستکاری سووریاش بە ئیلافی ڕاگەیاندووە؛ ڕاستە ڕووسەکان هێشتا خۆبەزلزانیان پێوە دیارە، بەاڵم گۆڕانکارییەک لەسیاسەتی ڕووسیا لەبەرامبەر ڕژێمی سووریابەدی دەکرێت، ڕووسەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ لەوە دەگەن هەڵوێستەکانیان لە پێگەکەیان کەم دەکاتەوە، ڕۆژئاوا خاڵ بە خاڵ بۆردومان کردنی نەخۆشخانەکان لەسەریان تۆمار دەکەن.

ڕامی شاعیر نووسەر و دیبلۆماسکار کە کەسێکی نزیکە لە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا دوای بەدواداچوون بۆ لێدوانەکانی ئەم دواییەی بەشار ئەسەد بە تایبەتیش لێدوانەکانی بۆ ڕۆژنامەنووسە ئیتاڵییەکە، وایدەبینێت دوای ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕەوشی سووریاو گەلەکەی هات، بەشار ئەسەد دوور لە واقیع هێشتا لە خەیاڵ دەژیێت و دەڵێت؛ ئەوەی لە ماوەی نۆ ساڵی ڕابردوو بەسەر سووریا هات لە ئاکامی پیلانگێڕییەکی دەرەکیی ڕوویداوە، شەڕ کۆتایی بە تیرۆریستان هێنا و ڕەوشەکە بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچێت، سەرکەوتنەکەش لە ئەنجامی دەستەجەمعی گەلی سووریا بووە لەگەڵ سەرکردایەتییەکەی، کۆسپی بەردەم ئاوەدانکردنەوەی سووریا تەنیا ئەو سزا ئابووریانەیە بەسەر وڵاتەکەی سەپێنراوە.

ناوبراو لە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل کە لە مۆسکۆوە نووسیویەتی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت باڵاوی کردۆتەوە سەرسوڕمانی خۆی لەبەرامبەر ڕەفتارەکانی ڕژێمی سووریا دەردەبڕێت دەڵێت؛ بەشار ئەسەد تەواوی سووریا تەنیا لە بازنەی دەوروبەری ئەو ڕێگایەی لە مالەکەیەوە بۆ کۆشکی کۆماری لە ناوەڕاستی دیمەشق دەبینێت کە تیرەکەی هەر کیلۆمەترێک یا تۆزێ زیاترە، بۆیە پێی وایە ڕەوشی سووریا ئارامە و هیچ گرفت وکێشەیەکی ناوخۆیی یا بەرەی بەرهەڵستکار بوونی نییە، هیچ شتێ لە ئارادە نییە پێویست بەگۆڕانکاری بکات، جگە لەمەش هەوڵ و بڕیارە نێودەوڵەتییەکانیش فەرامۆش دەکات.ئەم تێڕوانینانەشی ڕێک پێچەوانەی ڕەوشەکەیە، کە بەرەیەکی بەرهەڵستکاری بەهێز لەدژی ڕژێمی ئێستا لەکار دایەو بەرهەڵستکارە چەکدارەکانیش لەبەرامبەر ئەو بەڵێنانەی لەلایەن وڵاتە زامنکارەکان پێیان دراوە هەروەها لەبەر دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە 2254 چالاکییە سەربازییەکانیان لە دژی ڕژێم ڕاگرتووە. بۆیە لەسەر بەشار ئەسەد و سەرکردایەتییەکی پێویستە لەو ڕاستییە بگەن ئەگەر گەل ئارامی لێ بڕا و تروسکە هیوایەکی لە بەڵێنە نێودەوڵەتییەکان بەدی نەکرد، ئەوکات هیچ هێزێک ناتوانێت لەبەرامبەر ویستی گەل بوەستێت، شەڕێکی خوێناوی وێرانکاری ناوخۆیی سەرتاپای سووریا دەگرێتەوە و کۆتایی بە ڕژێمەکەی دەهێنن.شایانی باسە بەم دواییە چەندین وتار لە ڕۆژنامەکانی ڕووسیا باڵاوکرایەوە داوا لە ڕژێمی سووریا دەکات چاوخشاندنەوە بە لێدوانەکانی بکات پێش ئەوەی کارلەکار دەربچێت بە جدی دەست بە چاکسازی بکات.

www.xebat.net
ژمارە (5915) 2020/1/21 سێ شەممە
خەبات



ئایا بەرلین فریای لیبیا دەکەوێ ؟!!



سابیر حوسێن

لە ئێستادا وڵاتی لیبیا بەسەر چەند گرووپ و میلیشیایەکی سەربازیدا دابەش بووە، هاوکات چەندین وڵات لە دەرەوەی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان دەست لە کاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتە وەردەدەن، فەرەنسا هەر لە سەرەتاوە لە رێگەی ئیمارات و میسرەوە، پشتگیری جەنەرالی خانەنشین خەلیفە حەفتەریان کرد، کە هێزەکانی لە رۆژئاوای وڵاتدایە و یەکێکە لە لایەنە بەهێزەکانی لیبیا، لەلایەن خۆیەوە دوای ئەوەی پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ پرۆژە بڕیاری ناردنی هێزی سەربازی بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی ویفاقی نیشتیمانی لیبیای پەسەند کرد. بە قوڵی هاتۆتە مەیدانەکە و بە فیعلیش چەکدارێکی زۆری هەناردەی ئەو وڵاتە کردووە، بۆ ئەم مەبەستە خەلیفە حەفتەر، داوای لە هاوڵاتیانی لیبیا کرد چەک دژی دەستوەردانی تورکیا لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە هەڵبگرن.

لەلای دیکەوە ئیتاڵیا و فەرەنسا لەبەر بەرژەوەندی ئابووری لە لیبیا کەوتوونەتە ململانێیەکی توندەوە ئەوانە هەموویان و چەندین شتی دیکە دۆخی لیبیایان زۆر ئاڵۆزتر کردووە. بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەش ئێستا لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا کۆنگرەیەک بۆ ئاشتی لە لیبیا بەڕێوەدەچێت.

لیبیا و کەوالیسی مۆسکۆ و بەرلین

بەر لە کۆنگرەی ئاشتی بەرلین، لە مۆسکۆ کۆبوونەوەی هاوشێوە بەڕێوە چوو بەمەبەستی راگرتنی ئاگری شەڕ لە لیبیا، بەڵام شکستخواردنی دانوستانەکانی مۆسکۆ هۆکاری خۆی هەبوو. بەشێکی زۆر لە چاودێرانی سیاسی بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە کە ئەو دانوستانانەی مۆسکۆ دەربارەی کێشەی لیبیا دەستی دایە تەنها لەسەر بنەمای دابەشکدنی بەرژەوەندیەکانی مۆسکۆ و ئەنکەرە بوو، واتە بۆ بەرژەوەندی ناوخۆیی لیبیا لەسەر هیچ بنەمایەک بونیاد نەنرابوو، بۆیە ئەنجامیشی نەبوو. واتە رووسیا و تورکیا قوماریان لەسەر سووریا و لیبیا دەکرد، بەڵام ئێستا کە ئەڵمانیا هاتۆتە ناو کێشەکە خەریکە کێشەکان بە ئاقارێکی دیکە بڕۆن.

حەفتەر ئامادەیە بەشداری کۆنگرەی بەرلین بکات

سەرباری بەردەوامبوونی کوشتار و بۆردومانەکان، کەچی لیوای خانەنشین حەفتەر رازی بوو کە بەشداری کۆنگرەی بەرلین بکات و پابەندی ئاگربەستەکەش بێت. لە بەرامبەریشدا سەرۆکی حکومەتی ویفاقی دان پێندراوی لیبی ڕەخنەی زۆری لە هەڵوێستی ئەوروپا گرت، کە دەستە وەستان مانەوە لە هەمبەر چارەسەرکردنی کێشەی لیبیا و کۆشتنی هاوڵاتیانی سڤیل و بیرە نەوتییەکانی تەرابلوسیان فەرامۆش کرد. هەر لەم بارەوە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانی لە میانی سەردانی بۆ شاری بنغازی دووپاتی کردەوە کە حەفتەر ڕەزامەندی خۆی دەربڕیوە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی بەرلین و پابەندی خۆیشی بۆ ڕاگرتنی جەنگ لە وڵاتەکەی دووپاتکردەوە. لەلایەن خۆشیەوە ئەنگیلا مێرگل ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە ڕەزامەندی لیوا حەفتەر بۆ ڕاگرتنی جەنگ ئامارژەیەکی ڕوونە بۆ سەرکەوتنی دانوستانەکانی بەرلین. ئەوەشی دووپات کردەوە کەوا گرنگترین خاڵ لەم کۆنگرەیە بریتی دەبێت لە ڕاگرتنی هاوردەکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ لایەنە شەڕکەرەکان.

ئەردۆگان و نیشتیمانی شین...

تورکیا وەک زۆربەی وڵاتانی جیهان وەسفی دەکەن چاوی بڕیوەتە جێکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە لیبیا، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئەو چەکدارانەی ڕەوانەی لیبیا کردووە کە چەندین ساڵە لە شەڕی سووریا بەکاریان دەهێنێ. بۆ نمونە مستەفا کەمال ئەتاتورک بە هەزاران جار لە ئەردۆگان گرنگتربوو. ئەتاتورک لە دژی خەلافەتی عوسمانی بووە و تەنانەت خەریک بوو ئایینی ئیسلام لە تورکیا ڕەش بکاتەوە، بەڵام ئەردۆگان هەوڵی دا بەشێک لەوانەی ئەتاتورک لە دەستی داون بیانگێڕێتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بە دوای ئیخوان موسلمین کەوت و خۆی بە موڕشید و خەلیفەی ئیخوانەکان دەزانی. هەموو ئەو هەنگاوانەی ئەردۆگان تەماعکاری سیاسی و ئابووری و فراوانخوازی لە پشتەوەیە، بۆیە ئێستا دروشمی نیشتیمانی شینی بەرز کردۆتەوە. بەگشتی لیبیا بۆتە شوێنی تەماعکاری زۆرێک لە وڵاتانی جیهان، ئێستا چاوی هەموو ئەو وڵاتانە خراوەتە سەر شاری بەرلین، چونکە هیچ کام لەو وڵاتانە ئامادە نییە وا بە ئاسانی دەست بەرداری بەرژەوەندییەکانی خۆیان بن لە لیبیادا. بۆ تورکیاش ئەوە گرنگ نییە چی بەسەر هاوڵاتیانی لیبیا دێ، بەڵکو هەموو شتێک دەکرێتە قوربانی بەرژەوەندی بالای تورکیا ئەگەر پێویست بێت. جێ وەبیرهێنانەوەیە کە خەلیفە حەفتەر فەرماندەی سوپای نیشتیمانیی لیبیایە، دژی حکومەتی ویفاقی نیشتیمانییە بە سەرۆکایەتی فایز سەراج ئێستا دژ بەیەکتری لە شەڕ کوشتاردان.

بزووتنەوە و پارتە ڕاستڕەوە تووندڕەوەکانی ئەورووپا

ئا : هەندرین شێرزاد

- **پارتی ئەڵمانیای ئەتەوەیی دیموکراتی :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 1.3%ی دەنگی وەدەست هێناوە و لە پەرلەمانی ئەڵمانیا خاوەنی هیچ کورسی نیە بەڵام لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا کورسیەکی هەیە .

- **پارتی بەرەی ئەتەوەخوازی فەرەنسا :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 13.6%ی بەدەست هێناوە و لە کۆی 577کورسی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا خاوەنی 2 کورسیە ، هەروەها لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا خاوەنی 22 کورسیە .

- **پارتی سەربەخۆخوازی بەریتانیا :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 12.7 % ی دەنگی وەدەست هێناوە و لە کۆی 650 کورسی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا 2 کورسی هەیە ، لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپاش خاوەنی 22 کورسیە .

- **پارتی بەرەبەیانی زێڕینی یۆنانی :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 6.3%ی دەنگی وەدەست هێناوە . لە کۆی 300 کورسی یۆناندا خاوەنی 17کورسیە ، هەروەها لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا 3کورسی هەیە .

- **پارتی لە پێناوی ئازادی هۆڵەندی :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 10.1%ی دەنگی وەدەست هێناوە . لە کۆی 150کورسی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا خاوەنی 12 کورسیە و لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپاش 4کورسی هەیە .

- **پارتی بەرژەوەندی فلاندەری لە بەلژیکا :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 3.67%ی دەنگی وەدست هێناوە و لە کۆی 87کورسی پەرلەمانی وڵاتی خۆیدا خاوەنی 3 کورسیە و لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپاش 1کورسی هەیە .

- **پارتی ئازادی نەمساوی :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 20.5%ی دەنگی وەدەست هێناوە . لە کۆی 183 کورسی پەرلەمانی وڵاتی خۆیدا خاوەنی 17 کورسیە و لە پەرلەمانی ئەورووپاش 3 کورسی هەیە

- **پارتی ڕاستڕەوی تازەی پۆڵەندی :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 1.1%ی دەنگی وەدەست هێناوە . لە کۆی 460 کورسی پەرلەمانی وڵاتی خۆیدا نەیتوانیوە هیچ کورسیەک وەدەست بێنێ . لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپادا خاوەنی 2 کورسیە.

- **پارتی ئاتاکای بولگاری :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 10.1%ی دەنگی وەدەست هێناوە . لە کۆی 150 کورسی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا خاوەنی 12کورسی و لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپاش 4کورسی هەیە .

- **پارتی گەلی دانیمارکی :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 21.1%دەنگی وەدەست هێناوە . لە کۆی 179 کورسی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا 37کورسی هەیە ، لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپاش 4 کورسی هەیە .

- **پارتی دیموکرسیخوازانی سویدی :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 12.9%ی دەنگی وەدەست هێناوە . لە کۆی 349کورس پەرلەمانی وڵاتەکەیدا خاوەنی 49کورسیە و لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپاش 2کورسی هەیە .

- **پارتی فنلەندیە ڕاستەقینەکان :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 17.7%ی دەنگی وەدەست هێناوە . لە کۆی 200 کورسی پەرلەمانی فنلەنداش خاوەنی 38کورسیە ، لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا خاوەنی 2 کورسیە .

- **مەجەر :**
پارتی یوبیک : لە دوایین هەڵبژاردندا 20.3%ی دەنگی وەدەست هێناوە . لە کۆی 199کورسی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا خاوەنی 24کورسیە و لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپادا هیچ کورسی نیە .

- **پارتی فیدس :**
لە دوایین هەڵبژاردندا 51.5%ی دەنگی وەدەست هێناوە . لە کۆی 199کورسی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا خاوەنی 115کورسیە و لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا 11کورسی هەیە .



مانشێت



سکای نیوز:
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 6 پلە لە ناوچەی سولاویسی ئیندۆنیسیا ڕوویدا و تا ئێستا قەبارەی زیانەکانی ئاشکرا نەکراوە.



ئەی ئێف پی:
دوای پێشنیارەکەی سەرۆکی ڕووسیا سەبارەت بە هەموارکردنی دەستووری وڵات، زیاتر لە هەزار کەس بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی هەڵڕژانە سەر شەقامەکانی مۆسکۆ.



ئیلاف:
لە ڕێورەسمێکی گەورەدا تەرمی قوربانیانی فڕۆکە ئۆکرانیە تێکشکاوەکە گەیەنرانەوە کییڤی پایتەخت.



ڕۆیتەرز:
لە بەندیخانەی شارێکی سەر سنووری نێوان پاراگوای و بەرازیل 75 بەندکراوی سەر بە مەترسیدارترین مافیاکان توانیان لە ڕێگەی کۆڵینی تونێلەکەوە ڕابکەن.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
تورکیا ڕەخنەی تووندی ئاراستەی یەکێتی ئەورووپا کرد بەهۆی گەڕانی بەدوای نەوت و غاز لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست.



کەنالی ئار تی:
لە هونولولوی ناوەڕاستی هاوای ئەمەریکی و لە ئەنجامی ڕووداوێکی تەقەکردندا دوو پۆلیس کوژران.

www.xebat.net
ژمارە (5915) 2020/1/21 سێ شەممە



ئەو خۆراکانەی وزەی جەستە دادەبەزێنن

خۆراک تا رادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی بەخشەکان مرۆڤ کارا دەکات و چالاکی زیاد دەکات، بەڵام لە راستیدا ئەوە بیرکردنەوەیە هەڵەیە، چونکە ئەو خواردنەوانە بە شێوەیەک دروستکراون کە کاریگەرییان کورت بێت و جەستە پڕ لە کافایین و شەکر بکات و کەسەکە هەست بە وزە و چالاکی دەکات، بەڵام پاشان ئاستی شەکرەی خوێن لە جاران زیاتر دادەبزێت و کەسەکە هەست بە ماندیبوون و بێ تاقەتی دەکات.

سێیەم. نانی سپی، زۆر جۆر نان بە ئاردی سپی دروستدەکرێت، بەڵام ئامۆژگاری گۆڕینی بە نانی بۆر دەکرێت، چونکە کاربۆهیدراتی دروستکراو لە ئاردی سپی هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی زۆری ئاستی شەکرەی خوێن کە پاشان بە شێوەیەکی خێرا دادەبەزێت. ئەو نانەی لە دانەوێڵەی تەواو دروستدەکرێت کاتی زیاتری پێویستە بۆ هەڵمژینی بۆیە ئەو وزە زۆرەی دەبیەخشێت ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە.

چوارەم. خۆراکی سوورکراوە. ئەو خۆراکانەی سوورکراوەتەوە و تێر چەورین ماوەیەکی زۆریان پێدەبستە بۆ ئەوەی لە جەستەدا هەرس بن، لەم پڕۆسەیەدا پێدەبستە جەستە خوێن لە بەشەکانی دیکەی جەستە بگوازێتەوە بۆ ئەنجامدانی کرداری هەرسکردن بۆیە بۆ ماوەی 6 -8 کاتژمێر بە کەمترین وزە دەمێنێتەوە.

پێنجەم. خواردنەوە کافاییەکان، ئەگەر رۆژانە ئەو خواردنەوانە بخۆرێتەوە کە بڕێکی کەم کافاییەنیان تێدایە ئەو هیچ زیانی بۆ جەستە نابێت و سوودی پێ دەگەیەنێت و وزەی پێ دەبەخشێت، بەڵام ئەگەر پشت بە کافایین بەسترا بۆ دەستکەوتنی وزە بە تایبەتی پێش خەوتن لەو کاتەدا زیانی بۆ جەستە دەبێت بەهۆی خەوزڕاندنەوە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ونکردنی وزە.

شەشەم. خۆراکە کەم کالۆرییەکان، ئەگەر رۆژانە ژمارەی کالۆری بەدەستهاتوو لە خۆراکەکاندا هەژمار بکەین، مێشک ئامادە بە بەرسیەتی دەدات بەوەش نارێکییەک لە کۆئەندامی هەرس و ناوە زانستییەکەی H. dulcis. شوێنی رەسەنی ئەم درەختە ناوچە شێدارەکان و چیاکانی چینە لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە هەر یەک لە ژاپۆن و کۆریا و هیندستان چاندراوە، لە ساڵی 1820 گەیشتە سنوورەکانی رۆژئاوا.

درەختی میۆژی ژاپۆنی گەلا وەریوە بەرزییەکەی دەگاتە زیاتر لە 21 مەتر و هەندێک جۆریشی لە 9مەتر ڕەت نادات. یەک قەدی هەیە ترۆپکەکەی خڕە، گەشەی ئەو درەختە زۆر لەسەر خۆیە نزیکەی 60-30سم لە ساڵێکدایە، کاتێک درەختەکە تەمەنی بچووکە گەشکردنەکەی باشترە، بەڵام کاتێک کە تەمەنی درەختەکە گەورە دەبێت ئەوە گەشەکردنی کەم دەبێت. گەڵاکانی لە شێوەی دڵدایە ڕەنگی سەوزێکی بریقەدارە و درێژییەکەی دەگاتە 15 سانتیمەتر.

درەختی میۆژی ژاپۆنی بناسە

درەختی میۆژی ژاپۆنی Japanese raisin tree یان درەختی میۆژی رۆژهەڵات Ho-venia dulcis بەرگەی سەرما دەگرێت و لە کیشوەری ئاسیا تاکو رۆژهەڵاتی چین و کۆریا تاکو هەمەڵایا (لەسەر بەرزایی زیاتر لە 200 مەتر) هەیە. ئارەزووی ئەو ناوچانە دەکات کە تیشکی خۆریان هەیە و شێدارن ئینجا خاکەکەی لم بێت یان تێکەڵ. ئەو درەختە بە سووە تەندروستییەکەی ناسراوە کاتێک لەسەر شێوەی (چا) دەخورێتەوە، لە هەندێک وڵاتیش بۆ بەخشینی شێوەیەکی جوان و دڵرفێن بەکار دێت، لە هەمانکاتدا بەرەکەشی بۆ خواردن شیاوە. ئەو درەختە بە شێوەیەکی فراوان لە دارستانەکانی نیمچە کەمەرییەکانی بەڕازیل بڵاوبۆتەوە. درەختی میۆژی ژاپۆنی سەر بە پۆلی Rosales و خێزانی Rhamnaceae و ڕەگەزی Hovenia و جۆری H.dulcis

پێویستە هەڵپاچینی داری مزرەمەنی بۆ کۆتایی وەرزی زستان دوا بخرێت

هەڵپاچین واتا بڕینی دار سوودی زۆری هەیە بۆ ئەوەی دارەکە شێوەی پێویست وەربگرێت و بەرهەمێکی باشی هەبێت و تەمەنی درێژ بێت. شارەزایانی بواری ڕەزگەری هەڵپاچینی داری مزرەمەنی وەک پرتەقاڵ و نارنج و لیمۆ و لالەنگی دواخستنیان پێ پسندترە بۆ ئەوەی دارەکە بەهۆی ئەو لق و پۆپە نوێیانەوە بتوانێت خۆی گەرم بکاتەوە و پاریزراو بێت لە سەرمای زۆری زستان بە تایبەتی شەختە و بەستەڵەک، ئامارە بەوە دەکەن کە باشتر وایە چاوەڕێی زیانەکانی بەستەڵەک لەسەر داری مزرەمەنییەکان بکرێت پاشان دەست بە کرداری هەڵپاچین بکرێت. بۆ مەبەستی پاراستنی داری مزرەمەنی لە بەستەڵەک بە باش دەزاندرێت دارەکان بە گۆگردی (کبریتی) کشتوکاڵی بڕشێندرێت لەو ڕۆژانەی کە شەختە و بەستەڵەک هەیە، لە هەمانکاتدا شەوەکەی ئاودانێک بکرێت ئەگەر بۆ یەک خولەکیش بێت یان تایەی کەون بسوتێنرێت یان ئاگر بە شێوەک لە شێوەکان بکرێتەوە، زۆر گرنگە بایەخ بە دروستکردنی باگێڕەوە بدرێت.

هەڵپاچینی داری مزرەمەنی هاوسەنگییەک لە نێوان گەشەی سەوزە و بەرهەم دروستەکات بۆ ڕێکخستنی کرداری بەرهەمهێنان و باشکردنی جۆری بەرهەم. بەشێوەیەکی گشتی داری مزرەمەنی سالانە پێویستی بە بڕینی زۆر و دژوار نییە، تەنها لابردنی لقە تێکەڵبووەکان و لەیەک شوێن کۆبووەکان و توشبووەکان بە نەخۆشیی و لقوپۆپە تازەکان بۆ ئەوەی ڕێگا بەهاتنە ناوەوەی تیشکی خۆر و هەوا بدرێت.

جۆرە جیاوازەکانی داری مزرەمەنی جیاوازن لە ڕووی پێویستیان بە هەڵپاچین بۆ نموونە لیمۆ زیاتر پێویست بە هەڵپاچینە لە لالەنگی و هەڵپاچینی پرتەقاڵ پەیوەستە بە تەمەنی دارەکە و بڕینی کەمی بۆ دەکرێت.





سوودێکی دیکەی هەنگ



لێکۆڵینەوەیەکی نوێ ئاشکرایدەکات جۆرە هەویری ددانێک کە لە ماددەیەک دروستکراو کە هەنگ بەکاری دەهێنێت بۆ ڕێگاگرتن لە هاتنی ئاو بۆ ناو خلێف ئەگەری هەیە هاوکار بێت بۆ بەرنگاربوونەوەی پەستانی بەرزی خوێن و نەخۆشییەکانی پوک (پدوو).

ئەو ماددەیە بە پرۆپۆڵس یان کەتیرەی هەنگ ناسراوە، ماددەیەکی شەمێیە هەنگ بەرهەمی دەهێنێت بۆ گرتنی ئەو کون و کەلەبەرانەی لە سندوق یان خلێفی هەنگدا هەیە بۆ پاراستنی پوورەکەی لە باران و هێرشی دوژمنە سروشتییەکان.

پرۆپۆڵس لە زووەوە لە بواری پزیشکی بەکار دێت بەهۆی تایبەتمەندی پاگژکردنەوەی سروشتی کە هەیەتی. ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لە زانکۆی (بلیمۆس) ئەنجامدرا ئاماژە بەوە دەکات کەتیرەی هەنگ دەکرێت بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن بەکار بێت.

ئەو ماددەیە کارەکات بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن لە ڕێگای هاندانی ئەو بەکتریایەی لە دەمدا هەیە بە شێوەیەکی سروشتی کە (نەتراتەکان) دەگۆڕێت بۆ (نەتریت) کە ئاوێتەیەکە بۆڕییەکانی خوێن بەرین دەکات و لە ئەنجامدا پەستانی خوێن دادەبزێنێت.

دکتۆر (رائۆل بیسکۆس) کە هەویری دەمی دروستکراوی لە پرۆپۆڵس لەسەر 50 خۆبەخش لە زانکۆی بلیمۆس بەکار هێنا دەڵێت: دەزانین زیادکردنی ژمارە و چالاکی بەکتریای ناو دەم زۆر گرنگە بۆ پاراستنی پەستانی خوێن لە ئاستە سروشتییەکاندا.

تیمی لێکۆڵینەوەکە تاقیکردنەوەیان لەسەر کاریگەری ئەو هویرەی کە لە کەتیرەی هەنگ دروستکراوە لەسەر چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پووک ئەنجامدا دوای ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر دەرکەوتووە کە کاریگەری لەم بوارەدا هەیە. دەکرێت لە ئایندەدا ئەو چارەسەرە نوێیە شوینی دەرمانەکانی دابەزاندنی پەستانی خوێن بگرێتەوە. ئەو کەتیرەیە (پرۆپۆڵس) بریتییە لە لیکی هەنگ تێکەڵ بە گەرد یان دەنکە هەڵاڵە کراوە.

پێشەنگی گۆڵکارانی گرتووە

مێسی یەکەمین بردنەوەی کردە دیاری راهێنەرە تازەکەی بەرشلۆنە

لیۆ مێسی ئەرژەنتینی رابەرایەتی یانەی بەرشلۆنەی کرد لە گێرانەوەی پێشەنگی خولی ئیسپانی و لەیەکەم ئەرکی راهێنەرەکەیدا، دیارییەکی بەنرخی پێشکەشی کیکی سیتین کرد، کاتێک بەتاکە گۆڵی میسی توانیان لە یانە گەرناتە ببەنەوە. بەرشلۆنە لە یەکەم یارییدا لەژێر راهێنەرایەتی راهێنەری تازەکەیدا توانی پێشەنگ بگرێتەوە و و کۆی خاڵەکانی بگەیەنیتە 43 خاڵ و بەجیاوازی دوو گۆڵ لەپێش نزیکترین رکابەرەکەیەتی کە یانەی ریال مەدرید، لەبەرامبەردا یانەی گەرناتە ئەمە چوارەم دۆڕانیتی لەسەر یەک لەم چوار یاریی دواییدا، بە 27خاڵ لە پلەی دەیەمەوە دێت. مێسی وەک هەمیشە ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و لە خولەکی 76 تاکە گۆڵی یانەکەی کرد، و لەملاشەوە ژمارەی گۆڵەکانی لەم وەرزەی بەرزکردەوە بۆ 14 گۆڵ و پێشەنگی گۆڵکارانی گرتووە.



مژدە جەوهەر: خێزانەکەم بە پلەی یەکەم پشتگیریم دەکەن




خەبات: سولێن سلێمان

کچە یاریزانی بە توانای یاری بالە مژدە جەوهەر لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات باسی ئەزموونی خۆی دەکات و دەڵێت: لە ئێستادا قوتابیم لە کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکانی هەولێر، هەروەها یاریزانی یانەی ئافرەتانی هەولێرم، هەروەها گوتی: لە ساڵی 2017 دەستی بە یاری بالە کردووە، سەرەتا لە سەنتەری گەنجانی بنەسلاوە و دواتریش بانگهێشت کراوە بۆ یانەی ئافرەتانی هەولێر، و بۆ ماوەی 3 ساڵ لە وێ بەردەوامم تا ئێستا، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا پێویستە چی بکرێت بۆئەوەی یانەکەتان سەرکەوتنی زیاتر تۆمار بکات؟ دەڵێت: پێم باشە زیاتر گرنگی بە بدرێت بە یاریزانان لە رووی دابینکردنی پێداویستی یاریزان و راهێنان پێکردنیان و خولی پاڵەوانێتیان بۆ بکرێتەوە تا سارد نەبنەوە و بەردەوام بن، لە بارەی پشتگیری خۆیەوە دەڵێت: پشتگیریکردنی من بە پلەی یەک لەلایەن خێزانەکەمەوەیە و لە هەمان کاتدا ئەو حەزو خولیایەی کە بۆ وەرزش هەمە وایکردووە کە بەردەوام بم.

سەبارەت بە هۆڵی مەشق کردنەکانیان دەڵێت: هۆڵی مەشق کردنمان هەیە بەڵام بێبەشە لە کۆمەڵێک پێداویستی، هیوادارم ئاوڕێک لە تۆپی بالە بدرێتەوە و خوڵی پاڵەوانێتیمان بۆ بکرێتەوە.





سەڵاح: نابێت بیر لەوە بکەینەوە کەپریمەرلیگمان مسۆگەر کردووە



ئەستێرەی میسری محەمەد سەڵاح، هێرشبەری یانەی لیڤەرپوول، دوای بردنەوەی یانەکەی لە یانەی مانچستەر یونایتد، بە ئەنجامی دوو گۆڵی خاوێن، لە گەڕی 23 خولی نایابی ئینگلتەرا، چەند لێدوانێکی خۆشی دا. سەڵاح، لە میانی لێدوانی بۆ تۆڕی (سکای سپۆرتس) وتی: ئەو پاسەی لەگۆڵپاریز، ئەلیسۆن بیکەر، پێمگەیشت و گۆڵی دووەمی تیپەکەم پێ تۆمار کرد، بۆ من پێشبینی نەکراو بوو. وتیشی: پاسێکی نایابم لە ئەلیسۆن وەرگرت، ئەمرۆ بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، بۆیە من زۆر دڵخۆشم. بە گاڵتەشەوە وتی: وەکو دەبینن، من لە پێکان گەڕامەوە، بۆیە بردمانەوە. ئەمەو سەڵاح بەهۆی پێکانەوە، لە یاری نێوان هەردوو یانە لە قۆناغی یەکەمدا بەشداریی نەکرد، کە بە یەکسانبوون بە گۆڵێک بۆ هەردوولا کۆتایی هات. هەروەها وتی: باشترین شێواز بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی ئینگلتەرا ئەوەیە، یاری بە یاری هەنگاو بنێین. پێویستە بیر لەوە نەکەینەوە، نازناوی پریمەرلیگمان مسۆگەر کردووە. ئەوەشی وت: لە وەرزی رابردووا زۆر کۆششمان کرد لە هەمان ئەو ماوەیەدا، بۆیە تەنیا ئەوەمان لەسەرە ئارام بین. شیاوی باسکردنە، لیڤەرپوول بە کۆکردنەوەی 64 خاڵ و بە جیاوازی 16خاڵ، لە پێش مانچستەر ستی، خاوەنی پلەی دووەم دێت، هەروەها هێشتا یارییەکی دواخراویشی ماوە.

ڕەمزی میرەکانی

گواردیۆلا: لەسەر ئەو شێوازەی خۆمان بەردەوام دەبین

پیپ گواردیۆلای راهێنەری مانشستەر سیتی دوای بەرامبەربوونیان لەگەڵ یانەی یانەی کریستال بالاس رایگەیاند کە زۆر یاریمان لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی لەم وەرزەدا بتوانین کورسییەکی خولی یانە پاڵوانەکانی ئەوروپا مسۆگەربکەین.

گواردیۆلا دەڵێت: ئێمە لەسەر ئەو شێوازەی خۆمان بەردەوام دەبین و هەموو بیرکردنەوەمان لەم کاتەدا مسۆگەرکردنی کورسییەکی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپایە و هێشتا دەرفەتی زۆرمان لەپێشە بۆ ئەوەی بەم ئامنجە بگەین.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue.21. Jan. 2020 No: (5915)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



خەرمانەی هونەر خەونی دێرینی هونەرمەندانی کوردە

زاگرۆس نانەکەلی: هونەرمەند و نووسەرخالید عومەر بڕیارە لەهەفتەی داهاتوو پەرتووکی خەرمانەی هونەر بەخۆینەرانی ئاشنا بکات، کە باس لەکار و ژیاننامەی هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات.خالید سەبارەت بە پەرتووکەکەی وتی: لە ناوەراستی هەشتاکان ژیاننامە و وێنەی هونەرمەندانی کوردم کۆدەکردەوە بە (سمغ و سیکۆتین) لە دەفتەرم دەدا!!، ئەم کارەم نزیکەی 35ساڵی خایاند، تا هاوڕێکانم وتیان دەبێت کاری نووسینەوە و پاک نووسی بکەین، منیش ئەم کارەم بۆ کرد و خەرمانەی هونەرم بە چاپ گەیاند، زیاتر لە (400) لاپەڕەیە و باس لەکار و سیفی هونەرمەندانی کوردستانی گەورە دەکات،خالید خۆی پێ وابووە زەحمەتە ئەم پرۆژەی ببێتە پەرتووکێک، چونکە هونەرمەندان ئێجگار زۆربوونە،بەڵام ئەمڕۆ بوو بە واقیع پەرتووکێکی باشی لێ بەرهەم هات.

هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی ئێکبوو ژ ستێرێن دیار و نەمرێن ناڤ سترانا رەسەنا کوردی



سەلاح جەمیل سندی - زاخۆ

هونەرمەندێ گەنج (ئەیاز زاخۆیی) ئێک ژوان هونەرمەندێن دەنگ خۆش و زەلاێن باژێرێ زاخۆ بوو ناڤێ وی ێ تەمام (ئەیاز یوسف ئەحمەد)ە، ل بەروارا (20/2/ /1960)ێ، ل تاخێ جۆهیان ل باژێرێ زاخۆ دئێتە سەر دونیایێ. پشتی تەمامکرنا خواندنا خۆ یا ناڤەندی دچیتە ئامادەیا کشتۆکالی و ل سالا (1980ـ 1981) ب سەرکەفتیانە خواندنا خۆ ب دوماهیک دئینت و پاشێ دچیتە پەیمانگەها دەباباتا ل تکریتێ و لوێرێ ژی ب پلا ئێکێ دەردچیت. ئەیاز هەر ژ زارۆکینیا خۆ عەشق و خولیایێ هونەرێ سترانا گۆتنێ بوویە و پتریا دەمێ خۆ ل دیوەخانان ب سەر بریە، ئەوێن کو حەیران و ستران بێژ تێدا رووینشتنە و ستران گۆتینە.


ئەیاز خودان گەنجینەیەکا مەزن و دەولەمەندا فۆلکلۆری و ڕەسەنا کوردی بوویە، و چەندین سروود و ستران و چیرۆک و پەندێن پێشینان و داستان ژبەر بوون و پتر دبزاڤا دەولەمەندکرنا گەنجینەیا خوە دا بوویە، ژبەرکو گەلەک لدیڤ کەلەپووری دگەڕیا تاکو پتر ڕەسەنەتیان وێ دەرب ئێخیت و هونەرێ خوە پێ زەنگین و دەولەمەند بکەت ژبەرکو بەردەوام خولیایێ سترانا ڕەسەنا کوردی بوویە و بۆ ئێکەمجار ب هەڤکاری چەند هەڤالان ل سالا (1982)ێ سەرەدانا ئێزگێ کوردی ل بەغدا دکەت و ل وێرێ پشتی شەهرەزا بێتن مۆسیقی گۆڤ ل دەنگێ وی دگرن و هەر زووی پاشەرۆژەکا هونەری یا گەش بۆ وی دخازن.

ناڤبری ل بەروارا (1/2/1983)ێ ئێکەم سترانا خۆ بناڤێ (من دیت جارا عەولی) ژ پەیڤ و ئاوازێن هۆزانڤان (بشار زاخویی) تۆمارکریە و ئێکەم بەرهەم و کاسێتا وی ل سالا (1982)ێ دەرکەفتیە و گەلەک کاسێت و بەرهەمێن دیڕی بەلاڤەکرینە.

ئەیازی هۆزانێن چەندین هۆزانڤانێن دیار ژبۆ سازکرنا سروود و ستراندێن خۆ وەرگرتینە ژوان ژی : عەبدولعەزیز سلێمان، عەبدولعزیز خەیات، بشار زاخویی، سەگڤان عەبدول حەکیم، بەدرخان سندی، صەبری بوتانی،...هتد. دیسان ژی چەندین ستران ب دوو قۆلی دگەل هونەرمەند (ئەردەوان زاخویی) گۆتینە. هونەرمەند ئەیاز زاخویی د ئاهەنگ و فیستەڤال و جەژن و هەلکەفتاندا ب گۆتنا سروود و ستراندا ب شێوەیەکێ جوان و سەرکەفتیانە ئاهەنگێن خۆ ب ڕێڤەدبرن. ژبەرکو هونەرمەندی شیانەکا باش و دەنگەکێ خۆش و سەلیقەیەکا تایبەت ب ستران گۆتنێ هەبوویە. ئەیازی چەندین سروود و ستراندا نیشتمانی و شۆرەشگێڕی ژی گۆتینە و ب ناڤ و بانگترین ژی ئەڤە بوونە وەک (وەلاتێ من باخچێ گوڵا، کەڤۆک، شەهید، چ تەڤنە تە رستی، نەورۆز، لاندک، چپکم ئەز، ....) کو رووح و گیانەکێ کوردانە د دل و هزرا گەنج و لاوێن خوینگەرمێن کوردستانێ دا پەیدادکر و کاریگەرییەکا مەزن لسەر وان دکر ژبۆ لڤاندن و بلندکرنا هەستا نەتەوایەتی و نیشتمانی لدەڤ گەنج و لاوێن شۆرەشگێڕێن کورد لسەر دەمێ شۆرەشا گولانا پێشکەفتنخواز.

ئەیاز ل ڕۆژا شەمبێ ل بەروارا (18/1/1986)ێ دچیتە نەخۆشخانا سەربازی ل باژێرێ میسل ب مەرەما کێشانا خوینێ ژ لەشێ خۆ داکو ب شێت بۆ خۆ مۆلەتەکێ بۆ چەند ڕۆژەکان ژبۆ خزمەتکرنا هونەرێ ڕەسەنێ کوردی وەربگریت، چونکی وی دەمی هەچیێ بەتلەکێ خوین دابا ، دا مۆلەتێ بۆ چەندەکێ دەنێ، ئەو ژی ب وێ مەرەمێ دچیتە نەخۆشخانێ بەلی نزانیت رژێما بەعس پلانەکا ژهەرکری بۆ وی دانایە ژبەرکو پشتی بەتلەکێ خوینێ ژ لەشێ وی دکێشن بارودۆخێ وی تێکدچیت و پشتی (48) دەمژمێران ل ڕۆژا دووشەمبێ ل بەروارا (20/1/1986)ێ هەر ل نەخۆشخانا سەربازی ل باژێرێ میسل ب ئەگەرەکا نەدیار و مژاوی دچیتە بەر دلۆڤانیا خودێ و بۆ هەروهەر مالئاڤایێ ل هونەر و دیەنێن جوانێن باژێرێ زاخۆ و کوردستانێ دکەت و ل بەروارا (21/1/ /1986)ێ ل گۆرستانا باژێرێ زاخۆ دئێتە ڤەشارتن.

لە سلێمانی.. پێشانگای (سەمای مەرگ لەگەڵ مینەکان) نمایشکرا



بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە پارێزگای سلێمانی، پێشانگایەکی دۆکیومێنتاری بۆ مین لابەر، جەلیل فاتیح ئەحمەد کردەوە.پێشناگاکە لە گەلەری مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سوورەکە لەژێرناوی''سەمای مەرگ لەگەڵ مینەکان ''کرایەوە کە تیایدا چەندین نموونەی مین و تەقەمەنی هاوشێوەکانی نمایش دەکرێت.لە لێدوانێکدا گوتی: جەلیل فاتیح ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا کە لە پێشانگاکەدا چەندین کار نمایش دەکات، تێیدا باس لە ئازاری مین دەکات.جەلیل فاتیح کە تەمەنی **40**ساڵە و زیاتر لە **20**ساڵە بواری هەڵگرتنەوەی مینی داوە لە کار دەکات، باس لەوە دەکات کە لەئێستادا هەڵگرتنەوەی مین لە هەرێمی کوردستان زۆر بەرەوپێشچووە، بەجۆرێک کە ئەوانەی ئەزموونیان هەیە لە بواردەکەدا دەچنە وڵاتانی دیکە و وەک ڕاهێنەر بەشداری لە خولەکان دەکەن.جەلیل فاتیح کە نیوەی تەمەنی خۆی داوە بە بواری هەڵگرتنەوەی مین باس لەوە دەکات کە ژمارەیەکی زۆری مین لە هەرێمی کوردستاندا ماون بۆیە دەبێت بەردەوام بن لە چالاکی بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە لەو مینانە.

شاباز زەمانی

نوێترین بەرهەمی بلاوەدکاتەوە

هەمزە سەرحان: هونەرمەندی گۆرانیبێژ شاباز زەمانی بەمزووانە نوێترین گۆرانی خۆی بە بادینی بلاوەدکاتەوە.شاباز زەمانی لەلاپەڕەی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و ئینستاگرام بەشێک لە نوێترین گۆرانی خۆی بلاوکردەوە، کە لە تێکستی بێتوار عیزەتە، لە ئاوازی شاباز زەمانی خۆیەتی.ئەم گۆرانیەی شاباز زەمانی یەکێکە لە تراکەکانی ناو ئەلبومی چەتر، بەمزووانە تەواوی گۆرانیەکە بلاوەدکاتەوە.شاباز زەمانی سالی 1990لە شاری سلێمانی لەدایکبوە، لە سالی 2017 ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، خاوەنی چەند بەرهەمێکی هونەرییە.



گواستنەوەی فیلمی سەر کاسێت بۆ سەر کۆمپیوتەر



فیلمی کاسێتیش چووە ناو ئەرشیفی میژووی ئامێرەکانەوە، ڤیدیۆش هاتە ناو ریزی قەوانی گرامافۆنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم زۆربەمان فیلمی کاسێتمان ماوە. هەندێک لە فیلمەکان گرنگترین یادگارییەکانی ژیانیان تۆمار کردووە. ئەگەر هەتا ئێستا فیلمەکانت نەگۆڕین بۆ DVDیان نەتەهێناوەتە سەر کۆمپیوتەر و بە دیجیتاڵیت نەکردوون، ئێستا هەنگاو بنێ..

بۆ ئەوەی کاسێتەکان بگۆڕی بۆ دیجیتاڵی دەبێ لەسەرەتادا چاوێکیان پێدابخشێنیەوە، بزانە لە کوێ پچڕانی و تێکچوونی هەیە، ئەوانە بە تێپ چاک بکەوە، پاشان ئەگەر هەست بەوە دەکەی کەرووی هێناوە، دەستی پێدابێنە و کەرووەکەی لێبکەوە.. پاشان ئەم هەنگاوانە بگرە بەر.

پێویستە پێش هەموو شتێک ئامێرێکی ڤیدیۆ کاسێتت هەبێ بۆ ئەوەی کاسێتەکەی پێ لێبدەی، پاشان کێبڵێکی تایبەت بە گۆڕینی کاسێتەکان لە ڤیدیۆکاسێتەکە و کۆمپیوتەرەکە دابنێی. دواتر پرۆگرامێکی تایبەت بە گۆڕینی فیلمی کاسێت بۆ دیجیتاڵی لەسەر کۆمپیوتەر دابەزێنی و بەهۆیەوە فیلمەکانی سەر کاسێتەکە دەگوازرێنەوە بۆ سەر کۆمپیوتەر.

کچێکی کورد بە شاجوانی ئێران هەڵبژێردرا



هەمزە سەرحان

بۆ جاری دووەم لەسەر یەک کچێکی کورد وەک شاجوانی ئێران هەڵبژێردرا و نازناوەکەی وەرگرت.لە لایەن پەیجی فەرمی شاجوانی ئێران، خانمە مۆدێلی کورد کایا خەزەرپور وەک شاجوانی ئێران بۆ ساڵی ٢٠١٩ ڕاگەیەندرا، ئەمەش پاش ئەوەی پێشتر و لە ساڵێ ٢٠١٦ ئەو نازناوە بە سۆنیا بینوشی درابوو.هاوکات تیام ئەسەدپور وەک هاوڵێی یەکەمی شاجوان دەستنیشان کراوە.ساریانا ئەستانیجاد وەک شاجوانی کچانی نەوجەوانی ئێران دەستنیشان کراوە.